# بڕیاری سیاسی

## ناوەڕۆکی- دروستکردنی- دەرکردنی- ئاستەنگەکانی

د. بهاءالدين مكاوي

وەرگێڕانی : بڵند دلێر شاوەیس

چاپی یەکەم : سلێمانی 2022

# بڕیاری سیاسی

## ناوەڕۆکی- دروستکردنی- دەرکردنی- ئاستەنگەکانی

**ئامادەکردنی : د. بهاءالدين مكاوي**

**مامۆستای زانستە سیاسیەکان**

**زانکۆی زانستە پراکتیکیەکان**

**زنجیرە نامیلکەیەکی پەرلەمانی** – 2017

**پەیمانگای بەحرەین بۆ گەشەپێدانی سیاسی**

**وەرگێڕانی : بڵند دلێر شاوەیس**

**چاپی یەکەم : سلێمانی** 2022

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ووتەی وەرگێڕ | 6 |
| ووتەی پەیمانگا | 8 |
| پێشەکی | 10 |
| بەشی یەکەم : چەمکی بڕیاری سیاسی | 15 |
| بەشی دووەم : پایەکانی بڕیاری سیاسی | 26 |
| بەشی سێیەم : جۆرەکانی بڕیاری سیاسی | 31 |
| بەشی چوارەم : قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیار | 37 |
| بەشی پێنجەم : ئاستەنگەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی | 44 |
| بەشی شەشەم : دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی | 47 |

بەشی حەوتەم : یەکەکانی دەرکردنی بڕیاری سیاسی 60

بەشی هەشتەم : هۆکارە کاریگەرەکان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی 62

بەشی نۆیەم : ڕێگاکانی دەرکردنی بڕیار 68

بەشی دەیەم: دروستکردن و دەرکردنی بڕیار (بڕیارسازی و بڕیاردان) 87

لە بواری سیاسەتی دەرەوە

لیستی سەرچاوەکان 116

# لیستی فۆڕمەکان


| ناوی فۆڕم | لاپەڕە |
| --- | --- |
| فۆڕمی ژمارە (1) : قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیار | 43 |
| فۆڕمی ژمارە (2) : نموونەی درەختی بڕیارەکان | 76 |
| فۆڕمی ژمارە (3) : نموونەیەکی گشتی هێڵکاری ئێسکە ماسی | 80 |
| فۆڕمی ژمارە (4) : هێڵکاری ئێسکە ماسی بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارە سەرەکیەکانی پاشگەزبوونەوە لە بەشداریکردنی سیاسی لە کۆمەڵگادا | 83 |
| فۆڕمی ژمارە (5) : هێڵکاری ئێسکە ماسی بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارە سەرەکی و لاوەکیەکانی پاشگەزبوونەوە لە بەشداریکردنی سیاسی لە کۆمەڵگادا | 85 |

## ووتەی وەرگێڕ :

گومانی تێدا نیە بڕیاری سیاسی نموونەیی بریتیە لە دەستنیشانکردنی بژاردەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك یان دۆخێك یان ڕووداوێکی سیاسی یان لەبەرامبەر هەڵویستێکی سیاسی بە کەمترین تێچوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك یا چەند ئامانجێکی دیاریکراو ، بە قۆناغبەندی و لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی گرێدراوی ئالۆزی ڕێکخراو ، بە بەشداری کۆمەڵێك دامەزراوەی فەرمی و نافەرمی و ئەنجامدانی بە پێی ڕێبازێکی زانستی .

پێویستە (بڕیارساز) دروستکەری بڕیار ( تاك یان دامەزراوە) توانای دەستکەوتنی زانیاریە ڕاستەقینەکانی هەبێت لە سەرچاوە باوەڕپێکراو و سەرەکیەکانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات ، توانای شیکردنەوە و خوێندنەوەی تەواوی بۆ ورد ودرشتی بابەتەکە هەبێت بەمەبەستی دۆزینەوەی بژاردە گونجاوەکان و دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و پێشنیارکردنی چارەسەری پێویست بۆ لێکەوتە نەرێنیەکانی .

بڕیاردەر پێویستە گونجاوترین بژاردە لە ناو بژاردە بەردەستەکان هەڵبژێرێت کە ئامانجەکە یان ئامانجەکان بەدی بهێنێت بۆ بەرژەوەندی گشتی و بەکەمترین زیان ومەترسی و دواتر پێویستە بڕیارەکە جێبەجێبکرێت و پاشان چاودێری ئەنجامەکەی بکرێت و کاریگەریەکەی دەستنیشان بکرێت و لێکەوتە نەرێنیەکانی ئەگەر هەبوو چارەسەر بکرێت .

هەروها پێویستە تێگەیشتن و لێکدانەوەی قوڵی هەبێت بۆ گۆڕانکاریە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و پێشبینی و تێفکرینی وردی هەبێت بۆ لێکەوتەکانی لەداهاتوودا .

کتێبی بڕیاری سیاسی (ناوەڕۆکی - دروستکردنی - دەرکردنی - ئاستەنگەکانی ) لە ئامادە کردنی دکتۆر (بهاءالدین مكاوي ) بەوردی باس لە بڕیاری سیاسی دەکات ناوەڕۆکی ، چەمکی بڕیار ، پایەکانی ، جۆرەکانی ، قۆناغەکانی دروستکردنی ، دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیار ، و ڕیگاکانی ، و ئاستەنگەکانی بەردەم دروستکردنی بڕیار .....هتد .

ئەوەی جێی سەرنجە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە و وەرگێڕانی بۆ سەر دۆخی سیاسی کوردستان و هەڵسەنگاندنی بڕیارساز و بڕیاردەری کورد ، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بڕیاری سیاسی کورد بەدرێژایی مێژوو بڕیارێکی نازانستی و پەرچەکردارانەبووە ، کاردانەوەی ناخی خودی بڕیاردەر و خوێندنەوەی بۆ دۆخەکە وەك ئەوەی کە خۆی دەیەوێت نەك وەك ئەوەی کە ڕاستی دۆخەکە چۆنە وچی دەخوازێت ، لە ڕوانگەی بڕوای کەسیەتی وبەرژەوەندی تایبەتیەوە نەك بۆ بە دیهێنانی بەرژەوەندی نەتەوەیی ونیشتمانی ، بە پشت بەستن بە ڕا و بۆچوونی بازنەی هەلپەرست و بەرژەوەند خوازی دەوری بڕیاردەر و فەرامۆشکردنی ڕای کەسانی بوێر و خاوەن ئەزموون و کەنارخستنیان ، جگە لە نەبوونی دامەزراوەی نیشتمانی و پرۆفیشنال بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی (بڕیارساز) و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارەکە و لێکەوتەکانی بە شێوەیەکی زانستی و بابەتیانە ، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی شکستی پرۆژەی سیاسی کورد.

بۆیە بە پێویستم زانی ئەم کتێبە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی .

**بڵند دلێر شاوەیس**

**سلێمانی – 2022**

## ووتەی پەیمانگا :

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی (بڕیارسازی) یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی سیستمە سیاسیەکان سەرەڕای جیاوازی لە فۆڕم و شێوازیان ، لە ئەنجامی کارلێکی پایەکانی سیستمی سیاسی لە پرۆسەیەکی ئالۆز بە بەشداری کۆمەڵە هۆکار وبابەتێکی کاریگەر، بە ئامانجی هەڵبژاردن لە نێوان بژاردە بەردەستەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی بابەتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندی گەلان و وڵاتان .

بەبۆچونی هەندێك شیکردنەوەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ئاستی بە دیموکراسیبوونی سیستمەکانی حوکمڕانی و ڕێژەی پێشکەوتنیان و ڕادەی فراوانبوونی بازنەی بەشداریکردنی سیاسی لە کۆمەڵگادا دەردەخات ، ئەوەش گرنگیەکی گەورە دەبەخشێت بە تویژینەوە و تیشك خستنەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ڕەنگدانەوەی لە سەر ئاماژەکانی دیموکراسی .

لەم چوارچێوەیەدا کتێبی (بڕیاری سیاسی ... ناوەرۆکی - دروستکردنی - دەرکردنی — ئاستەنگەکانی ) ی دکتۆر بهاء الدين مكاوي مامۆستای زانستە سیاسیەکانی زانکۆی زاستە پراکتیکیەکان (جامعة العلوم التطبيقية) ، لە زنجیرە نامیلکەیەکی پەرلەمانی کە بریتیە لە شەشەم چاپکراوەی ئەو زنجیرەیە بۆ سالی 2017م ، لەلایەن پەیمانگای بەحرەین بۆ گەشەپێدانی سیاسی (معهد البحرين للتنمية السياسية) دەردەچێت هاوشان لەگەڵ ئامانجەکانی بۆ پشتیوانی و گەشەپێدانی توێژینەوە زانستیەکان لە بواری سیستمە سیاسیەکان و یاسای دەستوری ، بۆ پێناسەی چەمکی دروستکردن و دەرکردنی بڕیاری سیاسی و ئەو بابەتانەی کاریگەریان لە سەری هەیە ، و برەودان بە هەوڵەکانی پەیمانگا بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری سیاسی و رۆشنبیری دیموکراسی لە کۆمەڵگادا .

ئەم کتێبە چەمکی دروستکردن ودەرکردنی بڕیاری سیاسی بەشێوەیەکی سادە و گشتگیر دەخاتە ڕوو لەسەر ڕێبازێکی (میتۆدێکی) پراکتیکی لەرێگای خستنەرووی میکانیزمی دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکان ، قۆناغەکانی ، و پایەکانی بڕیاری سیاسی و ئەو پێکهاتە و مەرجانەی پێویستە بوونیان هەبێت بۆ گەیشتن بە بڕیاری دروست ، و دیاری کردنی ڕێگریەکانی بەردەم دروستکردنی بڕیاری سیاسی .

هەروەها ئەم کتێبە تیشك دەخاتە سەر دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ئەولایەن و هۆکارانەی کاردەکەنە سەری جا دامەزراوەی فەرمی بێت یان نافەرمی ، و سەرەڕای ئەو بارودۆخە کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابوریانەی بڕیارەکەی تێدا دەدرێت ، و ئاستی بەردەستبوونی زانیاری و ئەو هۆکارانەی دیکە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان کاردەکەنە سەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی .

## پێشەکی :

بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پێگەیەکی دیار و بەرچاو دەگێڕێت لە خانەی تویژینەوە سیاسیەکاندا بەهۆکاری ئەوەی لەلایەکەوە بریتیە لە کرۆکی پرۆسەی سیاسی ، و لە لایەکی دیکەوە بڕیاری سیاسی کاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر تاك و کۆمەڵگاکان . هەربۆیە لە دێرزەمانەوە مرۆڤەکان هەستیان کردووە بە گرنگی بڕیاری سیاسی و ئەو فاکتەرانەی بەشدارن لەداڕشتنیدا ، ئەفلاتۆن لە (سەدەی چواری پێش زاینی) دەستەواژەی بڕیاری بەکارهێناوە کاتێك ڕایگەیاند کە تەنها حکومڕانەکان سەرچاوەی (بڕیار)ن لە ئەسینا ، و رۆڵی خەڵکانی دیکە جێبەجێکردنی (بڕیاری) دەسەڵاتدارانە، هەروەها مێژونوسی گریك ثوکیدیس( Thucydides ) لە(سەدەی سێی پێش زاینی) نوسیویەتی سەبارەت بە شەڕی پیلوپونیز ( Peloponnesian War ) و ئەو فاکتەرانەی گاریگەریان لەسەر سەرکردەی شارەکانی گریکەکان کرد بۆ دەرکردنی (بڕیاری شەڕ یا ئاشتی یا هاوپەیمانێتی کردن) ، و لەوبارەیەوە گفتووگۆی کردووە سەبارەت بە فاکتەرە ژینگەیی و ستراتیژیەکان و هەروەها فاکتەرە خۆییەکانی وەك : بارودوخی سایکۆلۆژی یا بەرژەوەندیە کەسیەکان کە کاریگەریان هەبوو لەسەر سەرکردە سیاسیەکان بۆ دەرکردنی بڕیارێکی دیاریکراو لەو قۆناغەدا .

بەهەمان شێوە مێژووی ئیسلامی هەوڵی هزری فراوان و هەوڵدانی پراکتیکی بەهاداری لەخۆگرتووە بۆ بیرۆکەی دروستکردنی بڕیار(بڕیارسازی) بە شێوەیەکی زانستی لەڕێگای (اهل الحل والعقد) ، کە بە زمانی سەردەم پێیان دەگوترێت کەسانی پرۆفیشناڵ ئەوانەی چاوەڕوانی دابینکردنی بژاردەکانیان لێدەکرێت بۆ کۆمەڵگا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی باشترینیان ، جا لەسەر ئاستی سیاسەتە ناوخۆیەکان بێت یان دەرکیەکان.

ئەگەر هەوڵەکانی ڕابردوو پەیوەست بوون بە میتۆد و ڕێگا سادەکان بۆ دروستکردن و دەرکردنی بڕیار بەهۆکاری سادەبوونی ئەوکێشانەی ڕوبەڕووی کۆمەڵگاکان دەبوونەوە ، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوشەکان و ئاڵۆزبوونی دۆخی سیاسی و کۆمەلأیەتی ، وسەرهەڵدانی ئاستەنگێکی زۆر کە پێشینان زانیاریان لەسەری نەبوو ، وای دەخواست پەرە بە ئاسۆی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پێشهاتانە بدرێت بە پێی پرۆگرام و میکانیزمی نوێ کە ڕەچاوی پێشکەوتنی دۆخەکە و ئاڵۆزبوونی پرسەکانی بکات ، ئەوەبوو ڕێبازی نوێ لەوبارەیەوە سەری هەڵدا ، و بەشێوەیەك تەماشای پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دەکرا وەك پرۆسەیەکی پرۆگرامکراوی ئاڵۆز ئامانج لێی دەرخستن و دەستنیشانکردنی ئەو(ئەلتەرناتیڤ) بژاردانەی لەبەردەستن و هەڵسەنگاندنیان بەمەبەستی زیادکردنی دەستکەوتەکان و خۆپاراستن لە زیانەکان یا کەمکردنەوەی بۆ نزمترین ئاست .

ئەو هزرانەی لە ڕابردوودا لەئارادابوون پێیان وابوو بڕیار ، جا بڕیاری سیاسی یا کارگێڕی بێت، بریتییە لە دەربڕینی ویستی کەسێك ئەویش فەرمانڕەوا یا بەڕێوەبەرە. بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی بارودۆخەکان و ئاڵۆزبوونی ئەو پرس وبابەتانەی پێویست بوو بڕیاریان لەبارەوە بدرێت بووە هۆی سەرهەڵدانی بۆچونێکی نوێ کە پێی وایە پرسە واقیعیەکان تارادەیەکی زۆر ئاڵۆز بوون بەشێوەیەك ئەستەمە بەتەنها کەسێك هەرچەند بەتوانابێت خوێندنەوەیەکی تەواو بۆ هەموو لایەنەکانی بکات و درك بە سەرجەم وردەکاریەکانی بکات ،وبتوانێت بڕیاری دروست لە بارەیەوە بدات ، هەر بۆیە پێویستە بڕیارەکان لەڕێگای کۆمەڵە کەسانێکی شارەزاوە بدرێت ، ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بڕیارەکان ووردتر و قوڵتربن و بوار دەڕەخسێنێت تا بۆچونە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا گوزارشت لە خۆیان بکەن ودواتر سوود وەرگیرێت لەو بۆچونانە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا (بڕیارسازی) هەیە، تا بڕیار زیاتر کامڵ بێت و گوزارشت لە خواستەکانی خەڵك بکات ، هەروەها تاقیکردنەوەکان سەلماندویانە کە تاکەکان زیاتر پابەندن بەو بڕیارانەی کە بەشداربون لە دروستکردنیان بەبەراورد بەو بڕیارانەی لەسەرەوە بۆیان شۆردەبێتەوە بەبێ ئەوەی زانیاریان هەبێت دەربارەی هۆکار و گرنگی و سودەکانی .

**ئامانجی ئەم نامیلکەیە بریتیە لە پێناسەکردنی چەمکی دروستکردن و دەرکردنی بڕیاری سیاسی و ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەسەری هەیە ، ئەم کتێبە دابەشکراوە بۆ پێشەکییەك و دە بەش ، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی چەمکی بڕیار و دروستکردنی بڕیار هاتووە ، نوسەر لەم بەشەدا تیشکی خستۆتە سەر چەمکی بڕیار لەڕووی زمانەوانی و دەستەواژەوە ، ئەوە وێڕای چەمکی بڕیاری سیاسی بە دیاریکراوی ، دواتر چەمکی دروستکردنی بڕیاری سیاسی (بڕیارسازی سیاسی)و بۆچونە جیاوازەکان لەبارەیەوە .**

**لەبەشی دووەمدا باس لە پایەکانی بڕیاری سیاسی دەکات کە بریتیە لەو مەرجانەی پێویستە دەستەبەربکرێن بۆ گەیشتن بە بڕیاری ڕاست و دروست وەك : ڕوداوەکە ، زانیاریەکان ، کات ، ڕێبازی زانستی ، دروستکەری بڕیار (بڕیارساز) .**

**لەبەشی سێیەمدا باس لە جۆرەکانی بڕیاری سیاسی و پێوەرەکانی پۆلێن کردنی بڕیارە سیاسیەکان دەکات ، پۆلێن کردنیان بە گوێرەی ئامانج لە بڕیاری سیاسی یان بواری گرنگیدانی بڕیاری سیاسی یان چوارچێوەی بڕیاری سیاسی ، لە بەشی سێیەمدا بەشێوەیەکی چڕ باس لە سەرجەم ئەو پێوەرانە و جۆرەکانی ناو هەریەك لەو پێوەرانە کراوە.**

**لەبەشی چوارەمدا باسی لە قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی کردووە کە بریتیە لە هەڵوێستە سیاسیەکە یان دۆخە سیاسیەکە یان کێشەکە و درك پێکردنی لە لایەن دروستکەری بڕیار(بڕیارساز)ەوە، و دیاریکردن یان پێناسە کردنی کێشەکە و کۆکردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی دۆخە سیاسیەکە و پۆلێنکردن و شیکردنەوەیان و دانانی ئەلتەرناتیڤەکان و بەراوردکردنیان و دیاریکردنی باشترینیان ، پاشان دەرکردنی بڕیار و جێبەجێکردنی و چاودێریکردنی .**

لەبەشی پێنجەمدا باس لەو ئاستەنگانە دەكات كە ئەگەرهەیە ڕووبەڕووی دروستكەری بڕیاری سیاسی ببێتەوە و سەربكێشێت بۆ بەرچاو لێڵی و دواتر نەتوانێت كۆنترۆڵی ڕەگەزەكانی ئەو دۆخ و ژینگەیە بكات كە بڕیارەكەی تێدا جێبەجێدەكرێت .
لەبەشی شەشەمدا باس لە دامەزراوەكانی دروستكردنی بڕیار و ئەو لایەنانە دەكات كە كاریگەری لەسەری هەیە ، باس لە دامەزراوە فەرمیەكان دەكات كە بڕیاری سیاسی دروست دەكات ، هەروەها دامەزراوە نافەرمیەكان كە بەڕێگای جۆراوجۆر ڕۆڵ دەگێڕن لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیارە سیاسیەكان .

لە بەشی حەوتەمدا تیشكی خستۆتە سەر یەكەكانی دەركردنی بڕیاری سیاسی و شێوازە جیاوازەكانی .

لەبەشی هەشتەمدا باس لەو هۆكارانە دەكات كە كاریگەریان هەیە لە سەر پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری سیاسی لەرووی شێواز وجۆریەوە . ئەو هۆكارانەش جیاوازن پەیوەندیان هەیە بە دامەزراوەی دروستكردنی بڕیاری سیاسیەوە ، یا بە سروشتی كێشەكە كە پێویستە بڕیار لەبارەیەوە بدرێت ، یا بەو چوارچێوە كۆمەلأیەتی و سیاسی وئابوریەی بڕیارەكەی تێدا دەدرێت ، سەرەڕای ئەو هۆكارە سەربازی و ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیانەی كە بەشێوەیەك لەشێوەكان كار دەكەنە سەر پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری سیاسی .

لەبەشی نۆیەمدا باس لە گرنگترین ڕێگاكانی دروستكردن و دەركردنی بڕیارەكان دەكات وەك (ماتریكسی) ڕیزبەندی دەستنیشانكردنی چارەسەر ( solution selection matrix) ، ڕێگای هێلكاری درەختی بڕیارەكان (decision tree) ، هەروەها هێلكاری ئێسكە ماسی (fish bone) .

لەكۆتایدا و لەبەشی دەیەم باس لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیار (بڕیارسازی) دەكات لە بواری سیاسەتی دەرەوە ، بەهۆی جیاوازی ژینگەی دروستكردنی بڕیار لە هەردوو بوارەكەدا و بەهۆی تێكئالأوی و ئالۆزی لە دروستكردنی سیاسەتی دەرەوە .

سەرەڕای فراوانی بابەتەکە و زیادبوونی دەروازەکانی، نووسەر هەوڵی داوە بە ئاسانترین شێوە و تا ئەوپەڕی توانای چەمك وبیرۆکەکان بخاتە ڕوو تا هەموو ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگا سوودی لێوەربگرن کە بەلایانەوە گرنگە میکانیزمی دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکان و لەمپەر وئاستەنگەکانی بەردەم دروستکردن ودەرکردنی بزانن . لەهەمان کاتدا ، نووسەر هەوڵیداوە گرنگی بە هەموو ڕەهەندێکی ئەم بابەتە بدات بەبێ فەرامۆش کردنی هیچ پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی .

لەخودا داخوازم ئەم کارە جێی ڕەزامەندی بێت ، و بەو هیوایەی سوود بەخش بێت و بیخاتە تەرازووی چاکەکان .

**د. بهاءالدين مكاوي**

**مەنامە لە 2017 ز**

## بەشی یەکەم : چەمکی بڕیاری سیاسی (1)

**مانای دەستەواژەی بڕیار : بەشێوەیەکی گشتی بڕیار وەك دەستەواژە بە مانای ((دەستنیشانکردنی باشترین و گونجاوترین ئەلتەرناتیف دێت)) (2) ، یا بە مانای (( جێگیربوونی هەڵوێستی بەئاگای کەسێك مافی یەکلاکەرەوەی لەسەر بابەتێکی دیاری کراو هەبێت پاش تێفکرین و وردبوونەوە لە بژاردە بەردەستەکان)) (3) .**

**سەبارەت بە بڕیاری سیاسی ، لە (موسوعة العلوم السیاسیة) دا هاتووە کە زانکۆی کوەیت دەریکردووە بریتیە لە "هەڵبژاردنی یەکێك لە چارەسەرە ئەلتەرناتیڤە بەردەستەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشەیەکی دیاریکراو لەلایەن کەسانێك خاوەن پێگەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی یان خاوەن هێز وتوانا ، دواتر بڕیار پەیڕەوێکی تایبەتە یان پابەندبوونە بە کردار یان کارکردن بە شێوەیەکی دیاری کراو لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆیشتوو(4).**

---

1- نووسەر لە کتێبەکەیدا سەرەتا تیشکی خستۆتە سەر مانای زمانەوانی ووشەی بڕیار لە زمانی عەرەبی و بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی ( مختار الصحاح)ی حمد بن ابي بكر بن عبدالقادر الرازي و هەروەها بە سوود وەرگرتن لە قورئانی پیرۆز (قالت يا ايها الملأ افتوني في امري ما كنت قاطعة امرا حتى تشهدون ) سورة النمل ، الاية 32 . ئەم پێشەکیەی نووسەر سەبارەت بە مانای ووشەی بڕیار لە زمانی عەرەبیدا خوێنەری کورد هیچ سوودێکی لێوەرناگرێت و بە گرنگمان نەزانی وەری بگێڕینە سەر زمانی کوردی .

2- علي السلمي ، مهنية الادارة ، عالم الفكر ، العدد (2) ، السنة(20) ، يوليو 1989 ، ص 15-16.

3- محمد علي العويني ، اصول العلوم السياسية ،(القاهرة ، عالم الكتب ، 1981) ، ص 19.

4- محمد محمود ربيع واسماعيل صبري مقلد ، موسوعة العلوم السياسية (الكويت ، جامعة الكويت ، 1994) ، ص 486 .

هەروەها بڕیاری سیاسی پێناسە دەکرێت بەوەی پرۆسەی پلاندارشتنی ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیری گشتگیر یان بەشبەشە سەرکردایەتی سیاسی وڵات دەری دەکات و پێویستە ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە لە بڕیاری سیاسیدا هەبێت :

1- بڕیاری سیاسی دەبێت لەلایەن کەسایەتیەکی خاوەن پێگەی سیاسی یا یەکێك لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەربکرێت ، واتا دەرچوونی لە لایەن دەسەڵاتێکی یاسایی ڕێگەپێدراو و پەسەندکراو .

2- هێزی پابەندکردن: پێویستە بڕیاری سیاسی لەناوەڕۆکیدا هێزی ملکەچکردن بە پابەندبوون و جێبەجێکردن لەخۆبگرێت .

3- گشتگیری : بەمانای ئەوەی بڕیاری سیاسی دەبێت پەیوەست بێت بە کاروباری گشتی و پێویستیە گشتیەکان (5).

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار فراوانترە لە خودی بڕیارەکە ، ((بەهۆکاری ئەوەی بڕیار گوزارشت لەو دەرکردانە (مخرجات) دەکات کە پەیوەندی بە هەڵوێستەکە یان ڕووداوەکەوە هەیە ، بەڵام پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بریتیە لە هەرچی پەیوەندی بە رووداوەکەوە هەیە لە تێکردە (مدخلات) و دەرکردە (مخرجات) ، سەرەڕای کارلێکردنەکانی نێوانیان )) (6) .

---

5- محمد عبدالعضيم الشيمي ،الوضيفة السياسية لصانع القرار في السياسة الخارجية المصرية ، (القاهرة ، المكتب العربي للمعارف ، بدون تاريخ) ، ص 25 .

6- ياسين محمد حمد العيثاوي وانس كرم محمد صبحي ، صنع القرار السياسي الامريكي ، مجلة مداد الاداب ، العدد السابع ، ص 293 .

لەگەڵ ئەوەی جیاوازیەکی فراوان هەیە سەبارەت بە چەمکی دروستکردنی بڕیار ، بەلاَم دەکرێت لەم بارەیەوە جیاوازی بکەین لەنێوان سێ ئاڕاستە ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

### ئاڕاستەی یەکەم : هەڵبژاردن لەنێوان ئەلتەرناتیڤەکان (بژاردەکان) :

ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە کرۆکی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بریتیە لە هەڵبژاردنێکی هۆشیارانە لە نێوان کۆمەڵە ئەلتەرناتیڤێکی بەردەست بە ئامانجی زیادکردنی دەستکەوتەکان و خۆلادان یان کەمکردنەوەی زیانەکان، بۆ نمونە هەندێك پێناسەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەکەن بەوەی بریتیە لە (( چۆنیەتی گەیشتن بەشێوازی کارێکی گونجاو لەنێوان کۆمەڵە ئەلتەرناتیڤێکی رکابەر ، و مەبەست لە هەموو بڕیارەکان بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراوە یان خۆلادانە لە ئەنجامێکی نەخوازراو )) (7).

بەبۆچونی ریچارد سنایدێر (Richard Snyder) پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی (پرۆسەیەکی کۆمەلاَیەتی یە لە ڕێگایەوە کێشەیەك دەستنیشاندەکرێت تا ببێتە بابەتی بڕیارێکی دیاریکراو ، لە ئەنجامدا کۆمەڵە بژاردەیەك دیاری دەکرێت کە یەکێکیان هەڵدەبژێردرێت بەمەبەستی جێبەجێکردن و چەسپاندنی (8).

---

7- جمال علي زهران ، الاطار النضري لصنع القرار : رؤية استراتيجية لصنع القرار التنموي في مصر ، ( القاهرة ، جامعة قناة السويس ، د.ت) ، نقلا عن James Robinson and Richard Snyder,Decision Making in International Politics. In:Herbert Kelman(ed.),International Behavior, (Holt) . Rinehart and Winston.(New York,1966), p.437 .

8- نقلا عن محمد سعد ابو عامود ، صنع القرار السياسي في الحقبة الساداتية ، مجلة المستقبل العربي ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، العدد 112 ، السنة السادسة ، 1988 ، ص 112 .

دواجار ئامانج لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار گەیشتنە بە دەستنیشانکردنی سەرجەم ئەلتەرناتیف و بژاردە گونجاوەکان تا بڕیاردەر بەبەرچاو ڕوونیەوە توانای هەڵبژاردنی هەبێت لە نێوانیاندا ، و تێگەیشتنی تەواوی بۆ ڕەهەندەکانی بابەتەکە و زانیاری دەربارەی سەرجەم ئەگەرەکان هەبێت ، و ئامادە باش بێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵێدا .

ئەم پێناسەیە ئاماژە بە بوونی کۆمەڵێك بژاردە و ئەلتەرناتیفی تایبەت بە بڕیار دەدات کە دەکرێت ئامانجی دیاریکراو بەدی بهێنێت یان چارەسەری ئەو بابەتە بکات کە دروستکەری بڕیار (بڕیارساز) دەخوازێت ڕووبەڕووی بێتەوە و بڕیار لەبارییەوە بدرێت ، بەلام ئەم بژاردە وئالتەرناتیڤانە جیاوازن لە ڕووی لەباربوون و توانایان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دۆخەی پێویستی بە دروستکردن و دەرکردنی بڕیارە ، ئەلتەرناتیف هەیە دەتوانێت ئامانجە دیاریکراوەکە بپێکێت لە بەرامبەر تێچووو و بەهایەکی زۆر، بەلام ئەلتەرناتیف هەیە ئامانجی پێویست دەپێکێت بە تێچویەکی کەمتر ، هەربۆیە ئامانجی دروستکەری بڕیار گەیشتنە بە بڕیارێك ئامانج بپێکێت بە تێچویەکی کەمتر .

بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی بابەتیانە کە چارەسەری کێشەکە بکات بە کەمترین زیان ، دروستکەری بڕیار پێویستی بە زانیاری تەواو ودروست هەیە سەبارەت بە بابەتەکە تا بتوانێت لە بابەتەکە تێبگات و ئەلتەرناتیڤە بەردەستەکانی بۆ دەستنیشان بکات و هەڵسەنگاندن بۆ سەرجەم ئەلتەرناتیڤەکان ئەنجام بدات بەمەبەستی زانینی خاڵی بەهێز و لاوازیان .

وێڕای بەردەستبونی زانیاری تەواو و دروست سەبارەت بە بابەتەکە ، پێویستە لە خودی دروستکەری بڕیار توانای شیکردنەوە و لێوردبوونەوە و پێشبینی دەرئەنجامەکانی بەباشی هەبێت کە یارمەتیدەری بێت بۆ ناسینی ئەو ژینگەیەی بڕیارەکەی لێدەدات ،

**بەشێوەیەك توانای دارِشتنی ئەلتەرناتیڤەکان و زانیاری ورد و دروستی هەبێت سەبارەت بە سوود ومەترسیەکانی هەریەك لەو ئەلتەرناتیڤانە و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی لەکاتی دەستنیشانکردنیدا ، لەگەڵ پێشنیارە دیاریکراوەکانی تایبەت بە چارەسەرەکان بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتە نەرێنیەکانی . هەروەها دروستکەری بڕیار دەتوانێت بڕیاردەر ئامۆژگاری بکات و بژاردەیەکی بۆ دەستنیشان بکات لە نێوان بژاردەکاندا بەهۆی زۆری زانیاریەکانی لەسەر بابەتەکە و توانای لێوردبوونەوە کە رۆڵ دەگێڕێ لە پێشبینیکردنی ئەنجامەکان و پەرچەکردارەکان لەکاتی دەستنیشانکردنی هەر ئەلتەرناتیڤێك لەو ئەلتەرناتیڤانەی پێشنیاری دەکات .**

## ئاڕاستەی دووەم : بڕیار بژاردەی سەرکردایەتی سیاسیە :

ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە سەرکردایەتی سیاسی چەقی بڕیارە ، تیشك دەخاتە سەر سروشتی دەستەبژێری سیاسی و بەهاکانی بەو پێیەی ئەم دەستەبژێرە دروستکەر و بڕیاردەری بڕیارە گرنگ و چارە نووسسازەکانە لە کۆمەڵگاکانیاندا و هەر کۆمەڵگایەك دەستەبژێرێکی سیاسی حوکمڕانی دەکات خاوەنی بەرژەوەندی و بەهای تایبەتین کە دیدگایان دیاری دەکات ، و کار لە بژاردەکانیان دەکات . هەندێك پێی وایە ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسی بریتیە لە (( دیاریکردنی ئامانجی سیاسی کۆمەڵگا و پۆلێنکردنیان بە شێوەیەکی پلەبەندی بۆ سەرەوە بە پێی گرنگیان و دەستنیشانکردنی ئامرازە گونجاوەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بە شێوەیەك بگونجێت لەگەڵ توانا ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا و هەڵسەنگاندنی ڕەهەندەکانی ئەو دۆخانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبنەوە، و دەرکردنی بڕیارە پێویستەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و قەیرانانەی لەئەنجامی ئەو دۆخانە سەرهەڵدەدەن، بەڵام لە چوارچێوەی کارلێکێك کە بەها و بنەما باڵاکانی کۆمەڵگا بڕیاری لێدەدات )) ، لەگەڵ گرنگی تێکەڵنەکردن لە نێوان سەرکردەی سیاسی "تاك" و سەرکردایەتی سیاسی بە مانای "دەستەبژێری فەرمانڕەوا" ، دەکرێت سەرکردە یەك کەس بێت ودەسەڵاتی سیاسی پەیڕەو بکات و بەتەنها بڕیار لە کاروباری کۆمەڵگا بدات ، هەروەها دەکرێت سەرکردایەتی سیاسی " چینێکی دەسەڵاتداربێت " دوو لایەن لەخۆبگرێت ئەوانیش سەرکردە و دەستەبژێری سیاسی ، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە سروشتی سیستێمی سیاسی "تاك ڕەوی یا ئەرستۆکراتی" .(9)

---

9- جلال معوض ، علاقة القيادة بالضاهرة الانمائية : دراسة في المنطقة العربية ، رسالة دكتوراه في العلوم السياسية ، جامعة القاهرة ، 1985، ص 10 .

**ئاڕاستەی سێیەم : ڕاگرتنی بالآنس (هاوسەنگی) لەنێوان بەرژەوەندیەکاندا :**

**پێشەنگەکانی ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە سیستمی سیاسی بریتیە لە کۆمەڵە کارلێکێکی دامەزراوەیی و ڕەفتاری پەیوەست بە دروستکردنی بڕیاری سیاسی، بڕیاری سیاسی کۆمەڵە ڕێکارێکی ئاڵۆز و تێکەڵاوە ئامانج لێی ڕاگرتنی بالآنسە لە نێوان بەرژەوەندی و هەڵوێست و ڕا جیاوازەکان لە ناو کۆمەڵگادا ، ئەم پرۆسەیە مامەڵە (Bargaining) و دانوستان (Negotiation) و یەکلاکردنەوە (Compromise) لە خۆ دەگرێت ، دواجار بڕیاری سیاسی بریتیە لە "دەرئەنجامی ئەو کارلێکە فەرمی و نافەرمیانەیە کە لەنێو کارەکتەرە سیاسیەکاندا ڕوودەدات لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا و ڕۆشنبیریە باوەکەدا و لە ڕێگای ئەو دەزگا و دامەزراوانەی بوونیان هەیە " .**

**بەبۆچونی دیڤید ئیستون (David Easton) ئەرکی سەرەکی سیستمی سیاسی (التوزيع السلطوي للقيم في المجتمع) دابەشکردنی دەسەلآتدارانەی بەهاکانە لەکۆمەڵگادا ، بە مانای دروستکردنی ئەو بڕیارانەی خاوەن هێزی پابەندکردنن ،و بەم قۆناغانەی خوارەوە :**

**یەکەم - هاتووەکان ، (تێکردە) ، (Inputs) : بریتیە لەو فشار و کارتێکەرانەی دووچاری سیستمی سیاسی دەبێتەوە و هانیدەدات بۆ جووڵە و چالاکی ، کە دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

**1- داواکاریەکان : گوزارشتی لێدەکرێت و گەلآڵە دەکرێت لە پرۆگرامە سادەکاندا لە ڕێگای دەستە بەرژەوەند خوازەکان (لۆبی) و پارتە سیاسیەکان و سەرکردە کاریگەرەکان (Opinion Leaders) و میدیاکان ، کە خێراتر سیستمی سیاسی دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە .**

2- **پشتیوانی : بەردەوامبوونی سیستەمی سیاسی بەندە بەلایەنی کەمی زامنکردنی پاڵپشتی وپشتیوانی و دڵسۆزی ، بەکەمبوونەوەی پشتیوانی سیستەمی سیاسی دەکەوێتە ژێر مەترسی و هەڕەشەی دەوروبەرەوە .**

**دووەم**- **پرۆسەی گواستنەوە (وەرچەرخان): وەرگرتنی داواکاریەکان لەلایەن دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن پێش درچوونی بە شێوەی بڕیار، گواستنەوە بەمانای پرۆسەی پۆلێنکردنی داواکاریەکان و دیاریکردنی گرنگیەکەی دێت .**

**سێیەم**- **دەرچوەکان ، (دەرکردە) ، بڕیارەکان (Outputs) : بەدەمەوەهاتنی سیستمی سیاسی بۆ داواکاریە ڕاستیەکان یان چاوەڕوانکراوەکان، بە مانایەکی تر بریتیە لەو سیاسەت و بڕیارانەی کە پەیوەندیان هەیە بە دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی سەرچاوەکان.**

**چوارەم**- **گەڕانەوەی زانیاریەکان (Feedback) : ئاماژەیە بۆ پێدانی زانیاری لە کۆمەڵگاوە بۆ سیستمی سیاسی دەربارەی لێکەوتەی بڕیار و سیاسەتەکانی** (10) .

**پاراستنی بەهاکان لەکۆمەڵگادا (دابەشکردنی دەسەڵاتدارانەی بەهاکان لە کۆمەڵگادا ) کە ئەنجام دەدرێت لە رێگای پرۆسەی دروستکردنی ئەو بڕیارانەی خاوەن هێزی پابەندکردنن بەشێوەیەکی کاریگەر ڕوو نادات ئەگەر پەیوەندی لە نێوان سیستمی سیاسی و ژینگەکەی یان کۆمەڵگاکەی بەهێز نەبێت کە پێی دەگوترێت پرۆسەی پەیوەندی سیاسی ، ئەم ئەرکی پەیوەندیە لە لایەن گابریل ئالمۆند (Gabriel Almond )ەوە دەچوێنرێت بە سووڕی خوێن کە سەرجەم ئەندامەکانی جەستە تێرخوێن دەکات .**

---

10- عادل ثابت ، النضرية السياسية الحديثة : دراسة للنماذج والنضريات التي قدمت لفهم وتفسير عالم السياسة، (القاهرة ، مكتبة خوارزم،2002م) ،ص244-246 ، هەروها بڕوانە Francis Fukuyama ,State Building :Governance and World in the Twenty-First Century, (London PROFILE BOOKS LTD) ,2004,p.24 .

هەربۆیە کارل دویچ (Karl Deutsch) دەروازەیەکی نوێی شیکردنەوەی سیاسی بەکار هێنا لەسەر بنەمای تیۆری پەیوەندی و کۆنترۆل کە بە سیبرنیتك ناسراوە (Cybernetics)، بریتیە لە خوێندنی سیستەماتیکی پەیوەندی وکۆنترۆل لە ڕێکخراوەکاندا بەهەموو جۆرەکانیەوە .

بە بڕوای دویچ سیبیرنیتك خۆی دەبینێتەوە لە گواستنەوەی پەیامەکان و زانین و تێگەیشتنی پرۆسەکانی کۆنترۆڵ ، کە لقێکە لە ئەندازیاری پەیوەندیەکان و تۆڕی پەیوەندیەکان هەڵدەستێت بە هەڵگرتنی هێماکان لە سەنتەرە جیاوازەکانی کۆنترۆڵەوە بۆ ئەو یەکانەی کردار ئەنجام دەدەن ،دواتر گەڕاندنەوەی پەیامەکان بۆ سەنتەرەکانی کۆنترۆڵ .

زانایان لەنێوانیاندا دویچ ئەم بۆچوونە ئەندازەییەیان گواستەوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی گشتی و زانستە سیاسیەکان بەتایبەتی ، وتیۆری پەیوەندی دویچ مامەڵە لەگەڵ حکومەت دەکات وەك سیستمێکی دروستکردنی بڕیار لەسەر بنەمای دەرچوونی بەردەوامی زانیاریەکان ، پێی وایە سیستمێکی وەرگرتن هەیە سێ جۆر لە زانیاریەکان وەردەگرێت : زانیاریەکان سەبارەت بە جیهانی دەرەوە ، زانیاریە مێژوویەکان لەسەر ڕابردوو ، زانیاری سەبارەت بە سیستم و بەشەکانی ، بەردەوام زانیاریەکان دەردەچن لەلایەن تۆڕی پەیوەندیەکانەوە کە خۆی خودی خۆی ڕێکدەکاتەوە ، ئەم تۆڕی پەیوەندیانە بریتیە لە هەر سیستمێك کە دەکرێت گوزارشتی لێبکرێت بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە ڕێکخستن و پەیوەندی و کۆنترۆڵ بەدەر لە پرۆسەکانی تایبەت

به گواستنەوەی نامە و پەیامەکان ، و پرۆسەی بەکارخستنی زانیاریەکان و نمایشکردنی خاڵی لێکچوونی سەرەکیە لە نێوان سیستمە سیاسیەکان و سیستمە پەیوەندیەکانی دیکە(11).

بەبۆچوونی دویچ بەپێی تیۆرە کلاسیکیەکانی دەرکردنی بڕیار پێویستە لایەنە نێودەوڵەتیەکان ئامادەکاری بکەن بۆ سەرجەم ئەو جوڵە و هەڵسوکەوتانەی کە لەلایەن خۆیان و ڕکابەرەکەیانەوە ئەگەری ڕوودانیان هەیە بە ڕەچاونەکردنی تێچوونی کات و ماندوبون و سامان لەکاتی دەرکردنی بڕیار . بەهۆی ئەوەی کەمی کات و زیادبوونی ئەرك و تێچوون دەبنە لەمپەر لەبەردەم دەرکردنی بڕیاری نموونەیی یان باشترین چارەسەر بۆ کێشەکە ، دواتر ئەو بڕیارانەی پێی دەگەین باشترینن لەنێو بژاردە بەردەستەکاندا لەچوارچێوەی ئەو ماندوبون و کات و سامانەی هەیە(12) .

دویچ دەستەواژەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (Social Communication) بەکار دەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری دەرەکی لە هەر دەوڵەتێك دیاری دەکرێت لە ڕێگای پەیوەندی دەوڵەتەکە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە ، و چەند پرۆسەی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان زیاد بێت لێك تێگەیشتن و گونجاندن زیاتر ڕوودەدات لە نێوان دەوڵەتان و دور دەکەونەوە لە ناکۆکی .

---

11- Karl Deutsch,the Nerves of Government :Models of Political Communication and Control,(New York :The Free Press of Glencoe ,1963,p.316 .

12- عادل ثابت ، سەرچاوەی پێشوو ، ص 366- 368 .

گرنگی ئەم دەروازەیە لەوەوە دەردەکەوێت کە دەتوانێت گوزارشت و ڕاڤەی ڕۆڵ و ئاکاری سیستمی سیاسی بکات و مرۆڤ لە ڕێگای پەیوەندیەکانەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی کۆمەڵگا و ژینگەی خۆی بکات ، وئەوە ڕووندەکاتەوە لەڕێگای پرۆسەی پەیوەندیەکانەوە داواکاریەکان وەردەگیرێت و بڕیارەکانی بۆ دەدرێت ، لەڕێگای پرۆسەی پەیوەندیەکانەوە سیستمی سیاسی بە ژینگەی دەوروبەریەوە دەبەسترێتەوە و رووبەڕوی داواکاریەکانی دەبێتەوە ، سیستمی سیاسی بەبەردەوامی پەیام و نامە وەردەگرێت ، و دەبێت توانای خوێندنەوەو وەلأمدانەوەی هەبێت .

## جیاوازی نێوان بڕیاری کارگێڕی و بڕیاری سیاسی :

سەرەڕای تێکەڵی زۆری نێوان بڕیاری سیاسی و بڕیاری کارگێڕی بەلأم دەتوانین بڵێین جیاوازی نێوانیان خۆی دەبینێتەوە لە جیاوازی بونیادی لە پێکهاتە و پەیکەردا ، بڕیاری کارگێری پشت دەبەستێت بە مەشروعیەت (بەمانای رێکەوتنی لەگەڵ یاسا) ، و پلەبەندی ( شۆڕکردنەوەی دەسەلأت لەسەرەوە بۆ خوارەوە) ، و لۆژیك ( بەمانای پشتبەستن بە ڕوکەش لەدەرکردنی بڕیار لەلایەن خاوەن مافی بڕیاردان) ، بەلأم بڕیاری سیاسی لەسەر بنەمای مەشروعیەت ( پشت دەبەستێت بە بەها و بۆچوون و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا وەك بنەمایەك بۆ قبوڵکردنی سیستمی حکومڕانی ) ، و ڕەزامەندی ( بەمانای توانای گەیشتن بە سازان و چارەسەرێکی نێوەند لە نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان ) ، و گشتگیری ( بەمانای سەروەری بڕیاری سیاسی بەسەر هەموو تاك و دامەزراوەکان) (13).

---

13- محمد عبدالعضیم الشیمي ، سەرچاوەی پێشوو ، ص 50-51

## بەشی دووەم : پایەکانی بڕیاری سیاسی

دەتوانین بڵێین پرۆسەی دروستکردنی بڕیار کۆمەڵێك پایە یان ڕەگەز لەخۆ دەگرێت لە پێناو دروستکردنی بڕیارێکی دروست و ژیرانە و دەکرێت ئەم پایانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

### 1- هەڵوێستەکە و ئاستی ئاگایی و تێگەیشتنی دروستکەری بڕیار:

بەمانای بوونی هەڵوێستێك یان بابەتێکی دیاریکراو کە دەخوازێت بڕیاری لەبارەوە بدرێت و ئامانج لە بڕیارەکە بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکی دیاریکراوە یان خۆلادانە لە دۆخێکی نەویستراو ، و هیچ بڕیارێك بوونی نابێت تا بابەتێك یان هەڵوێستێکی دیاریکراو ڕوو نەدات پاشان بڕیارێك بۆ وەلامدانەوەی ئەو بابەتە یان ئەو ڕووداوە دێتە ئاراوە و هیچ جوڵەیەك ناکرێت بۆ دروستکردنی بڕیار تا ئەوکاتەی دروستکەری بڕیار ئاگای لە بوونی بابەتێك یان ڕوداوێك دەبێت کە پێویست بە بڕیار دەکات ، دروستکەری بڕیار ئاگادار دەبێت لە ڕێگای زانیاریەکانی بەردەستی سەبارەت بە بوونی ڕووداوێك کە پێویست بە چارەسەرکردن دەکات، لەگەڵ تێبینی ئەوەی ئەو زانیاریانەی دەگات بە دروستکەری بڕیار ئەگەری هەڵە یان کەم وکورتی هەیە ، یان ئەگەر هەیە تێگەیشتن و لێکدانەوەی دروستکەری بڕیار بۆ زانیاریەکان هەڵەبن ، بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکەنە سەر بۆچوون وتێڕوانینی بۆ بابەتەکە و دواتر هەڵە لە بڕیاردان.

بۆ ڕوونەدانی ئەم گرفتە و زامنکردنی گەیشتن بە بڕیاری دروست پێویستە داتا و زانیاری پێویست کۆبکرێتەوە سەبارەت بە بابەت یان ڕووداوەکە پێش دەستپێکردن لە دانانی بژاردەکان.

## 2- کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان :

بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك پێویستە زانیاری پێویست لەبەردەست بێت دەربارەی بابەتە دیاریکراوەکە، بەهۆی ئەوەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکە لەسەر بنەمای هەلبژاردنی بژاردەیەکە لەنێوان بژاردە بەردەستەکان پاڵپشت بە بنەما زانستیەکان و بە پشتبەستن بە زانیاریە گشتگیر و دروستەکان ، لەبەر ئەوەی جۆری زانیاریەکان کاریگەری دەبێت لەسەر دەستنیشانکردنی کێشەکە و دواتر لەسەر جۆری ئەو بڕیارەی بۆ چارەسەرکردنی دەردەکرێت .

## 3- کاتی پێویست :

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی پێویستی بەکاتی گونجاوە تا دروستکەری بڕیار بتوانیت زانیاری تایبەت بە بابەتەکە کۆبکاتەوە و پۆلێنیان بکات ، تاچەند کات لەبەردەست دروستکەری بڕیاردابێت ئەوەندە دەتوانێت شەن و کەوی بابەتکە بکات و لە ڕەهەندە جیاوازەکانی بگات ، و دواتر بژاردە گونجاوەکان بۆ چارەسەرکردنی دابڕێژێت .

بەڵام دروستکەری بڕیار لەزۆربەی جاردا کاتی پێویستی لەبەردەست نابێت ، زیاتر لە بارودۆخێکی هەستیار ولەژێر فشاردا کار دەکات بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکان کە پێویست دەکات وەڵامێکی خێرا هەبێت بۆ ڕوداوەکە کە زۆربەی جار لەناکاوە (چاوەڕوانکراونیە ) ، هەروەها ڕوداوەکە (سوپڕایس) بۆ لایەنی بەرامبەر لەخۆ دەگرێت ، لەبەر ئەوەی دواکەوتن لە وەڵامدانەوەی ڕووداوەکە ئاماژەیەکی نەرێنی پیشان دەدات سەبارەت بەو لایەنەی دواکەوتووە لە وەڵامدانەوەی ئەو دۆخەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە .

مشتومڕێکی فراوان ڕوویدا بەتایبەت لە بواری توێژینەوە سیاسیەکان سەبارەت بەوەی کامیان باشترە : بڕیارێکی شێنەیی و خوێندنەوەی بۆکرابێت و کاتی زیاتر بکێشێت ؟ یان بڕیاری خێرا و لێکدانەوەی بۆ نەکرابێت ؟ .

ڕای دروست بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پەیوەستە بە سروشتی ئەو بابەتەی کە پێویستە بڕیاری لە بارەوە بدرێت ، بڕیاری شێنەیی بڕیاری خاو و لەسەرخۆیە و بڕیارێکی کامڵانەیە و بەدەرە لە باری لەناکاو و ئامادەیە بۆ هەموو ئەگەرەکان ، بەڵام ئەم جۆرە بڕیارە نەگونجاوە بۆ کاتی قەیرانەکان کە پێویستی بە بڕیارێکە هەڵوێستی لەناکاو بەدیبێنێت، و ئاماژەی ئەرێنی دەنێرێت سەبارەت بە لایەنی بڕیاردەر ، هەروەها بڕیارە خێراکان – ئەگەر بوون بە سیمای هەمیشەیی لە دروستکردنی بڕیار - ڕەنگە زیانێکی گەورە بگەیەنێت بە سیستمی سیاسی و ئەنجامی کارەساتباری لێبکەوێتەوە ، و سیستمی سیاسی بخاتە قەیرانێکەوە لێی نەیەتە دەرەوە .

## 4- ڕێبازی زانستی :

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار هەروەك لە ڕابردوودا ئاماژەمان پێدا پرۆسەیەکی هەڕەمەکی نیە ، بەڵکو شێوازێکی پوخت زانستییە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پۆلێنکردنیان و شیکردنەوەیان بەمەبەستی دارشتنی بژاردە بەردەستەکان و دواتر هەڵبژاردنی گونجاوترینیان لەسەر بنەمای زانستی و بابەتیانە لەپێناو دەرکردنی بڕیاری دروست کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕوداوی دیاریکراو .

بەڵام پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان و شیکردنەوەیان دەبێت بەپێی ڕێبازێکی دیاریکراوبێت کە دروستکەری بڕیار دەستنیشانی دەکات بە پێی سروشتی بابەتەکە و

هەلومەرجەكەی چواردەوری و ئەو ژینگەیەی بڕیارەكەی تێدا دەدرێت، جگە لەو بابەتە گرنگانەی كە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە دروستكردن ودەركردنی بڕیار .

هەروەها پێویستە دروستكەری بڕیار چۆنیەتی مامەڵەكردنی لەگەڵ زانیاریە كۆكراوەكاندا دیاری بكات ، لەگەڵ شێوازی دیاریكردنی بژاردەكان ، و ئەو ڕێبازەی پەیڕەوی دەكات بۆ دەستنیشانكردنی باشترینیان .

دیاریكردنی ڕێبازەكە پەیوەندیەكی بەهێزی هەیە بە سروشت و ڕادەی ئاڵۆزی بابەتەكە ، گەر بابەتەكە سادە وروون بێت وا دەخوازێت بەشێوەیەكی سانایی مامەڵەی لەگەڵ بكرێت بەپێی ڕێبازێكی سادە ، و لەبەرامبەردا تا چەند بابەتەكە ئاڵۆز و تێكهەڵپژاوبێت و لق وپۆپی لێبێتەوە ، ئەوەندە دروستكەری بڕیار ناچاردەبێت بۆ مامەڵە كردن لەگەڵی ڕێبازێكی ئاڵۆز و لێك ئاڵاو بەكار بێنێت .

مامەڵەكردن لەگەڵ بابەتی سادە  بە ڕێبازێكی ئاڵۆز دەبێتە هۆی بەهەدەردانی كات و ماندوبوونی زیادە ، هەروەها مامەڵەكردن لەگەڵ ڕووداو و بابەتێكی ئاڵۆز بە ڕێبازێكی كلاسیكی سادە دەبێتە هۆی شكستهێنان لە ڕووبەڕوبونەوەی كێشەكە و بەرپەرچدانەوەی دەرهاویشتەكانی و ڕوودانی ئەنجامی نەخوازراو .

## 5- دروستكەری بڕیار (بڕیارساز) :

بریتیە لەو كەس ولایەنەی بەرپرسە لە دیاریكردنی كێشەكە و كۆكردنەوەی زانیاریەكان و دەستنیشانكردنی و شیكردنەوەی و لێكدانەوەی و دانانی بژاردە بەردەستەكان لەبارەیەوە .

پێویستە دروستکەری بڕیار ( تاك یا دامەزراوە بێت) توانای دەستکەوتنی زانیاریەکانی هەبێت لە سەرچاوە سەرەکیەکانیەوە ، و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات ، هەروەها توانای شیکردنەوە و خوێندنەوەی تەواوی بۆ ورد ودرشتی بابەتەکە هەبێت بۆ دۆزینەوەی بژاردە بەردەستەکان و دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و پێشنیارکردنی چارەسەرە پێویستەکان بۆ لێکەوتە نیگەتیڤەکانی .

## بەشی سێیەم : جۆرەکانی بڕیاری سیاسی

چەند پێوەرێك هەن بۆ پۆلێنکردنی جۆری بڕیارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :

### پێوەری یەکەم : پۆلێنکردنی بڕیارەکان بە پێی ئامانج :

بە پێی ئەم پێوەرە سێ جۆر لە بڕیار بوونیان هەیە : بڕیارە ستراتیژیەکان ، بڕیارە تاکتیکیەکان ، بڕیارەکانی وەگەڕخستن.

1- بڕیارە ستراتیژیەکان (Strategic Decisions) :

بریتیە لەو بڕیارانەی کە بە شێوەیەکی کاریگەر و قوڵ کار لە بارودۆخی سیاسی و لە داهاتوی دۆخی سیاسی بە گشتی دەکەن ، و لە بەرزترین ئاستەکانی دەسەڵاتدا دروست دەکرێت بە هۆی هەستیاری و گرنگییەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بەردەوامدەبێت ، پێشڕەوی سەرجەم ئەو بڕیارانە دەکات کە دواتر دەدرێت ، بریتیە لە بڕیارە سەرەکیەکان کە زۆربەی جار گشت لایەنەکانی ژیان لەخۆ دەگرێت . گرنگی بڕیارە ستراتیجیەکان لەوەدایە تێڕوانینی داهاتووی دامەزراوە سیاسیەکان و سەرکردایەتیەکانیان دیاری دەکات.

هەروەها بڕیارە ستراتیژیەکان بڕیاری کلاسیکی نین ، و پەیوەستن بە کێشە گرنگەکان و چەندین ڕەهەند لە خۆ دەگرن و تاڕادەیەکی زۆر قوڵ و ئاڵۆزن ، هەربۆیە ئەم بڕیارانە پێویستیان بە جۆرە توێژینەوەیەکی قوڵ و خویندنەوەی ورد و تایبەتە کە هەموو ئەگەر و گریمانەکان لەخۆبگرێت و لێی بکۆڵێتەوە .

لەتایبەتمەندیەکانی بڕیارە ستراتیژیەکان گرنگیدانە بە گۆڕانکاریە ژینگەییەکان و کاریگەری دوور مەودا و گۆڕانکاری ڕیشەیی لەکاری دامەزراوەکە، جگە لە گونجاندن و تازەگەری و نوێبوونەوە .

2- بڕیاره تاكتیكیەكان (Tactical Decisions) :

ئەم بڕیارانە نەرمترن بەبەراورد بە بڕیارە ستراتیژیەكان ، و ناو بەناو پێداچوونەوە و هەمواركردنەوەی بۆ دەكرێت بە پێی پێویستی بارودۆخەكە ، ئەم بڕیارانە چوارچێوەیەكی فراوانتریان هەیە و جۆراوجۆرترن بە بەراورد بە بڕیارە ستراتیژیەكان ،دانان و دەركردنی ئەم جۆرە بڕیارانە دەدرێت بە دامەزراوە بیرۆكراتیەكانی كە زیاتر گرنگی بە بابەتە سیاسیەكانی رۆژ دەدەن (14).

ئەم بڕیارانە پەیوەستن بە ئامادەكردنی پلان و هاوسەنگیكردن و بەكارهێنانی سەرچاوەكان بۆ جێبەجێكردنی بڕیارە ستراتیژیەكان ، ئەم جۆرە بڕیارانەش زیاتر لە ئاستێكی مام ناوەندا دەدرێت (15).

3- بڕیارەكانی وەگەڕخستن (Operational Decisions) :

مەبەست لەو بڕیارانەیە كە گرێدراوی كار و چالاكیەكانی رۆژانەن وەك پێكهێنانی تیمەكانی كاركردن ، یان بەرنامەی كاری پەسەندكراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیە جێبەجێكارەكانەوە ، و بڕیاری كورت مەودان و پەیوەستن بە كاری ڕۆتینی ڕۆژانەوە ، و بەشێوەیەكی كتوپڕ و خێرا دەدرێن بۆ ڕایی كردنی كارەكان (16).

---

14- ايمان عبدالعال عبدالغني، السياسة الخارجية اليابانية في شرق اسيا 1990-2008م ،(القاهرة، المكتب العربي للمعارف، د. ت)، ص88 .

15- طارق شريف يونس ، انماط التفكير الاستراتيجي واثرها في اختيار مدخل اتخاذ القرار، ( اربد، دار الكتاب الثقافي ،2009م) ، ص22.

16- هەمان سەرچاوەی پێشوو

**پێوەری دووەم : پۆلێنکردنی بڕیارە سیاسیەکان بە پێی بواری گرنگیدان :**

بەگوێرەی ئەم پێوەرە بڕیارەکان پۆلێن دەکرێن بە پێی ئەو بوارانەی گرنگی پێدەدات ئەمەش دەروازەیەکی فراوانە ناخرێتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە ، چونکە ئەو بوارانەی بڕیارە سیاسیەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکات ئەژمار ناکرێت بۆیە سەرجەم ئەو بڕیارانەی لەلایەن دەسەلاتی حوکمڕانەوە دەردەکرێت بڕیاری سیاسین بەدەر لە بابەتەکانیان ، بۆ نموونە : بڕیارە ئابوریەکان ، بڕیارە کۆمەلایەتیەکان ، بڕیارە رۆشنبیریەکان .

**پێوەری سێیەم : پۆلێنکردنی بڕیارە سیاسیەکان بەگوێرەی سنورەکانیان :**

بە پێی ئەم پۆلێنکردنە دوو جۆر بڕیار هەن : بڕیارە ناوخۆییەکان ، و بڕیارە دەرەکیەکان :

1- بڕیارە سیاسیە ناوخۆییەکان :

بریتیە لە بڕیارە خۆجێیەکان یا ئەو بڕیارە سیاسیانەی کە حکومەتەکان دەریدەکەن لە ناو سنوری دەوڵەتەکەیاندا و لە چوارچێوەی سەروەری ناوخۆیی ، و سەروەری ناوخۆیی بە مانا کلاسیکیەکەی بریتیە لە دەسەلاتی دەوڵەت بەسەر تاك و گروپەکاندا لە ناو سنورەکەیدا و مافی هەڵسوکەوتکردن لە خۆ دەگرێت بە پێی یاسا بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی هاولاتی و نیشتمان .

دەشێت ئەم بڕیارانە سروشتێکی ئابوری یان رۆشنبیری یان کۆمەلایەتی یان تەندروستی یان فێرکاری هەبێت، بەلام زۆرینە بە بڕیارە سیاسیەکان ئەژماری دەکەن بە هۆکاری ئەوەی لەلایەن دەسەلاتی سیاسیەوە دەردەکرێت ، لەبەر ئەوەی لە ئەرکەکانی دەسەلاتی

سیاسیه برەودان بە بارودۆخی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە، پاشان مافی دەرکردنی ئەو بڕیارانەی هەیە کە پەیوەندیدارن بەهەموو ئەو بوارانەوە .

2- بڕیارە سیاسیە دەرەکیەکان :

بریتیە لەو بڕیارانەی پەیوەستن بە مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە وەك دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان : حکومی و ناحکومیەکان ، مەترسی ئەم بڕیارانە لەوەوە سەر هەڵدەدات دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەموو ئەوانەی لەدەرەوە ڕوودەدەن لە پرۆسەکان و سازش و فشار و ئاژاوە ، بێئەوەی توانای کۆنترۆڵ کردنی ژینگەی دەرەوەی هەبێت وەك چۆن ژینگەی ناخۆی کۆنترۆڵ دەکات ، لە هەمان کاتدا حکومەتەکان پێویستیان بە بڕیارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی ، و ئەوەی دەکەوێتە ئەستۆی دروستکەری بڕیاری سیاسی دەرەکی پێویستە زانیاری هەبێت لەسەر دەرفەت و ئاستەنگە دەرەکیەکان و تواناکانی دەوڵەتەکەی و توانای سازش و فشارکردنی هەبێت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی و هەرچی پێویست بکات بۆ زانینی تەواوی سەرچاوەی هێز و لاوازی دەوڵەتەکە ، لەبەر ئەوەی بڕیاری سیاسی دەرەکی وادەخوازێت ئەم هەموو لایەنانە لە خۆ بگرێت .

بڕیارەکان لە بواری سیاسەتی دەرەوە دابەش دەبن بۆ سێ جۆر(17):

ا- بڕیارە گشتیەکان : بریتیە لە کۆمەڵە بژاردە و پلان و ئاراستە گشتیەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتە دیاریکراوەکە و ئەوەی پێویستە هەیبێت ، واتا بریتیە لە هێڵە گشتیەکانی ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوە .

---

17- مجموعة من اساتذة الاقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة ، مبادىء العلوم السياسية ، (القاهرة، دار النهضة العربية،1990) ، ص446-448 .

سیاسەتی گشتی زیاتر لە لایەن سەرکردایەتی باڵای دەوڵەتەوە دەگیرێتەبەر ، لەگەڵ تێبینی ئەوەی بڕیارە گشتیەکان چەقبەستوو نین ، بەڵکو پێداچوونەوە و هەموارکردنی بۆ دەکرێت بە پێی بارودۆخ و پێشهاتەکان .

تا ڕادەیەکی زۆر سیاسەتی گشتی نەرم دەبێت بۆ ئەوەی فەرمانبەرە میریەکان و بەرپرسەکانی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەرەوە بتوانن بڕیارە گونجاوەکان بدەن بێ ئەوەی پێویستیان بە هەموارکردن هەبێت لە سیاسەتی گشتیدا ، لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتە جڵەوگیر و ڕێکخەری بڕیارە کارگێڕیەکانە کە دروستکەرانی سیاسەتی دەرەوە دەیدەن و پێویستە لەسەریان لە سنوور و چوارچێوەی ئەو سیاسەتە گشتیەدا کار بکەن ، و دەبێت پێکهاتەکانی ئەو سیاسەتە گونجاو و هەماهەنگی یەك بن .

ب- بڕیارە کارگێڕیەکان :

ئەو بڕیارانەن کە لە لایەن دامەزراوە حکومیەکانەوە دەردەکرێن کە بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوە وەك وەزارەتی دەرەوە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی وەك دەزگای هەواڵگری ، و دامەزراوەی سەربازی و ...هتد ، بەو مانایەی لەلایەن بەرپرسانێك دروست دەکرێت کە لە ڕووی پلەبەندیەوە لە ئاستێکی نزمترن بەبەراورد لە ئاستی دروستکەرانی سیاسەتی گشتی ، و پێویستە هەماهەنگ بێت لەگەڵ سیاسەتی گشتی ، لەبەر ئەوەی لە ڕێگای بڕیارە کارگێڕیەکانەوە سیاسەتی گشتی شۆڕدەبێتەوە بۆ جێبەجێکردن .

ج- بڕیارەکانی قەیران :

قەیران لە سیاسەتی دەرەوە پێناسە دەکرێت بەوەی : " ئەو دۆخەیە کە دەوڵەتێك بەلایەنی کەمەوە هەست دەکات بەوەی هەڵوێستێکی دیاریکراو دەبێتە خاڵی وەرچەرخان

لە پەیوەندیدا بە دەوڵەتێکی دیکە یان زیاتر لەگەڵ هەستکردن بە پێویستی بڕیارێکی تایبەت لەماوەیەکی کورتدا " ، ئەوەش وادەخوازێت گەورە بەرپرسان هەوڵی چارەسەرکردنی دۆخەکە بدەن ، و دەکرێت پێویستبکات بگوازرێتەوە لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی دیاریکراو ، یان پێویست بە هەموارکردنەوەیەکی خێرای سیاسەتی گشتی بکات یان بە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی ناگونجێن لەگەڵ سیاسەتی گشتی دەرەوە، لە پێناو بەرپەرچدانەوەی قەیرانەکە و دواتر گەڕانەوە سەرلەنوێ بۆ سەر هێڵی سیاسەتە گشتیەکە لە پاش چارەسەرکردنی قەیرانەکە .

## بەشی چوارەم : قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیار

زانایانی بواری سیاسەت وتوێژینەوە ستراتیژیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بە زنجیرەیەك قۆناغی یەك لەدوای یەکدا تێدەپەڕێت کە هەریەکەیان دەگەن بە قۆناغی پاش خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە (18) :

### 1- قۆناغی هەستکردن بە بوونی کێشەکە:

یەکەم قۆناغی دروستکردن و دەرکردنی بڕیار بریتیە لە هەستکردن بە بوونی کێشەیەك یان ڕووداوێکی دیاریکراو کە وادەخوازێت بڕیارێك لەبارەیەوە بدرێت، بەمانای دانپێدانان بە بوونی کێشەیەك کە پێویستە چارەسەربکرێت لە ڕێگای بڕیارێکی دیاریکراوەوە ، و هەندێك لە سەرکردە و سیاسی و کاربەڕێوەبەرەکان چاوپۆشی لە کێشە و ڕووداوەکان دەکەن کە پێویستدەکات بەدەمیەوە بچن و بڕیاری لەبارەوە بدەن و گرەو لەسەر کات دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ، ئەمەش یەکێکە لە گەورەرین ئەو هەڵانەی ڕووبەڕووی سەرکردەکان دەبێتەوە لەهەموو کات و شوێنێکدا .

### 2- قۆناغی دەستنیشانکردن یان پێناسەکردنی کێشەکە :

دوای دانپێدانان بە بوونی کێشەیەك کە پێویستە بڕیاری لەبارەوە بدرێت ، دەبێت پێناسەیەکی وردی کێشەکە بکەین بە خستنەڕووی نیشانەکانی و دیاریکردنی هۆکارەکانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی هۆکارەکانی نەوەك نیشانەکانی ، دواتر پێویستە کێشەکە ڕوون بێت تا بتوانرێت بڕیاری گونجاو لەبارەیەوە بدرێت .

---

18- Janous Fullop,Introduction to Decision Making Methods,Laboratory of Operations Research and Decision Systems ,Computer and Automation Institute,Hungarian Academy of Sciences,2014,p.11 .

## 3- قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاریەکان :

پاش ئەوەی کێشەکە دیاری دەکرێت و دەستنیشان دەکرێت دەستدەکرێت بە قۆناغی دواتر کە بریتیە لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاریە گرنگەکانی پەیوەندیدار بەکێشەکەوە، و چەند ڕێگایەك بەکار دەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریە پێویستەکان و لە چەندین سەرچاوەوە وەك: پێداچوونەوە بە لیست و دۆسێ پەیوەندیدارەکانی بابەتەکە ، یان لەڕێگای تێبینیکردنی ڕاستەوخۆوە ، و دیاریکردنی ڕێگای کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان بەپێی سروشتی خودی بابەتەکە و جۆری زانیاریە داواکراوەکان و سەرچاوەکانی دەبێت .

لەوبارەیەوە پێویستە جەخت بکرێتەوە لە ڕاستی داتا و زانیاریە کۆکراوەکان و دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی سەرچاوەکانی ، هەروەها پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ کۆکردنەوەی زایاری پێویست دەربارەی بابەتەکە ، لەبەر ئەوەی کەمی زانیاریەکان یان نەبوونی زانیاری گرنگ و سەرەکی دەربارەی بابەتەکە دەمانگەیەنێت بەبڕیاری هەڵە .

## 4- قۆناغی پۆلێنکردن و شیکردنەوەی زانیاریەکان :

لەم قۆناغەدا پشکنین و پۆلێنکردن و شیکردنەوەی داتا و زانیاریە کۆکراوەکان دەکرێت، و مەبەست لێی توێژینەوەیەکی قووڵ و چڕی داتا و زانیاریە بەردەستەکانی تایبەت بە بابەتەکەیە کە دەبێتە هۆی ئاسانکاری پرۆسەی دانانی ئەڵتەرناتیف و چارەسەر و بژاردە گونجاوەکان لەداهاتوودا .

## 5- قۆناغی دانانی ئەڵتەرناتیف و بژاردەکان :

دوای خوێندنەوەیەکی قوڵی داتا و زانیاریە بەردەستەکانی تایبەت بە بابەتەکە دروستکەری بڕیاری سیاسی (بڕیارساز) کۆمەڵێك ئەڵتەرناتیفی دەستدەکەوێت ، بریتیە لە بژاردە جیاوازەکان کە دەکرێت بەکاریان بهێنێت بەدەر لە لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانیان و بەدەر لە هێز و لاوازی و لەم قۆناغەدا سەرجەم ئەڵتەرناتیڤە بەردەستەکان و بژاردە گونجاوەکان دادەنرێن بۆ دەستنیشانکردنی باشترینیان لە قۆناغی دواتر.

## 6- قۆناغی دەستنیشانکردنی باشترین لە نێوان چارەسەر و ئەلتەرناتیڤە پێشنیار کراوەکان:

لەم قۆناغەدا بەراوردی ئەلتەرناتیڤە پێشنیارکراوەکان دەکرێت لەگەڵ ئامانجە خواستراوەکان ، هەروەها دروستکەری بڕیاری سیاسی تیشکدەخاتە سەر لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەریەك لەو بژاردە پێشنیارکراوانە ، بە دیاریکردنی سوود و مەترسی هەریەك لەو بژاردانە بە شێوەیەکی ورد وەك سەرەتایەك بۆ دەستنیشانکردنی گونجاوترینیان ، لە ڕێگای ئەم پرۆگرامەوە دەکرێت بژاردەکان ڕێکبخرێن لە لایەن دروستکەری بڕیاری سیاسی بەجۆرێك بڕیاردەر بتوانێت بڕیارێك بدات کە ئامانجی مەبەست بپێکێت بەکەمترین زیان و مەترسی .

## 7- قۆناغی بڕیاردان :

لەم قۆناغەدا "بڕیار دەر" کە زۆربەی جار جیاوازە لەگەڵ دروستکەری بڕیار "بڕیارساز" بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی دروستکەری بڕیار بەدەستی هێناوە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی یەکێك لەو ئەلتەرناتیڤانەی کە لەلایەن دروستکەری بڕیار ئامادە دەکرێت بەلەبەرچاوگرتنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەریەك لەو ئەلتەرناتیڤە پێشنیارکراوانە بە جۆرێك ئەوەیان هەڵدەبژیرێت کە زۆرترین سود و لەهەمانکاتدا کەمترین مەترسی هەبێت .

هەرچەندە لە زۆربەی قۆناغەکانی ڕابردوودا زیاتر چەند کەسێك بەشدار دەبن لە دیاریکردنی کێشەکە و کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکان و پۆلێنکردن و شیکردنەوەیان و دانانی ئەلتەرناتیڤەکان و دەستنیشانکردنی باشترینیان ، بەلاّم ئەم قۆناغە لەلایەن کەسی بڕیاردەرەوە ئەنجام دەدرێت کە بەرپرسیاریەتی هەڵبژاردن لە نێوان ئەلتەرناتیڤە بەردەستەکان دەگرێتە ئەستۆ ، و پابەند نیە بە بژاردەیەکی دیاریکراو کە لە لایەن دروستکەری بڕیار ئامۆژگاری بکرێت یان پێشنیاری بۆ بکرێت ، بەڵکو بڕیاردەر خۆی ئەو بڕیارە دەدات کە بە بۆچونی خۆی بە گونجاوی دەزانێت و بەرپرسیارێتی ئەم کارە دەگرێتە ئەستۆ .

لە ڕاستیدا زۆرینە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و پرۆسەی دەرکردنی بڕیار تێکەڵ دەکەن سەرەڕای جیاوازی گەورە لە نێوانیاندا ، و لەدوای دیاریکردنی کێشەکە و کۆکردنەوەی داتا وزانیاریەکان و پۆلێنکردن و شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان و قۆناغی دانانی ئەڵتەرناتیڤ و بژاردەکان ، و دەستنیشانکردنی باشترین بژاردە و چارەسەرە بەردەستەکان ، لە پاش ئەمانە قۆناغی دەرکردنی بڕیار دێت کە بریتیە لە ترۆپك و پوختەی هەموو قۆناغەکانی ڕابردوو.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بڕیاردان بریتیە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤێکی دیاریکراو لە نێوان ئەلتەرناتیڤە بەردەستەکاندا ، کە مەبەستی هەمویان بەدیهێنای ئامانجێك یان چەند ئامانجێکی دیاریکراوە ، لەو ڕوانگەیەوە پێناسەکردنی پرۆسەی بڕیاردان بە شێوەیەکی کورت بریتیە لە " پرۆسەی هەڵبژاردن لە نێوان بژاردەکاندا بۆ بەدیهێنای ئامانجێك یان چەند ئامانجێك " دواتر بریتیە لە پوختەی ئەو زانیاری و بیرۆکانەی کە بەدەست دەگەن سەبارەت بە کێشەکە و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی .

پاشان پرۆسەی بڕیاردان بەو پێیەی بریتیە لە "هەڵبژاردن لە نێوان ئەلتەرناتیڤەکاندا" مانای وایە گرنگە چەند ئەلتەرناتیڤێك هەبێت ، و ئەگەر چەند ئەلتەرناتیڤێك نەبوو و تەنها یەك بژاردەمان لەبەردەست بوو لەو کاتەدا ناتوانین باس لە " بڕیاردان بکەین" .

و تاچەند ئەلتەرناتیڤە بەردەستەکان زیاتر بن ئەوەندە چانسی باشترمان بۆ دەڕەخسێت لە هەڵبژاردنی بژاردەی وردتر وباشتر ، وتا چەند بژاردە و ئەلتەرناتیڤەکان کەمتر بێت ئەوەندە چانسی گەیشتن بە بڕیاری باش و گونجاو کەمتر دەبێت(19) .

---

19- Joseph D .Cooper,The Art of Decision-Making Morrison and Edinburgh ,1964,pp51-76.Gibb LTD,London and


See also :Sven Ove Hansson , Decision Theory :A Brief Introduction ,(Stockholm,Royal Institute of Tecknology (KTH),2005,p10 .

## 8- قۆناغی بەدواداچوون و چاودێری :

ئەگەر بڕیاردرا لە ڕێگای هەڵبژاردنی یەكێك لەو بژاردانەی كە لەلایەن دروستكەری بڕیار ئامادەكرابوو، پێویستە ئەو بڕیارە جێبەجێبكرێت و چاودێری بكرێت ، لەبەر ئەوەی بڕیاردان هیچ مانایەك نابەخشێت ئەگەر جێبەجێ نەكرێت و چاودێری ئەنجامەكەی نەكرێت و ڕادەی كاریگەری نەزانرێت ، و دڵنیابوون لەوەی ئەو بڕیارەی دراوە هیچ لێكەوتەی لاوەكی نەرێنی لێنەكەوتۆتەوە ، و ئەگەر لێكەوتەی نەرێنیشی هەبوو پێویستە ئەو بڕیارانە بدرێت كە لێكەوتە نەرێنیەكان چارەسەر دەكات یان كەمیدەكاتەوە.

## فۆڕمی ژمارە (1)

## قۆناغەکانی دروستکردنی بڕیار



## بەشی پێنجەم: ئاستەنگەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی

دروستکەرانی بڕیار ڕووبەڕوی ژمارەیەك ئاستەنگ و بەربەست دەبنەوە کە بەرچاویان لێڵ دەکات و دواتر توانای کۆنترۆڵکردنی ڕەگەز و پێکهاتەکانی ژینگە سیاسیەکەیان نەبێت کە بڕیارەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت ، گرنگترین ئەو بەربەستانەی ڕوو بەڕووی دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکان دەبنەوە بریتین لە :

### 1- نەبوونی توانای پێشبینی کردنی کاردانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بڕیار:

(جا ئەو لایەنانە ناوخۆیی بن یان دەرەکی) ، بەتایبەتی ئەگەر بڕیارەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانیەوە هەبێت ، و بابەتەکە سەختتر دەبێت کاتێك ئەو لایەنانە زۆرتر و کاریگەرتربن .

هەروەك زانراوە ئامانجی دروستکەری بڕیار چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراوە بەبێ وروژاندنی گروپەکانی فشار لە ژینگەی سیاسیدا ، لەبەر ئەوەی وروژاندنی ئەو جۆرە گروپانە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دۆخێك کە خۆی لەخۆیدا پێویستی بە بڕیارێك دەبێت کە ڕەنگە ئەستەمتر و ئاڵۆزتر بێت لە دۆخی یەکەم کە دروستکەری بڕیار هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات ، دواتر چارەسەری پێشنیارکراو دەبێتە هۆی گەورەکردنی کێشەکە وەك لەوەی چارەسەرکردنی .

### 2- گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کێشەکە :

ڕەنگە ئەو هەڵوێستەی کە دەویسترێت بڕیاری لە بارەوە بدرێت لە قۆناغی دروستبون بێت و پێکهاتەکانی سات بە سات گۆڕانکاری بەسەردا بێت ، لێرەدا دروستکەری بڕیاری

سیاسی دەبینێت پێویستی بە هەموارکردنەوەی ئەلتەرناتیڤە پێشنیارکراوەکانە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەپێی گونجانی لەگەڵ بەرەوپێشچونەکانی دۆخەکە ، چونکە دروستکەری بڕیار بەدواداچوونی ورد دەکات بۆ هەڵویستی لایەنە جیاوازە پەیوەندیدارەکانی بابەتەکە ، و هەوڵی دانانی بژاردەی گونجاو دەدات بەڕەچاوگرتنی کاردانەوەی لایەنە جیاوازەکان لەگەڵ ڕەچاوگرتنی دورنەکەوتنەوە لە ئامانجی سەرەکی لەدروستکردنی بڕیار ، کە کێشەکە لە سەرەتاکەیدا دەبێت ڕەنگە ببێتە مایەی شۆك و پێشبینی نەکردن بۆ هەندێك لە لایەنەکان کە دەبێتە هۆی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی دیاریکراو لەژێر کاریگەری ئەو شۆکە ، دواتر هەڵوێستی دەگۆڕێت لە پاش کۆتایی هاتنی حاڵەتە چاوەڕواننەکراوەکە و بڕیارێکی تر ڕادەگەیەنێت ، و پێویستە لەسەر دروستکەری بڕیار بەدواداچوونی ورد بکات بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەکانی دۆخەکە لە پێناو داڕشتنی ئەلتەرناتیڤە گونجاوەکان کە بەرژەوەندی زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بەدی دێنێت و هیچ حاڵەتێکی وروژاندن و دژایەتیکردنی گروپ وکۆمەڵەکانی دیکە دروست ناکات بە بێ هۆکار .

## 3- کەمی یا گۆڕانکاری لە زانیاریەکان :

بڕیاری دروست و نموونەیی ئەوەیە کەلەسەر بنەمای زانیاری پێویست و ڕاست دەربارەی بابەتەکە بونیاد دەنرێت ، ئەم زانیاریە پێویست و دروستانە هەندێکجار بەردەست نابێت بۆ دروستکەری بڕیار بەتایبەتی کەبابەتەکە پەیوەندی بە لایەنێکی دەرەکی یەوە دەبێت و بەمەبەست زانیاریەکان دەشارێتەوە یان چەواشەکاری دەکات لە چوارچێوەی پرۆسەی ململانێکەدا ، لەم دۆخەدا کار لە دروستکەری بڕیار دەکات ، لەبەر ئەوەی کەمی زانیاریەکان کار لە بژاردەکان و سەرئەنجام کار لە بڕیاردانی کۆتایی دەکات .

لەهەمان کاتدا گۆڕانکاری لە زانیاریەکاندا کار لەسەر بژاردەکان دەکات ، و گۆڕانکاری لە زانیاریەکان چاوەڕوانکراوە بەتایبەتی ئەگەر دۆخەکەی کە بابەتی بڕیارەکەیە جارێ لە قۆناغەکانی دروستبووندابێت ، و ناوەناوە زانیاری نوێ دێتە ئاراوە کار لە تێڕوانینی دروستکەری بڕیار دەکات و دواتر لەو بژاردانەی کە دایدەنێت .

## 4- فشارە دەرونی و سۆزداریەکان :

دەکرێت دروستکەری بڕیاری سیاسی دوچاری فشاری دەرونی و سۆزداری ببێتەوە بە تایبەتی لە کاتی قەیرانەکان و هەڕەشە دەرەکیەکاندا ، لەبەرئەوەی فشارە دەرونی و سۆزداریەکان بۆیان هەیە تێڕوانینی دروستکەری بڕیاری سیاسی بە ئاڕاستەی بژاردەیەکی دیاریکراو لەناو بژاردەکاندا ببات، هەروەها هەڕەشە دەرەکیەکان بژاردە بەردەستەکانی بەردەم دروستکەری بڕیاری سیاسی کەم دەکاتەوە و وای لێدەکات بەئاگاوە بژاردە پێویستەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە دابنێت ، لەبەر ئەوەی زانیاری لەسەر پەرچەکرداری نەیارەکان نیە بەتایبەتی ئەگەر لە دۆخێکی بەهێزتر وخاوەنی کارتی فشاری زیاتر بن.

## بەشی شەشەم : دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی

کۆمەڵێك دامەزراوەی فەرمی و نافەرمی ڕۆڵ دەگێڕن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ، ئەوەی باو بووە تەنها دامەزراوە فەرمیەکان بڕیاری سیاسی دروست دەکەن و جێبەجێی دەکەن ، مەبەست لەمەش دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەریە ، ئەم ئاڕاستە کۆنە کە ئێستا بەسەر چووە لەلای زۆرێك لە زانایانی یاسا و ڕامیاری بۆ ماوەیەکی زۆر پەسەند بووە ، ئاڕاستەیەکی کلاسیکیە سیستمی سیاسی و سیستمی حوکمڕانی وەك هاوواتای یەك تەماشادەکات و زۆر جار دەستەواژەی سیستمی سیاسی بەکاردەهێنرێ و مەبەست لێی سیستمی حوکمڕانیە و پێچەوانیەکەشی ڕاستە ، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی لە پاشاندا بەسەر زانستی سیاسەتدا هات بوە هۆی جیاکردنەوەی نێوان ئەو دوو دەستەواژەیە بە شێوەیەکی روون .

بە پێی بۆچوونە نوێیەکانی ناو توێژینەوە سیاسیەکان سیستمی حوکمڕانی ئاماژەیە بۆ پێکهاتەکانی دەسەڵات کە بریتیە لە هەرسێ دەسەڵاتەکە : یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بەمانای دامەزراوە حکومیە فەرمیەکان ، بەڵام دەستەواژەی سیستمی سیاسی جگە لە پێکهاتە فەرمیەکان کە بریتیە لە سێ دەسەڵاتەکە ، ئاماژەیە بۆ دامەزراوە ناحکومیەکانی وەك پارتە سیاسیەکان ، و کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی (گروپەکانی فشار یان لۆبی) ، و سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ، دواتر سیستمی حوکمڕانی دەبێتە بەشێك لە سیستمی سیاسی .

زۆربەی ئەو زانایانەی دەستەواژەی سیستمی سیاسیان بەم مانایە بەکار هێناوە پێیان وایە کارلێکی بەردەوام هەیە لە نێوان یەکەکانی سیستمی سیاسی لەلایەك ، و لە نێوان ئەو یەکانە و ژینگەی سیستمی سیاسی لە لایەکی تر ، و پەیوەندی نێوان لایەنەکانی سیستمی

سیاسی لەسەر بنەمای پشتبەستنە بە یەكتری (Interdependence ) بە مانای ئەوەی كرداری هەرلایەنێك لەو لایەنانە كار دەكاتە سەر كرداری لایەنەكانی دیكە (20).

بەلاّم جۆر و ژمارەی ئەو دامەزراوانەی ڕۆڵ دەگێڕن لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیار تا ڕادەیەكی زۆر ڕادەوەستێت لەسەر جۆری سیستمی سیاسی ، تا چەند سیستمی سیاسی لە دیموكراتیەتەوە نزیكبێتەوە ئەوەندە ئەو دامەزراوانەی ڕۆڵ دەگێرن لە دروستكردنی بڕیاری سیاسی زیاتر و فراوانتر دەبن ، و تا چەند سیستمی سیاسی لە دكتاتۆریەت و تاكڕەویەوە نزیكبێتەوە ئەوەندە ئەو لایەنانەی بەشدارن لە دروستكردنی بڕیاری سیاسی كەم دەبنەوە ، لێرەدا بە شێوەیەكی گشتی دەستەبژێرێكی دیاریكراو قۆرخی دۆخەكە دەكەن و ڕێگە نادەن بە دامەزراوەی زۆر ڕای خۆیان دەرببڕن سەبارەت بەو بڕیارانەی دەدرێن .

بۆیە لەم بەشەدا باس لە سەرجەم ئەو دامەزراوانە دەكەین كە دەكرێت بە شێوەیەك لە شێوەكان كار لە دروستكردنی بڕیاری سیاسی بكەن بەدەر لەوەی ئایا ڕێگەی پێدراوە ئەم ڕۆڵە ببینێت یاخود نا ، لەبەر ئەوەی وەك لەڕابردوودا ئاماژەمان پێدا دەوەستێت لەسەر جۆری خودی سیستمە سیاسیەكە و ڕێژەی پێشكەوتنی لە قۆناغەكانی دیموكراسی و فرەیی سیاسی .

---

20- بهاءالدين مكاوي ، المدخل الى علم السياسة ،( المنامة ، جامعة العلوم التطبيقية ، سلسلة كتب العلوم السياسية رقم (6) ، 2015م ) ، ص119-120 .

بەم جۆرە دامەزراوەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەشێوەیەکی گشتی دابەشدەکرێت بۆ دامەزراوە فەرمی ، و دامەزراوە نافەرمیەکان ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم: دامەزراوە فەرمیەکان :**

**1- دەسەڵاتی یاسادانان :**

دەسەڵاتی یاسادانان گەورەترین ڕۆڵ دەبینێت لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی گشتیدا و دواتر کار لە شێوازی ئەو بڕیارانە دەکات کە دەردەکرێن لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە گشتیە و بریتیە لەو دەسەڵاتەی کە یاسا و پلانەکان دادەنێت، گرنگی دەسەڵاتی یاسادانان بە ڕوونی بریتیە لەوەی بە تەنها (لە زۆربەی سیستمە دیموکراسیەکاندا ) ڕوپۆشی پێشنیارەکان دەکات بە ڕوکەشێکی یاسایی و دەیانگۆڕێت لە تەنها پێشنیارەوە بۆ سیاسەتی خاوەن هێزی پابەندکردن (ڕەوایەتی دەدات بە پێشنیارەکان)، هەروەها ئەو وتووێژانەی لەناو ئەنجومەنەکانی یاسادانان و لیژنە تایبەتمەندەکانی دەگوزەرێت ڕۆڵ دەبینێت لە گەڵاڵەکردنی بیر و بۆچونەکان دەربارەی ئەو سیاسەتەی دەخوازرێت بگیرێتەبەر و چانسی باش دەڕەخسێنێت بۆ هەڵبژاردن لە ناو بژاردە بەردەستەکان .

**2- دەسەڵاتی جێبەجێکردن :**

کاری سەرەکی ئەم دەسەڵاتە بریتیە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەکرێن ، کە پێویست دەکات کۆمەڵە بڕیارێکی دیاریکراو دەربکرێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەشدار دەبێت لە دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکان لە ڕێگای ڕۆڵگێڕانی لە یاسادانانەدا ، هەرچەندە دەرکردنی یاسا لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی یاسادانانە بە پلەی یەکەم بەڵام

**دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەشداری دەکات لە یاسادانان لە ڕێگای پێشنیاری پرۆژە یاساکان یا پێشکەشکردنی پرۆژەکانی بوودجە . مافی پێشکەشکردنی پرۆژە یاساکانی هەیە بەڵام ڕێگەپێدانی کۆتایی ئەم پرۆژانە لە تایبەتمەندێتی دەسەڵاتی یاسادانانە ، و نابێتە سیاسەتێك کە دەبێت پەیڕەو بکرێت تا ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی لەسەر نەدرێت .**

**لە ئێستادا ئەو بڕوایەی باوە ئەوەیە کە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین سەردەمی بالا دەستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بەجۆرێك چالاکی حکومەت بە شێوەیەکی گشتی پشت بە سەرکردایەتی جێبەجێکردن دەبەستێت لە داڕشتن وجێبەجێکردنی سیاسەتە گشتیەکان** (21).

**بۆ نموونە لە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بە پێی دەستور سەرۆك دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە و سەربازی زۆر زیاتر بەبەراورد بە دەسەڵاتەکانی لە بواری ناوخۆدا ، و سەرۆك بریتیە لە دروستکەری سەرەکی پەیوەندیەکانی دەرەوە و ئاڕاستەکەری سیاسەتەکانی دەرەوەی دەوڵەتە** (22) .

---

21- **جيمس اندرسون ، صنع السياسات العامة ، ترجمة د. عامر الكبيسي ، (عمان ، دار المسيرة، 1999م) ، ص**58 .

22- **سەرچاوەی پێشوو ، ص**59 .

## 3- دەسەڵاتی دادوەری :

ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکاندا بریتیە لە چاودێری و هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتیەکان ، ئەم ڕۆڵە لە سیستمێکی سیاسیەوە بۆ سیستمێکی سیاسی دیکە دەگۆڕێت ، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دامەزراوەی دادوەری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هەڵسەنگاندن وچاودێریکردن و ڕاڤەکردنی سیاسەتە گشتیەکان ، دادگای ئەمریکی ڕۆڵ دەگێڕێت لە کەیسەکانی سیاسەتە گشتیەکاندا لە ڕێگای ( پرەنسیپی پێداچونەوەی یاسایی دادگاکان بە هەڵوەشانەوەی یاساکان یان فەرمانەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (مراسيم تنفيذية)، و هەمووارکردنی دەستور بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکە لەڕێگای ڕاڤەکردنی ، یان ڕۆڵ دەگێڕێ لە جڵەوگرتنی ستەمکاریەکانی حکومەت لە پێناو پێوەرەکانی ڕێکارە دروستەکانی بەڕیوەبردنێکی دادپەروەرانە) (23) .

لە بەریتانیا ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە سیاسەتە گشتیەکاندا ناگاتە ئەو ئاستەی یاسا و دەقە دەستوریەکان (المراسيم الدستورية) هەڵبوەشێنێتەوە هاوشێوەی ئەمریکا ، دادگا ئینگلیزیەکان دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی نادەستوری هیچ دەقێکی پەرلەمانیان نیە ، هەروەها ناتوانن یاسا هەڵبوەشێننەوە لەبەر ئەوەی پێچەوانەی مافی سروشتیە کە بانگەوازی بۆ دەکرێت ، و دادوەرە ئینگلیزەکان پێیان وایە دەکرێت دەستوری نەنوسراو بگۆڕدرێت ، بەڵام هیچ ڕۆڵێکیان ناوێت لەم کارەدا بۆخۆیان و ئەم کارە تایبەتە بە پەرلەمان و دەنگدەران (24) .

---

23- مها عبداللطيف الحديثي و محمد عدنان الخفاجي ، النضام السياسي والسياسة العامة ، دراسة في دور المؤسسات الرسمية وغير الرسمية في صنع السياسة العامة في الدول المتقدمة والنامية ،مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية ، سلسلة الدراسات رقم (7) ، بغداد، 2006م ، ص18

24- سەرچاوەی پێشوو ، ص 19 .

## دووەم : دامەزراوە نافەرمیەکان :

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار کورتنەکراوەتەوە تەنها لە دامەزراوە فەرمیەکاندا ، بەڵکو دامەزراوە نافەرمیەکانیش ڕۆڵی تێدا دەگێڕن ، ئەمە تەنها پەیوەندیدار نیە بەسیستمە دیموکراتیەکانەوە، تەنانەت لە سیستمە دکتاتۆریەکانیشدا دامەزراوە نافەرمیەکان ڕۆڵ دەگێڕن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکان ، ئەگەرچی سیستمە دیموکراتیەکان زیاتر بەپەرۆشن لە بەشداری پێکردنی ڕێکخراو و دامەزراوە کۆمەڵایەتیە نافەرمیەکان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ڕەخساندنی هەل بۆ ئەو ڕێکخراوانە بۆ پێشکەشکردنی بۆچونەکانیان سەبارەت بە بابەتە گشتیەکان .

لەبەر هەستیاری بڕیارە سیاسیەکان بە هۆی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرژەوەندیەکانی بەشێکی فراوانی گەل چ بە ئەرێنی یاخود نەرێنی ، دەسەلاًت پێش بڕیاردان (بەتایبەتی بڕیارە چارەنوسسازەکان) هەوڵدەدات بۆچوون و پێشبینی ڕای گشتی بزانێت سەبارەت بە بابەتەکە و حکومەتە دیموکراتیەکان هەوڵدەدەن ڕای گشتی بەشدار بکەن لە دروستکردنی بڕیار بە ڕێگەدان بە پارت و کۆمەڵە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی لە سەندیکا و دەستەو دامەزراوە جیاوازەکان ، جگە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ بەشداری کردن لەوتوویێژەکانی تایبەت بە دروستکردنی سیاسەتی گشتی لە دەوڵەتدا . و گرنگترین ئەم دامەزراوانە بریتین لە :

### 1- ڕای گشتی :

سادەترین پێناسەی ڕای گشتی بریتیە لە " تێڕوانینی ئەندامانی جەماوەر سەبارەت بە بابەتە ناکۆکی لەسەرەکان " ، پێش سەدەی هەژدەی زاینی ڕای گشتی گرنگیەکی بەرچاوی نەبوو بەهۆی ئەوەی تا ئەو کاتە حکومەتەکان گرنگی زۆریان نەدەدا بە ڕای

جەماوەر و ڕۆڵیان لە دیاریکردنی بابەتە سیاسیەکان ، بەلاّم بە هۆی ئەو بیر و بۆچونانەی بانگەشەی ئازادی و یەکسانیان دەکرد و ئەو پێشکەوتنانەی لەگەڵیدا هات لە بواری کۆمەلاّیەتی و تەکنەلۆجیا گرنگی ڕای گشتی زیاتر بوو و ڕۆڵی دەرکەوت و بووە پێکهاتەیەکی کاریگەر لە ئاراستە کردنی دامەزراوە سیاسیەکان و کارکردنە سەر ئەو بڕیارانەی دەری دەکەن .

دەزگاکانی ڕاگەیاندن گەورەترین ڕۆڵ دەگێڕن لە گواستنەوەی ویستی جەماوەر بۆ دروستکەری بڕیاری سیاسی و نێوەندگیری نێوان جەماوەر و دروستکەری بڕیار، جگە لەوەی کار دەکات لەسەر دارشتن و گەلاّڵەکردنی ڕای گشتی و ئاڕاستەکردنی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخەکە ، و تا زیاتر سیستمی حوکمڕانی دیموکراتی و کراوەتر بێت لەسەر کۆمەلگاکەی و ڕاگەیاندن سەربەخۆ بێت لە دەسەلاّتی جێبەجێکردن ، ئەوەندە زیاتر دەربڕی پێداویستیەکانی جەماوەر دەبێت .

## 2- پارت وکۆمەڵە سیاسیەکان :

پارت وکۆمەڵە سیاسیە نیشتمانیەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن بۆ گوزارشتکردن لە بەرژەوەندیە گشتیەکان یان بەرژەوەندی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەلگا ، و دەکرێت بە شێوەی پێشنیاری دیاریکراو بیخاتە بەردەم دەسەلاّتی حوکمڕان . و گرنگترین ئاماژەکان بۆ چالاکی پارتی سیاسی توانای گوزارشتکردنیەتی لە ویست و خواستەکانی جەماوەر چ لە دەسەلاّتدا بێت یان ئۆپۆزسیۆن ، ئەگەر لەدەسەلاّتدا بێت توانای دەردەکەوێت لەڕێگای دەرکردنی بڕیار و سیاسەتە گشتیەکان کە دەربڕی ویست و داخوازیەکانی جەماوەر بێت ، و ئەگەر لە ئۆپۆزسیۆن بێت توانای دەردەکەوێت لە ڕێگای پشتیوانیکردنی بەرژەوەندیەکانی جەماوەر و توانای بەکارهێنانی فشار دژ بە لایەنە دەسەلاّتدارەکان لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو بەرژەوەندیانە .

## 3- کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی (گروپەکانی فشار) (لۆبی):

هەندێك پێناسەی گروپەکانی فشار دەکەن بەوەی بریتیە لە : " کۆمەڵە کەسانێك هەوڵی کارتێکردن دەدەن -بە میکانیزمی تایبەت- لەسەر پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتە گشتیەکان بۆ پاڵنانی بەو ئاراستەیەی بەرژەوەندیە مادی و مەعنەویەکانی ئەندامەکانی بەدی دێنێت بێ ئەوەی هەوڵی بەشداری کردن لە حوکمڕانی یا هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بدەن " (25) .

هەندێکی دیکە پێناسەی دەکەن بریتیە لە : " کۆمەڵێکن هەوڵی بەدیهێنان ئامانجێك یان چەند ئامانجێکی دیاریکراو و گرێدراو بە بەرژەوەندی ئەندامەکانیەوە دەدەن بە هەموو جۆرە میکانیزمێك کە لە توانایاندا بێت ، لە ڕێگای کارلێکردن و فشارخستنە سەر بڕیار وسیاسەتەکانی دەسەلآتی سیاسی ، بەلآم گەیشتن بە دەسەلآت لە ئاماجەکانیدا نیە . (26)

ئەرکی کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی( گروپەکانی فشار) بریتیە لە : داڕشتنی داواکاریەکان و دەربڕینی بۆچونە سیاسی وبەرژەوەندیە ئابوری و کۆمەلآیەتیەکان ، یان فشارکردن بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی بۆ ئەندامەکانی وەك کاری سەندیکاکان ، لەمەوە ڕۆڵی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دیاری دەدات، لەبەرئەوەی داڕشتنی داواکاریەکانی جەماوەر و پێشکەشکردنی بۆ دەسەلآتی حوکمڕان مانای کارتێکردنە لە دروستکردنی بڕیار و ڕەنگە دروستکەری بڕیار بەشێك یان هەموو پێشنیارەکانی وەرگرێت ، زۆربەی

---

25- بطرس غالي ومحمود خيري عيسى ، المدخل في علم السياسة ،( القاهرة ، مكتبة الانجلوالمصرية ، الطبعة العاشرة ، 1998م) ، ص316 . هەروەها بڕوانە : مجموعة من اساتذة الاقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة ، مبادىء العلوم السياسية ، (القاهرة ، دار النهضة العربية ، 1990م ) ، ص168 .

26- رجب عبدالحميد ، مبادىء العلوم السياسية ، ( القاهرة ، دار ابوالمجد للطباعة ، 2011) ، ص222 .

جار حكومەتەكان سەرلەبەری پێشنیارەكانی گروپەكانی فشار ڕەت ناكاتەوە بەڵكو مامەڵەیان لەگەڵ دەكات بە پێی گونجاویان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و بەدیهێنانی بەرژەوەندی توێژێكی فراوانی كۆمەڵگا و دژایەتی نەكردنی بەرژەوەندی گشتی یا بەرژەوەندی چینێكی گرنگی كۆمەڵگا یان هاندان و وروژاندنی كۆمەڵەكانی دیكە یاخود ناكۆكی لەگەڵ بۆچونە ڕاگەیاندراوەكانی سیستم .

بەلاّم سەركەوتنی گروپەكانی فشار سەبارەت بە توانای كارتێكردنیان لە دروستكردنی بڕیاری سیاسی دیاری دەكرێت لە ڕێگای تایبەتمەندیە خۆییەكانی كۆمەڵەكە وەك : قەبارەی ئەندامیەتی ، ئاستی یەكگرتوویی كۆمەڵەكە ، ڕادەی گرنگیدانی ئەندامەكانی بە كێشەكانیان ، قەبارەی سەرچاوەكانی دارایی ، سروشتی دەزگاكە لەڕوی تەكنیكی و كارگێڕی گروپەكە ، ئاستی تەبایی و گونجاندنی ئەو دەستە بژێرەی سەركردایەتی دەكات.

هەروەها دیاری دەكرێت لە ڕێگای : ڕۆشنبیری سیاسی باوی ناو كۆمەڵگا ، چونكە نزیكی و لێكچونی رۆشنبیری سیاسی باو ودیار ڕەنگدەداتەوە لەسەر شێوازی كاری گروپەكان بە ئاراستەی كار و بیركردنەوە لە ڕوانگەیەكی نەتەوەیی فراوان ، بەلاّم ڕۆشنبیری سیاسی پەرت و جیاواز دەبێتە هۆی ئەوەی گروپەكان نوێنەرایەتی ئەو دابەشبوون و جیاوازیانە بكەن ، و دواتر جێگیركردنی جیاوازیە سیاسیەكان .

هەروەها سەركەوتنی گروپەكانی فشار دیاری دەكرێت لە ڕێگای سروشتی بابەت و سیاسەتە وروژاوەكان و ئاستی كاریگەری لەسەر كەرتێكی فراوانی جەماوەر.

لە ولاّتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا كە بریتیە لە (كۆمەڵگایەك لە كۆچبەران و هاتووانی نوێ) بەو مانایەی پێكهاتەیەكە لە تێكەڵەیەكی ئیتنی و ئاینی و رۆشنبیری ، و دواتر

جیاوازی لە بەرژەوەندی و گرنگیدان و پێداویستیە کۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسیەکانی چین و توێژەکانی دانیشتوان و هاوڵاتیان ئەمریکا .

بەدەمەوە هاتنی خۆڕسکانەی کۆمەڵگا بۆ ئەم پێویستیانە دروستکردنی یەکێتی و سەندیکای جۆراوجۆر دەخوازێت وەك کۆمەڵە کەناڵێکی گونجاوی زیاتر بۆ دەربڕینی ئەو پێویستی و بەرژەوەندیانە و وەك میکانیزمێك بۆ بەشداریکردنێکی کارا لە ژیانی گشتی و کارتێکردن لە سیاسەتە حکومیەکان .

گروپەکانی فشار کاردەکەنە سەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی بە دوو ڕێگای سەرەکی : یەکەم لە ڕێگای چاوپێکەوتن لەگەڵ یاسادانەران و فەرمانبەرە گشتیەکان ، و دووەم بە فشار خستنە سەر دروستکەرانی سیاسەت بەبەکارهێنای شێوازی ناڕاستەوخۆ لەنێویاندا دەزگاکانی ڕاگەیاندن .

## 4- سەنتەرەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە:

سەنتەرەکانی توێژینەوە و لێکۆلینەوەکان یا کە هەندێك جار پێی دەگوترێت ئەمبارەکانی بیرکردنەوە(think tanks ) ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە دروستکردنی سیاسەتی گشتی ، لەبەر ئەوەی ئەو زانیاریە تایبتمەندانەی ئەم سەنتەرانە پێشکەشی دەکەن لە ڕێگای بلاْوکراوە زانستی سیمینارە تایبەتەکانەوە ئاستی بەئاگابوونی دروستکەری بڕیار و دەزگا و تاکەکان بەرزدەکاتەوە و یارمەتیدەریانە بۆ گرێدانی نێوان ڕووداوە مەیدانیەکان و چوارچێوە زانستیە تیۆریەکەی ، بۆیە دەوڵەتە گەورەکان گرنگی دەدەن بە دروستکردن و پشتیوانی سەنتەرەکانی توێژینەوە .

بەپێی سەرژمێریەکانی ساڵی ( 2015 ز) کە ئەنجامدراوە (1828) سەنتەری توێژینەوە لە وولاتەیەکگرتوەکان و (426) سەنتەری توێژینەوە لە چین و(287) سەنتەری توێژینەوە لە بەریتانیا هەن .

ئەم سەنتەرانە هەڵسەنگاندنی گشتگیر دەکەن بۆ سیاسەتەکانی ڕابردوو بە ئامانجی زانینی لایەنەکانی هێز تیایدا بەمەبەستی پەرەپێدانی و لایەنەکانی لاوازی و کەم وکوڕی بەمەبەستی نەهێشتنی ، هەروەها بیروبۆچونی نوێ دەخەنە ڕوو و پێشنیاری سیاسەتە ئەڵتەرناتیڤەکان دەکەن و خوێندنەوە بۆ لێکەوتە دوورمەوداکانی گرتنەبەری سیاسەتێکی دیاریکراو دەکەن چ لێکەوتەی ئەرێنی بێت یان نەرێنی .

بابەتێك هەیە پێی دەگوترێت سیاسەتی دەرگای خولاوە (Revolving Door) لە نێوان سەنتەرەکانی توێژینەوە و پۆستە بالاَکانی ناو دەوڵەت ، بۆ نموونە لە وولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زۆربەی ڕاوێژکارەکانی سەرۆك لەناو سەنتەرەکانی توێژینەوەوە دادەمەزرێن ، بۆ نموونە : هێنری کیسەنجەر ، مارتن ئاندك ، وارن کریستۆڤەر ، ئەلەکسەندەر هیگ ، ریتچارد بێرل ، بۆل وولفیتز، مادلین ئۆلبرایت ، کۆلن پاول، ساموئێل هنتگتۆن ، دۆناڵد ڕامسفێڵد ، دیك چینی ، ریتچارد ئارمیتاج، زەڵمای خەلیل زاد، جۆن بۆلتۆن، فرانسیس فۆکایاما، کۆندا لیزاڕایس ...هتد ، وڕێژەی ( 60٪ ) لە یاریدەدەرەکانی وەزیرانی دەرەوەی وولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە سەنتەرەکانی توێژینەوەوە هاتوون (27) .

---

27- خالد عليوي العرداوي ، تفعيل دور مراكز الابحاث في صنع القرار السياسى العراقي ، في :

fcdrs.com/includes/download.php?type=article&aid=159

سەنتەرەکانی توێژینەوە بریتیە لە ئەلەرمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و خوێندنەوەی دوارۆژ لەرێگای رۆڵگێرانی لە پێشبینی داهاتوو لەسەر بنەماکانی زانستی دوارۆژەکان (Futurology ) بۆ هاوکاری دروستکەرانی بڕیار لە دانانی پلانی ستراتیژی بۆ دوارۆژ ، هەروەها کار دەکات لەسەر ڕاستکردنەوە و گونجاندنی بڕیاری سیاسی بەرپرسان و دروستکەرانی بڕیار بۆ کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی هەڵە و شکست لە دروستکردن وکێشانی سیاسەتی گشتی ، جگە لە ڕۆڵگێرانی لە دروستکردنی ڕای گشتی لەرێگای ڕۆڵی مەعریفی و توانای گردبوونەوە و فشارکردن بۆ بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو یان بەدیهێنانی سیاسەتێکی دیاریکراو (28) .

## 5- پیاوانی خاوەن کار (رجال الاعمال):

زۆر کات پیاوانی خاوەن کار ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ، بەتایبەتی لەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بە بەرژەوەندیە بازرگانیەکانیانەوە هەیە ، بەتایبەتر دوای بڵاوبونەوەی سیاسەتی بازاری ئازاد و فراوانکردن پرۆسەکانی بەتایبەتکردن .

هەروەك چۆن پەیوەندی نێوان خاوەن کارە لۆکاڵیەکان و هاوپیشەکانیان لە دەوڵەتانی دیکە ڕۆڵی گێڕا لە زیادکردنی دەسەڵات و هێزیان لەبەرامبەر دەسەڵاتە حوکمڕانەکان .

لێرەدا ئاماژە بەرۆڵی خاوەن کارەکان دەدەین لە مەغریب و ڕەخنەگرتنیان لە سیاسەتی پاکسازی کە دەوڵەت ڕایگەیاندبوو لە چوارچێوەی پرۆژەی نەهێشتنی گەندەڵی و وتووێژکردنیان لەگەڵ دەسەڵات لە پێناو نەهێشتنی (لێکەوتە نەرێنیەکانی) بە تێڕوانینی خۆیان .

---

28- هەمان سەرچاوە .

له میسر وا باوه سەرۆکەکان لەگەشتە دەرەکیەکانیاندا خاوەن کار و سەرمایەدارەکان بە یاوەری دەبەن لەگەڵ خۆیان ، ولەم ڕووەوە هەوڵەکانیان بەرهەمدار بوو لە پێکهێنانی ژوورێك بۆ بازرگانی ئەمریکی و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی میسری ئەمریکی گرنگی بە بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی نێوان هەردوو وڵات دەدات .

له جەزائیر رۆژ لەدوای رۆژ دەرکەوتنی خاوەن کار و سەرمایەدارەکان لە پێگەکانی سەرکردایەتی پارتە سیاسیە جەزائیریەکان زیاتر دەبێت ، و گوومانی تێدا نیە هەموو ئەم هاتنە پێشەوەیە بەمەبەستی پتەوکردنی پێگەی سەرمایەدارەکانە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی بۆ زامنکردنی بەردەوام بوونی بەرژەوەندیە بازرگانیەکانیان(29) .

---

29- نيفين مسعد ، كيف يصنع القرار في الانضمة العربية ، مجلة المستقبل العربي ، العدد 379 ، بيروت ، مركز دراسات الوحدة العربية ، سبتمبر 2010 ، ص 24- 25 .

## بەشی حەوتەم : یەکەکانی دەرکردنی بڕیاری سیاسی

سێ شێواز هەیە بۆ یەکەکانی دەرکردنی بڕیار و کردەوەی سیاسی بەم شێوەیەی خوارەوە (30) :

### 1- یەکەی سەرکردەی زاڵ (بالأدەست) :

بریتیە لە گرووپێکی بچووك لە بەرپرسان سەرکردایەتی دەکرێن لەلایەن سەرکردەیەکی دەسەلأتخواز ، کە توانای بڕیاردانی هەیە بە بێ ڕەزامەندی ئەندامانی ئەو گرووپە ، بۆیە بڕیارەکان خێران بە هۆی ئەوەی پشت نابەستێت بە ڕاگۆڕینەوەی فراوان تەنانەت لەکاتی ڕاوێژکردنی سەرکردە بالأدەستەکە بە گرووپەکەی خۆی پابەند ناکات بە پێشنیارەکانیان و دەشێت بە هەند وەری بگرێت و دەکرێت فەرامۆشی بکات ، هەربۆیە ئەم سەرکردەیە خەمی گەورەی یەکلایی کردنەوەی بابەتەکانە بە خێرایی پێویست .

### 2- یەکەی سەرکردە –سەربەخۆکان :

گرووپێکە پێك دێت لە سەرکردەیەك و ئەندامانی پەیوەندیدار بە ناوەندە سەربەخۆکانی دەسەلأت ، ئەمەش وا لەو ئەندامانە دەکات سەربەخۆییان هەبێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی ، دەکرێت بریتی بن لە سەرۆکی پارتە سیاسیەکان یان ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگای مەدەنی یان فراکسیۆنە پەرلەمانیەکان یان فەرماندە دەستڕۆیشتووەکانی سوپا یان ئەندامانی پارتی فەرمان ڕەوا ، هەمو ئەندامێك هەڵوێست و

---

30- احمد نوري النعيمي ، عملية صنع القرار في السياسة الخارجية : الولايات المتحدة الامريكية انموذجا ،(عما ن دار زهران للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى ، 2013) ، ص 290- 291 .

تێڕوانینی خۆی دەردەبڕێت و داکۆکیان لەسەر دەکات ، و سەرکردە لەم دۆخەدا وەك دادوەر گوێ لە تێڕوانینە جیاوازەکان دەگرێت و دواتر بڕیار لە بابەتەکە دەدات بە وتوویژ لەگەڵ گرووپە جیاوازەکان و بە شێوەی کۆمەڵ بڕیاری کۆتایی دەدرێت لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی بیروبۆچونەکان .

### 3- یەکەی ڕێپێدراوان :

ئەم گرووپە پێکدێت لە سەرکردە وئەندامان ، بەلاّم لێرەدا ئەندامەکان نوێنەرایەتی خۆیان ناکەن بەڵکو نوێنەرایەتی دەستە و دامەزراوەی دیاریکراو دەکەن و بەناویانەوە قسەدەکەن و نوێنەرایەتیەکانیان دیاریکراوە و پاشان بڕیار لەبابەتە گەورە و هەستیارەکان نادەن تا نەگەڕێنەوە بۆ ئەو دەستە ودامەزراوانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن و ڕاوێژی پێ نەکەن ، ئەمەش هۆکاری خاوی وهەندێك جار سست بوونە لە بڕیاردان ، سیمای دیاری ئەم کۆمەڵەیە جەختکردنەوەیە لەسەر دۆخی ئێستا و دانپیانان و (پاساوهێنانەوە) بۆ سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی سیستمەکە .

## بەشی هەشتەم : هۆکارە کاریگەرەکان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی

کۆمەڵێك هۆکار هەن کار دەکەنە سەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە ڕوی جۆر ، شێواز ، کاریگەری لەسەر دۆخەکە ، لەو هۆکارانە :

### 1- تایبەتمەندیەکانی دامەزراوەی دروستکردنی بڕیار :

دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیار لە سیستەمێکی سیاسیەوە بۆ سیستەمێکی تر دەگۆڕێت و تەنانەت لەناو خودی سیستمێکی سیاسیدا بەپێی ئەو بابەتانەی دەخوازرێت بڕیاری لەبارەوە بدرێت و دامەزراوە جیاوازەکان تایبەتمەندی دروستکردنی بڕیارەکانیان هەیە لە بوارە دیاریکراوەکاندا ، بۆ نموونە وەزارەتی دەرەوە تایبەتمەندە بە پرۆژە یاساکان یان ڕەشنووسی بڕیارەکانی تایبەت بە کاروباری دەرەوە و وەزارەتی دارایی پێشنیاری دەرکردنی ئەو بڕیارانە دەکات کە پەیوەندیدارە بە ڕێکخستنی لایەنی داراییەوە ، وەزارەت و دامەزراوەکان ئەو بڕیارانە دەدەن کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیانەوە یان پێشنیاری دەکەن بۆ لایەنی باڵاتر لەناو سیستمی سیاسی ئەگەر دەرکردنی ئەو بڕیارانە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی بێت ، بەڵام کاریگەری لەسەر جۆری ئەو بڕیارانەی کە دەریدەکات بە ڕوونی دەمێنێتەوە .

بڕیاری سیاسی دەکەوێتە ژێر کاریگەری تایبەتمەندیەکانی دامەزراوەی دروستکردنی بڕیار لە ڕوی ڕێکخستنیەوە و ئەو بنەما و ڕێکارانەی کە بەڕیوەی دەبات و قەبارە و جۆری ئەندامەکانی و پاشخانی کەسایەتیان و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و هزریان(31) .

---

31- موسوعة العلوم السياسية ، سەرچاوەی پێشوو ، ص 486 .

## 2- سروشتی كێشەكەی بابەتی بڕیارەكە (كێشەی جێكەوتی بڕیار):

سروشتی كێشەكەی كە بابەتی بڕیارەكەیە كار دەكات سەر شێواز و جۆری ئەو بڕیارەی كە دەدرێت، و كۆمەڵێك لایەن هەیە كە پەیوەندی بە سروشتی كێشەكەوە هەیە بۆ نموونە : ئاستی پێویستی خودی كێشەكە ، و ئایا بەلای چەند لایەنێكەوە گرنگە یان تەنها بەلای یەك لایەنەوە ؟ و ئایا كێشەكە گشتیە بەواتای بابەتەكە گرنگە بۆ كۆی تاكەكانی كۆمەڵگا و چین وتۆێژەكانی یاخود گرنگە بۆ توێژێكی دیاریكراوی كۆمەڵگا ؟ و ئایا كێشەكە ناوخۆییە یان دەرەكی ؟ و ئایا زانیاری تەواو دەربارەی كێشەكە لەبەردەستە یان كەم و كوڕی لەزانیارییە پەیوەندیدارەكانی كێشەكە هەیە ؟ و ئایا پێویستی بە كردارێكی دیاریكراو هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی كێشەكە یان باشتر وایە هیچ نەكرێت بەرامبەری ؟.

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە زەمینەیەكی باش دەڕەخسێنێت بۆ دروستكەری بڕیار لە هەوڵی دانانی بژاردە بەردەستەكان بۆ مامەڵەكردن لەگەل بابەتەكە .

## 3- چوارچێوەی سیاسی :

چوارچێوەی سیاسی سەرجەم دامەزراوە سیاسیەكان لە خۆ دەگرێت : حكومی و نا حكومیەكان ، وێڕای پرەنسیپە دەستوری و یاساییەكان كە پەیوەندی نێوان لایەنەكانی سیستمی سیاسی بە مانا فراوانەكەی ڕێكدەخات (32).

---

32- احمد ناصوري ، دراسة تحليلية لعملية صنع القرار، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية ، جامعة دمشق، العدد (1) ، المجلد (21) ، 2005م ، ص267 ، هەروەها بڕوانە : موسوعة العلوم السياسية ، سەرچاوەی پێشوو ، ص 487 .

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە هەر وڵاتێکدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری سروشتی سیستمە سیاسیەکەی ، و سروشتی سیستمی سیاسی کاریگەری دەبێت لە سەر سروشتی بڕیاری سیاسی و خێرایی دەرکردنی ، لە سیستمە سیاسیە دیموکراتیەکاندا دروستکەری بڕیاری سیاسی دوچاری فشاری گەورەی ژینگەکەی دەبێتەوە ، بەهۆی میکانیزمەکانی دروستکردنی بڕیار بەو پێیەی دیموکراتیەت پێویستی بە فراوانکردنی زەمینەی گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە هەیە لە کەشێکی ڕوون و ئاشکرا لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕای گشتی و بۆچونەکانی کە دەبێتە هۆی دانانی کۆت و بەند وفشارێکی زۆر لەسەر دروستکەری بڕیاری سیاسی ، و ڕۆڵی دەبێت لەسەر دواکەوتنی بڕیار و خاوی لە بڕیاردان بەهۆی ئەو ترسە زۆر وهەستیاریەی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدایە .

بەلاّم لە سیستمە دکتاتۆریەکاندا ڕای گشتی زۆر بە هەند وەرناگیرێ و حەز بە ڕاوێژکردنی فراوان ناکات لە کاتی بڕیارداندا و بەخێرایی ڕوبەڕوی بابەتەکان دەبێتەوە ، بۆیە فشارەکان لەسەر دروستکەری بڕیار کەم دەبێتەوە و بە ئازادیەکی تەواو دەجوڵێتەوە دوور لە فشاری جەماوەر .

ئەوەی جێگای ئاماژەیە مشتومڕێك دروستبوو سەبارەت بەوەی کامیان باشترە بڕیاری خێرا یان بڕیاری خاو ، بەلاّم بۆچونی دروست سەبارەت بەم بابەتە دەوەستێتە سەر جۆری ئەو بڕیارەی دەخوازرێت دەربکرێت و بارودۆخی دروستکردن و دەرکردنی بڕیار، بڕیاری خاو تایبەتمەندیەکانی پشوودرێژی و خوێندنەوەی قوڵی هەموو ڕەهەندەکانی بابەتەکە لەخۆ دەگرێت و دەکرێت گونجاو بێت لەو بار ودۆخانەی کە بڕیاری خێرا دەخوازێت، و دەشێ لەم دۆخەدا بڕیاری شێنەیی چانسی بەهادار لە دەست دەوڵەت بدات، لە هەمانکاتدا بڕیاری خێرا تایبەتمەندیەکانی پێویستی بەدەمەوەچونی خێرا و دەمودەستی دۆخەکە و بەدیهێنانی وەلاّمی چاوەڕوان نەکراوی بۆ نەیاران تێدایە ، بەلاّم

ئەگەر هەیە کارەساتی گەورە بەسەر دەوڵەتدا بهێنێت و بیخاتە گێژاوێکەوە بەزەحمەت لێی بێتە دەرەوە.

## 4- هۆکارە ئابوریەکان :

هۆکارە ئابوریەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار، لەسەر ئاستی ناوخۆیی بارودۆخە ئابوریەکان رۆلی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە جۆری ئەو بڕیارانەی دەسەلأت دەریدەکات ، لە ولأتە هەژارەکاندا شەرعیەتی دەسەلأتی حکومڕانی پەیوەستە بە ڕێژەی بەدەمەوەهاتنی بۆ پێویستیە ئابوریەکانی جەماوەر کە توانای دابینکردنی پێویستیە سەرەکیەکانی وەك خوێندن و تەندروستی و خواردنی نیە بە بێ پشتیوانی حکومەت و دواتر پێویستە بڕیارەکانی حکومەت بەم ئاڕاستەیەدا بڕوات ، هەروەها پاشخانی کۆمەلأیەتی و دۆخی چینایەتی توێژی حکومڕان (تاڕادەیەکی زۆر) جۆری بڕیارەکانی کەدەریدەکەن دیاریدەکات .

لەسەر ئاستی دەرەوە گەر دەوڵەت خاوەنی ژێرخانێکی ئابوری پتەو بێت یارمەتیدەری دەبێت تا بە ئازادانە هەڵسوکەوت بکات لە بواری دروستکردنی بڕیارە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتی دەرەوە ، هەروەها دروستکەری بڕیار دەپارێزێت لە فشارە نێودەوڵەتیەکان و دەرکردنی بڕیارەکانی بە سەربەخۆیی بەپێی پێویستیەکانی بەرژەوەندی نیشتمانی ، ئەوەش بە پێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەی لە ڕوی ئابوریەوە لاوازن و دروستکەری بڕیار (بڕیارساز) تیایدا دوچاری فشاری ناوخۆیی ودەرەکی دەبێتەوە ئەوەش کاردەکاتە سەر جۆری ئەو بڕیارانەی دەریدەکات ، هەروەها بڕیاردەر ڕووبەڕوو ئاستەنگ دەبێتەوە لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی ناگونجێن لە گەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتانی دیکە، بەتایبەتی ئەگەر لەو دەوڵّتانە بن کە پشتیوان و هاوکاری و کۆمەك و قەرز و یارمەتی پێشکەش دەکەن بە دەوڵەتەکە .

## 5- هۆكاره سەربازیەكان :

بارودۆخی سەربازی لە هەر دەوڵەتێكدا كار لە پرۆسەی دروستكردنی بڕیار دەكات ، تا چەند دەوڵەتەكە بەهێز بێت لە لایەنی سەربازیەوە ئەوەندە سەربەخۆتر دەبێت لە بڕیار و سیاسەتەكانیدا و ئەوەندە دروستكەری بڕیار بەتواناتر دەبێت لە كارەكەیدا دوور لە فشاری نێودەوڵەتی ، بە پێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەی لاوازن لە ڕووی سەربازیەوە كە دروستكەری بڕیاری سیاسی تیایدا دوچاری فشاری گەورە دەبێتەوە لە دەركردنی بڕیارەكان لە بەرژەوەندی دەوڵەتە خاوەن هێزە ساربازیە بەهێزترەكان كە هاوكاری سەربازی پێشكەش بەم دەوڵەتە دەكەن زیاتر لەوەی لە بەرژەوەندی نیشتمانیدا بێت .

لاوازی سەربازی دەوڵەت كار لە جۆری بڕیارەكانی پەیوەست بە دۆخی ناوخۆش دەكات ، لایەنە ئۆپۆزسیۆنە سیاسی و خێڵەكیەكان ، وەك هەندێ ولأتی ئەفریقی فشار دەخەنە سەر دروستكەری بڕیار(بڕیارساز) تا بڕیارەكان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی نیشتمانی دەرنەكەن بەڵكو بەئاراستەی بەدیهێنانی بەرژەوەندی لایەنە دیاریكراوەكان دەركەن كە خاوەنی هێز و چەكن بەرامبەر دەوڵەت .

## 6- هۆكاره كۆمەلأیەتیەكان :

بڕیاری سیاسی كاریگەر دەبێت بە چوارچێوەی كۆمەلأیەتی و سیاسی پرۆسەی دروستكردنی بڕیار ، لە بەر ئەوەی بڕیاری سیاسی جیاناكرێتەوە لەو دۆخە كۆمەلأیەتیەی دەگوزەرێت لەناو ئەو كۆمەڵگایەی كە بڕیارەكەی تێدا جێبەجێدەكرێت ، بگره بڕیاره سیاسیەكان زۆربەیان وەلأمدانەوەن بۆ فشاری دۆخی كۆمەلأیەتی و ئابوری ، و دەربڕینی پێویستی وداواكاریەكانی لایەن و توێژه كۆمەلأیەتیەكانی ناو سیستمی سیاسیە ، لایەنە كۆمەلأیەتیە جیاوازەكان : پارتە سیاسیەكان ، دەستە بژێر و ڕێكخستنە

کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان ، بەشداری دەکەن لە گەلاڵەکردنی ئەو داواکاریانە و گەیاندنی بۆ سیستمی سیاسی لە پێناو دەرکردنی بڕیارەکان لە بارەیانەوە و دامەزراوە سیاسیەکانی دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکان چاوەروانی گەڕانەوەی زانیاریەکان دەکەن ( Feed Back ) لە کۆمەڵگاوە دەربارەی ئەو بڕیارانەی دەرکراون .

7- هۆکارە ئایدیۆلۆژیەکان :

ئایدیۆلۆژیا ، باوەڕی سیاسیە بریتیە لەو " کۆمەڵە بیرۆکە و بڕوا و بنەمایانەی هزرێکی ڕێکخراو پێکدەهێنێت خۆی دەبینێتەوە لە هەڵسەنگاندنی ڕابردوو و شیکردنەوەی دۆخی ئیستا و کێشانی وێنایەکی باشتری کۆمەڵگا و دیاریکردنی ئامرازەکانی گواستنەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایە بە پشتبەستن بە بەهای دیاریکراو کە بەڵگەیەکە بۆ بۆچونەکانی کۆمەڵگا و ڕەفتارەکانی" (33) .

ئایدیۆلۆژیا کاریگەرەکان ڕۆڵ دەگێڕن لە بەدیهێنانی یەکگرتوویی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەیەکە بۆ بەها و بۆچوونە کۆمەڵایەتیەکان ، هەربۆیە ئایدیۆلۆژیا ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر پێشبینیەکانی دروستکەرانی بڕیارە سیاسیەکان و پاشان کار دەکاتە سەر ئەو بڕیارانەی دەریدەکەن، لەبەر ئەوەی سروشتیە پێشبینی و بەها و بۆچونەکانی تاك كار بكاتە سەر ئەو بژاردانەی کە دایدەنێت لە چوارچێوەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و لە هەڵبژاردنەکانی لە قۆناغی دەرکردنی بڕیار.

---

33- قتيبة مخلف عباس السامرائي، اليات الانضمة السياسية في صناعة القرار السياسى ، مجلة سامورای ، المجلد(4) ،العدد(10)، السنة الرابعة ، ايار 2008، ص63 .

## بەشی نۆیەم : ڕێگاکانی دەرکردنی بڕیار

لەڕاستیدا کۆمەڵێك ڕێگا هەن بۆ دەرکردنی بڕیار بۆ نموونە : ڕێگای ڕیزبەندی بڕیارەکان ، ڕێگای درەختی بڕیارەکان ، ڕێگای ئێسکی ماسی ، و لێرەدا باس لە هەندێك لەو ڕێگایانە دەکەین :

### یەکەم: ڕێگای ڕیزبەندی بڕیارەکان (المصفوفة) (Matrix):

پێی دەگوترێت ڕیزبەندی بڕیار (Decision Matrix) ، هەروەها پێی دەگوترێت ڕیزبەندی دەستنیشانکردنی چارەسەر (Solution Selection Matrix) و بە ئاسانترین ڕێگاکانی دەرکردنی بڕیار دادەنرێت .

بیرۆکەی سەرەکی لەم ڕێگایەدا بریتیە لە کارکردن لەسەر دەستنیشانکردنی کۆی باشترینەکانی هەر بڕیارێك ( لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی هەموو بژاردە و ئەڵتەرناتیڤەکان بە گوێرەی سەرجەم پێوەرەکان ) وهەروەها ئامانجەکان (لە ڕێگای دیاریکردنی ڕێژەی هەر پێوەرێك) ، لێرەدا باس لەو هەنگاوانە دەکەین کە پەیڕەو دەکرێن بۆ دەرکردنی بڕیار لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕیزبەندی کردن .

## هەنگاوەکانی بەکارهێنانی ڕیزبەندی بڕیار (Matrix)

### 1- دیاریکردنی کێشەکە یا ئامانجەکە :

بۆ بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە لە دەرکردنی بڕیار ، پێویستە ئامانجەکە بەتەواوی ڕوون بێت لای دروستکەری بڕیار ، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بڕیار دەدرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك ، و ئەگەر ئامانجەکە ڕوون و دیاریکراو نەبوو ئەستەمە بڕیاری گونجاو بدرێت و ناتوانرێت دواتر چاودێری بکرێت ، لە بەر ئەوەی مەبەست لە چاودێری پێوانی ڕێژەی بەدیهێنانی ئامانجە ویستراوەکانە لە پاش دەرکردنی بڕیار .

### 2- دیاریکردنی پێوەرەکانی هەڵبژاردن :

بۆ ئەوەی بڕیاردەر بگات بە باشترین بڕیار لە نێوان بژاردە بەردەستەکاندا پێویستە پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی باشترینیان دیاری بکات کە زۆرترین سوود بەدی دەهێنێت .

### 3- دیاریکردنی کێشی ڕێژەیی پێوەرەکان :

دوای دیاریکردنی پێوەرەکانی هەڵبژاردن یان دەستنیشانکردنی باشترینەکان پێویستە کێشێکی ڕێژەیی بدرێت بە هەرپێوەرێك لەو پێوەرانە ، لەبەر ئەوەی هەندێك پێوەر گرنگترن لە پێوەرێکی تر بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خواستراوەکان.

پرۆسەی دیاریکردنی کێشی ڕێژەیی پێوەرەکان بریتیە لە بابەتێکی گریمانەیی پەیوەستە بە گرنگی هەر پێوەرێك لەو پێوەرانە سەبارەت بەو ئامانجانەی کە دەخوازرێت بڕیاری بۆ دەربکرێت .

4- هەڵسەنگاندنی بژاردەکان لەسەر بنەمای کێشە ڕێژەییەکان :

لەم هەنگاوەدا هەڵدەستین بە کەڕەتکردنی کێشی ڕێژەیی هەر پێوەرێك * هەڵسەنگاندنی هەر بژاردەیەك بۆ هەمان پێوەر .

5- دەرکردنی ئەوبڕیارەی کە زۆرترین خاڵ بەدەست دەهێنێت .

نموونەی جێبەجێکردنی ڕێگای ڕیزبەندی بڕیارەکان (مصفوفة القرارات) :

کۆمەڵەی (X) کۆمەڵەیەکی سیاسیە لە یەکێك لە وڵاتە ئەفریقیەکان هەوڵی ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر ئەندام دەدات بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کە بڕیارە دوای دوو ساڵی دیکە ئەنجام بدرێت ، بەڵام پرسیارێك هاتە ئاراوە سەبارەت بە جۆری ئەو ئەندامانەی پێویستە بهێندرێنە ناو ڕیزی حزبەکەیان ، ئایا گرنگی بە ئاستی خوێندەواری بدات ؟ یان ئاستی داهات ؟ یان پابەندبوونی ڕێکخراوەیی لە لایەن ئەندامە ڕاکێشراوەکانەوە ؟ یان تیشك بخەنە سەر گرنگی جیاوازی ئەندامان لە ڕووی چین وتوێژەوە ( بازرگان ، ڕۆشنبیر ، زانا) ؟ یان گرنگی بدەن بە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ڕەگەز ( نێر و مێ)؟ .

دەرکەوت دەرکردنی بڕیارێکی دیاریکراو لەسەر بنەمایەکی زانستی بۆی هەیە سوودێکی زیاتر بگەیەنێت لەڕێگای ئەو توێژەی کە هێنراونەتە ڕیزەوە و هەل دەڕەخسێنێ بۆ سوود وەرگرتن لە لایەنە باشەکانی بەڵام بە پێی کێشی ڕێژەیی کە سەرکردایەتی حزب دیاری کردووە . سەرکردایەتی حزب کێشی ڕێژەیی ئەو پێوەرانەی کە دایناوە دیاری کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە :

| | | |
|---|---|---|
| 1- ئاستی خوێندەواری | 25 خاڵ | ٪25 |
| 2- ئاستی داهات | 20 خاڵ | ٪20 |
| 3- پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | 20 خاڵ | ٪20 |
| 4- جیاوازی  چینایەتی | 25 خاڵ | ٪25 |
| 5- هاوسەنگی نێوان ڕەگەز | 10 خاڵ | ٪10 |
| | کۆی گشتی = | ٪100 |

**ئەگەر ویستی بڕیاری گونجاو بدات کە بتوانێت ئەندامی نوێ بهێنێتە ڕیزەوە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرانەی ئاماژەی پێدرا بە گوێرەی کێشی رێژەیی کە لەسەرەوە دیاری کراوە ، چۆن پرۆسەی دروستکردن یان دەرکردنی بڕیار ئەنجام دەدرێت ئەگەر بڕیاردرا بە ڕێگای ڕیزبەندی بڕیار ئەنجام بدرێت ؟.**

جێبەجێکردن :

هەنگاوی یەکەم : دیاریکردنی ئامانج :

ئامانج دیاریکرا بەوەی بریتیە لە هێنانە ڕیزی ئەندامی نوێ بۆ ڕیزی کۆمەڵەی سیاسی (X) .

هەنگاوی دووەم : دیاریکردنی پێوەرەکانی دەستنیشانکردن :

ئەو ئەندامانەی کۆمەڵەکە مەبەستیەتی بیانهێنێتە ڕیزەوە پێویستە خاوەنی ئاستێکی بەرچاوی (خوێندەواری ، داهات ، پابەندبوونی ڕێکخراوەیی ، جیاوازی چینایەتی ، هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ڕەگەز )

هەنگاوی سێیەم : دیاریکردنی کێشی ڕێژەیی پێوەرەکان :

کۆمەڵە سیاسیەکە (X) هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەم تایبەتمەندیانە دەدات بەڵام بەپێی کێشی جیاواز ، بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | 25 خاڵ |
| ئاستی داهات | 20 خاڵ |
| پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | 20 خاڵ |
| جیاوازی چینایەتی | 25 خاڵ |
| هاوسەنگی نێوان ڕەگەز | 10 خاڵ |

## هەنگاوی چوارەم : دیاریکردنی ئەڵتەرناتیف و بژاردەکان :

لەبەردەم کۆمەڵەی (X) سێ بژاردە هەیە بۆ هێنانە ڕیز بەم شێوەیە :

بژاردەی (1) : کۆکردنەوە وڕێکخستنی بەتاك و بەکۆی ئەندامان لە یەك کاتدا .

بژاردەی (2) : کۆکردنەوە وڕێکخستنی بەکۆمەڵی ئەندامان .

بژاردەی (3) : کۆکردنەوە وڕێکخستنی تاك تاکی ئەندامان .

دەرکەوت هەریەك لەم سێ ئەڵتەرناتیڤانە هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ دەکرێت بە گوێرەی پێنج پێوەرەکەی کە لە هەنگاوی سێیەمدا باسکراوە .

## هەنگاوی پێنجەم : هەڵسەنگاندنی بژاردەکان لەسەر بنەمای کێشی ڕێژەیی :

بۆ گەیشتن بە باشترینی ئەو سێ بژاردەیەی لە هەنگاوی پێشتردا باسی لێوەکرا هەڵدەستین بە کەڕەتکردنی کێشی ڕێژەیی هەرپێوەرێك لە پێوەرەکانی کە لە هەنگاوی سێیەم باسی لێوەکرا ٭بە هەڵسەنگاندنی هەربژاردەیەك لەو بژاردانەی لە هەنگاوی چوارەم باسی لێوەکراوە بۆ هەمان پێوەر (ئەو خالآنەی هەربژاردەیەك بە دەستی دێنێت بەرامبەر هەر پێوەرێك) بەم شێوەیەی خوارەوە:

## خشتەی ژمارە (1)

## ڕوونکردنەوەی ڕێگای هەڵسەنگاندنی بژاردەکان بە گوێرەی کێشە ڕێژەییەکان

| پێوەرەکان (ئامانجەکان) | کێشی ڕێژەیی پێوەرەکان | بژاردەی (1) | | بژاردەی (2) | | بژاردەی (3) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هەڵسەنگاندنی خاڵەکان | هەڵسەنگاندنی خاڵەکان | هەڵسەنگاندنی خاڵەکان | هەڵسەنگاندنی خاڵەکان | هەڵسەنگاندنی خاڵەکان | هەڵسەنگاندنی خاڵەکان |
| ئاستی خوێندەواری | 25 | 20 | 500 | 15 | 375 | 12 | 300 |
| ئاستی داهات | 20 | 15 | 300 | 17 | 340 | 10 | 200 |
| پابەندبوونی ڕێکخراوەیی | 20 | 17 | 340 | 13 | 260 | 15 | 300 |
| جیاوازی چینایەتی | 25 | 20 | 500 | 16 | 400 | 20 | 500 |
| هاوسەنگی ڕەگەز | 10 | 9 | 90 | 8 | 80 | 8 | 80 |
| کۆی خاڵەکانی هەر بژاردەیەک | | | 1730 | | 1455 | | 1380 |

**بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە بژاردەی یەکەم (1730) خاڵی بەدەست هێنا و بژاردەی دووەم (1455) خاڵی بەدەست هێنا و بژاردەی سێیەم (1380) خاڵی بەدەست هێنا .**

**بە گوێرەی ڕێگای ڕیزبەندی بڕیار، بڕیاری دروست ئەو بژاردەیەیە کە زۆرترین خاڵی بەدەست هێناوە و بژاردەی یەکەم باشترینە ، پێویستە دروستکەری بڕیار پشت ببەستێت بەم بژاردەیە لەبەر ئەوەی بڕیاری باشترینە بە مانای ئەوەی ئەم کۆمەڵە سیاسیە هەڵبستێت بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەندامەکانی بە شێوەی تاک و کۆ لە یەک کاتدا .**

## دووەم : ڕێگای درەختی بڕیارەکان (Decision Tree):

ڕێگایەکی گرافیکی سادەیە یارمەتیدەری بڕیاردەرە بۆ پەسەندکردنی یەکێك لەو بژاردانەی کە دروستکەری بڕیار دەیخاتە بەردەستی .

لە پەیڕەو کردنی ئەم ڕێگایەدا وێنەی بژاردەو ئەلتەرناتیڤەکان بە شێوەی درەخت دەکێشرێ و ئەو دەستکەوتانە لەخۆدەگرێت کە دەکرێت بەدیبهێنرێت لە کاتی دەستنیشانکردنی هەریەك لەو بژاردانە لەگەڵ ئەو زیانانەی ئەگەری ڕوودانی هەیە لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەو بژاردەیە ، هەریەك لە لقەکانی درەختەکە یەکێکە لە بژاردەکان و هەر لقێك دەکرێت دابەش بێت بۆ چەند لقێك لە ئەگەرەکان .

ئەگەر نموونەی پێشتر بهێنینەوە دەربارەی بڕیاری کۆمەڵە سیاسیەکە سەبارەت بە هێنانە ڕیزی ئەندامانی نوێ بۆ ناو حزبەکە بە پەیڕەوکردنی ڕێگای درەختی بڕیارەکان بەم شێوەیە دەبێت .

کۆمەڵەکە بژاردەکانی بەردەستی دیاریکردووە بەم شێوەیە :

بژاردەی (1) کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بەکۆمەڵی ئەندامان .


بژاردەی (2) کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بەتاك و بەکۆی ئەندامان لە یەك کاتدا .

بژاردەی (3) کۆکردنەوە و ڕێکخستنی تاك تاکی ئەندامان .

دەستکەوتەکانی بژاردەی (1) مەزەندە دەکرێت بە 60٪ و زیانەکان مەزەندە دەکرێت بە 40٪ ، بەڵام دەستکەوتەکانی بژاردەی (2) مەزەندە دەکرێت بە 55٪ و زیانەکان مەزەندە دەکرێت بە 45٪ ، لە بژاردەی (3) دەستکەوتەکان مەزەندە دەکرێت بە 45٪ و زیانەکان مەزەندە دەکرێت بە 55٪ ، دەبینین درەختی بڕیارەکان بەم شێوەیە دەبێت :

## فۆڕمی ژمارە (2)

## نموونەی درەختی بڕیارەکان



لێرەدا بژاردەکان ڕێکدەخرێن لەسەر بنەمای ژماردنی دەستکەوت و زیانەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :

یەکەم : بژاردەی (1)

دووەم : بژاردەی (2)

سێیەم : بژاردەی (3)

پرۆسەی دەرکردنی بڕیار پرۆسەیەکی ڕێپیشاندەرانەیە لەسەر بنەمای ژماردنی قازانج و تێچوون (COST-Benefit Analysis ) ، ئەوەی چاوەڕوانکراوە بڕیاردەر بژاردەی ژمارە (1) دەستنیشانکات بەمانای کۆکردنەوە وڕێکخستنی بەکۆمەڵی ئەندامان بەوپێیەی باشترین بژاردەیە .

## سێیەم : ڕێگای هێڵکاری ئیسکە ماسی (Fish Bone Diagram) :

ئەم هێڵکاریە لە ژێر چەند ناوێکدا دەناسرێت بۆ نموونە : ( هێڵکاری ئیشیکاوا ) کە دەگەڕێتەوە بۆ زانایەکی ژاپۆنی بە ناوی کارۆ ئیشیکاوا (Kaoru Ishikawa) ( یەکەم کەس بووە ئەم هێڵکاریەی بەکار هێناوە) ، هەروەها پێی دەگوترێت هێڵکاری شیکردنەوەی هۆکار و لێکەوتە (Cause and Effect Diagram) .

هۆکاری ناولێنانی ئەم هێڵکاریە بە ناوی ئێسکە ماسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێوەی ئەم هێڵکاریە لە بڕبڕەی پشتی ماسی دەچێت ، سەری ماسیەکە بریتیە لە کێشە سەرەکیەکە و هەر ئێسکێکی لاوەکی لە بڕبڕەی پشتی ماسیەکە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی کێشەکە .

## هەنگاوەکانی کێشانی هێڵکاریەکە :

1- دیاریکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی ورد و ڕوون لە ڕێگای (العصف الذهني) (Brainstorming) (واتا ووتووێژکردن و لێکدانەوەیەکی هزری قووڵ و چڕ و پڕ) لە نێوان ئەندامانی تیمەکە کە زەمینەیەکی هاوبەش دەهێنێتە ئاراوە لە نێوان تیمی کارکردن و ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی هاوبەش سەبارەت بە سروشتی کێشەکە و ڕەهەندەکانی .


2- دەستنیشانکردنی هۆکارە سەرەکیەکانی کێشەکە و دانانی لەناو کۆمەڵە لاکێشەیەك لای هەردوو لای ماسیەکە لە ڕێگای ووتووێژکردن و لێکدانەوەیەکی هزری قووڵ و چڕ و پڕ (العصف الذهني) (Brainstorming) .

3- شیكردنەوەی هۆكارە سەرەكیەكانی كێشەكە و گەڕان بەدوای هۆكاری خودی هۆكارەكان و تۆماركردنی وەڵامەكان وەك هۆكاری لاوەكی كێشەكە .

4- پێشنیاركردنی چارەسەرەكان بۆ كێشەكان سەرەتا لە كێشە لاوەكیەكانەوە بۆ سەرەوە تا كێشە سەرەكیەكان .

فۆڕمی ژماره (3)

نموونەیەکی گشتی هێڵکاری ئێسکە ماسی




بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە سەری ماسیەکە بریتیە لە کێشە سەرەکیەکە و ئیسکە سەرەکیەکانی ماسیەکە بریتین لە هۆکارە سەرەکیەکانی کێشەکە کە دەکرێت هۆکارە لاوەکیەکانی لێهەڵەنجێنین لە ڕێگای پرسیار لە هۆکاری هۆکارە سەرەکیەکانی کێشەکە .

## نموونەیەکی سادەکراوی جێبەجێکردنی هێڵکاری ئێسکە ماسی لەسەر دۆخی سیاسی :

کۆمەڵێك ئاماژە کەمی ڕێژەی بەشداربوونی سیاسی هاوڵاتیان لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەردەخات ، تیمێکی تایبەتمەند ڕاسپێردرا بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارە شاراوەکانی پشت کەمی بەشداریکردنی سیاسی و پێشکەشکردنی پێشنیاری پراکتیکی بۆ چارە سەرکردنی ، ئەگەر تیمەکە بیانەوێت کار بکەن بە پەیڕەوکردنی هێڵکاری ئێسکە ماسی دەبێت شێوازی کارکردنیان بەم شێوەیە بێت :

### 1- دیاریکردنی کێشەکەی کە دەخوازرێت چارەسەر بکرێت :

دوای ووتوووێژکردن ولێکدانەوەیەکی هزری چڕ و پڕ و تاوتوێکردنی لە نێوان ئەندامانی تیمەکە و بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك ئاماژە و بەڵگە تیمەکە کۆکبوون کە پاشگەزبوونەوەیەکی بەرچاو لە بەشداریکردنی سیاسی لەو کۆمەڵگایەدا بەدی دەکرێت .

### 2- دیاریکردنی هۆکارە سەرەکیەکانی کێشەکە :

لەڕێگای ووتووێژکردن و لێکدانەوەیەکی هزری چڕ و پڕ و تاوتوێکردن لە نێوان ئەندامانی تیمەکە هۆکارە سەرەکیەکانی پاشگەزبوونەوە لە بەشداریکردنی سیاسی ڕوونبۆوە کە بریتیە لە :

أ- نزمبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی لە کۆمەڵگادا .

ب- ترس لە بەشداربوونی سیاسی بەهۆی نەبوونی ئازادیە گشتیەکان .

ج- هەستکردن بە بێ سوودی بەشداری کردن لە کاروباری گشتی.

د- گرانی تێچووی بەشداریکردن .


ه- کەمی کەناڵەکانی بەشداریکردن .

و- دەگمەنی زانیاریەکان سەبارەت بە بابەتە سیاسیەکان .

(دوای دیاریکردنی هۆکارە سەرەکیەکانی ڕابردوو دەخرێنە ناو کۆمەڵێك لاكێشە لە هەردوولای ماسیەکە ) .

## فۆڕمی ژمارە (4)

**هێڵکاری ئێسکە ماسی بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارە سەرەکیەکانی پاشگەزبوونەوە لە بەشداریکردنی سیاسی لە کۆمەڵگادا**




**بەم شێوەیە ڕووندەبێتەوە سەری ماسیەکە بریتیە لە کێشە سەرەکیەکەی پێویستە بڕیاری لە بارەوە بدرێت و ئێسکە گەورەکانی ماسیەکە هۆکارە سەرەکیەکانی کێشەکەیە کە دەتوانرێت هۆکارە لاوەکیەکانی لێهەڵەنجێنین لە ڕێگای پرسکردن لە هۆکارەکانی هۆکارە سەرەکیەکانی کێشەکە .**

### 3- دەستنیشانکردنی هۆکارە لاوەکیەکانی کێشەکە :

لە ڕێگای پرسیارکردن لە هۆکارەکانی خودی هۆکارەکان بۆ گەیشتن بە هۆکارە لاوەکیەکانی کێشەکە ئەوەی خوارەوە ڕووندەبێتەوە :

أ- کەمبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەڵگا هۆکارەکەی بلاّوبوونەوەی نەخوێندەواری و نەزانین و کەمبونەوەی ڕێژەی پەیوەندیکردن بە قوتابخانەکانەوە .

ب- ترس لە بەشداریکردنی سیاسی بەهۆی نەبوونی ئازادی گشتی و زامن نەکردنی ئازادی ڕادەربڕین لە دەستور و یاساکانی دەوڵەتی دیاریکراو .

ج- هاولاّتی هەست دەکات بەشداریکردنی سیاسی سوودی نیە ، لەبەر ئەوەی سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان ووتووێژە کۆمەلاّیەتیەکان بەهەند وەرناگرێت ، هاولاّتی هەست دەکات ووتوێژ و گفتوگۆ و ڕا وڕاسپاردەکان کە لەناو کۆمەڵگادا ڕوو دەدات ناگاتە دروستکەری بڕیاری سیاسی .

د- هەندێك لە هاولاّتیان پێیان وایە دەستکەوتی بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیارە گشتیەکان ناگونجێت لەگەل ئەو ماندووبوونەی دەیچێژن لە وتووێژ و گفتوگۆ گشتیەکاندا .


هـ- کەمی کەناڵەکانی بەشداریکرن بە هۆی لاوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پارتە سیاسیەکان و دەستە و دامەزراوە کۆمەلاّیەتیەکان .

و- کەمی زانیاریەکان سەبارەت بە بابەتە سیاسیەکان هۆکارەکەی ناڕوونی دۆخی سیاسی کۆمەڵگای دیاری کراوە و زانیاری و ڕاستیە سیاسیەکان ئاشکرا ناکرێن و زانیاریە سادەکان دەشاردرێنەوە کە ئەگەر بخرێنە بەردەس زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی وولاّت ناگەیەنێت .

بەپێی ئەوەی لە ڕابردوودا باسمان لێوەکرد هێڵکاریەکە بەم شێوەیە دەبێت :

فۆڕمی ژمارە (5)

**هێڵکاری ئێسکە ماسی بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارە سەرەکی و لاوەکیەکانی پاشگەزبوونەوە لە بەشداریکردنی سیاسی لە کۆمەڵگادا**



## 4- پێشنیار کردنی چارەسەرەکان بۆ کێشەی پاشگەزبوونەوە لە بەشداریکردنی سیاسی :

لەسەر ڕۆشنایی ئەو شیکردنەوەیەی پێشوو کە لەسەر بنەمای هێڵکاری ئێسکە ماسی کراوە چاوەڕوان دەکرێت تیمەکە ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش بکات بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی لاوازی بەشداریکردنی سیاسی :

1- گرنگیدان بە بلاّوکردنەوەی خوێندەواری و دانانی پلانێکی بەهێز و تۆکمە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.

2- پێداچوونەوەی دەستور و یاسا نیشتمانیەکان بۆ دڵنیابوون لە زامنکردنی ئازادی ڕا دەربڕین .

3- کردنەوەی کەناڵەکانی گفتوگۆ و پەیوەندی نێوان هاولاّتیان و بنکە و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و هێزە کۆمەلاّیەتیە جیاوازەکان لە لایەك و دروستکەری بڕیاری سیاسی لە لایەکی تر .

4- گرنگیدان بە دەرئەنجامەکانی گفتوگۆ و وتووێژە کۆمەلاّیەتیەکان لەکاتی دەرکردنی بڕیارە سیاسیەکان .

5- پشتیوانی پارت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ناحکومی وهاندانیان بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆ و کاری سیاسی ئاشتیانە .

6- پابەند بوون بە ڕوونی (الشفافیە) لە کاروباری گشتی و دابینکردنی زانیاری دروست و تەواو سەبارەت بە بابەتە سیاسیەکان و ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی .

## بەشی دەیەم : دروستکردن و دەرکردنی بڕیار(بڕیارسازی و بڕیاردان) لە بواری سیاسەتی دەرەوە

**چەمکی سیاسەتی دەرەوە ودروستکردنی :** زانایانی سیاسەت کۆك نین لەسەر چەمکێکی دیاریکراو سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە و پێناسەی بێ ئەژمار هەن سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە ، بەڵام دەتوانین تیشك بخەینە سەر چەند پێناسەیەکی بێ لایەن تایبەت بەم بابەتە ، لەبەر ئەوەی بەشێك لە پێناسەکان لەژێر کاریگەری هەندێك هەڵویستی ئایدیۆلۆژی و باوەڕ و...هتد دایە ، لە پێناسە بەناوبانگەکانی سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە : " ئەو نەخشەکارەیە کە دەوڵەت دایدەنێت بۆ دیاریکردنی ئاراستەی چالاکییەکانی لەدەرەوەی سنورەکەی لە پێناو ئامانجێك یان چەند ئامانجێکی دیاریکراو بەبەکارهێنانی سەرجەم ئەو ئامرازانەی لەبەر دەستیدایە لەڕوانگەیەکی ڕاستەقینەوە بۆ ئەو لایەنانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکات " ، لەلایەکی دیکەوە (رۆزناو) ( James Rozenau ) پێناسەی دەکات بەوەی : " ڕێبازێکە بۆ کارکردن ، نوێنەرە فەرمیەکانی کۆمەڵگای نەتەوەیی بە ئاگاییەوە پەیڕەوی دەکەن لە پێناو دانپیانان یان گۆڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە پێشتر دیاریکراوە "(34) .

---

34- حسن سيد سليمان ، المدخل للعلوم السياسية ، (الخرطوم ، مطبعة جامعة افريقيا العالمية ، 2010م) ، ص72—73 .

هەروەها (محمد طه بدوي) پێناسەی دەکات بەوەی بریتیە لە " بەرنامەی کاری دەوڵەت لە بواری دەرەوە " (35) ، و (د. محمد السيد سليم) لە کتێبە ناوازەکەیدا (تحليل السياسة الخارجية) پێناسەی دەکات بەوەی بریتیە لە " بەرنامەی کاری فەرمی ڕاگەیاندراوە کە نوێنەرانی فەرمی دەوڵەت دەستنیشانی دەکەن لە نێوان کۆمەڵە بژاردەیەکی بەرنامەکراوی بەردەست لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو لە سەرئاستی نێودەوڵەتی " (36) .

گومانی تێدانیە زۆری پێناسەکان بۆ تەنها بابەتێك بۆی هەیە ناڕوونی و تێکەڵی دروستبکات سەبارەت بە بابەتەکە ، بەلاَم ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پێناسەکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوە تەواوکەری یەکن و ناکۆك نین و دەکرێت کۆبکرێنەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی ڕابردوو پێناسەی سیاسەتی دەرەوە بکەین بریتیە لە " بەرنامەی کاری حکومەتە پەیوەست بە مامەڵە کردن لەگەڵ ژینگەی دەرەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی نیشتمانی وڵات ، نوێنەرانی فەرمی دەوڵەت هەڵدەستن بە دانان و جێبەجێکردنی، هەروەها دامەزراوە نافەرمیەکان ڕۆڵ دەگێڕن بۆ بەدیهێنانی لە ڕێگای ئەوەی پێی دەگوترێت دبلۆماسیەتی گەل بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەت " .

بەلاَم مەبەست لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە گۆڕینی ئامانجی گشتی دەوڵەت بۆ بڕیارێکی دیاریکراو ، و ئەوەی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە جودا دەکاتەوە

---

35- محمد طه بدوي ، مدخل الى علم العلاقات الدولية ، ( بيروت ، دار النهضة الحديثة، 1972) ، ص 40—41 .

36- محمد السيد سليم ، تحليل السياسة الخارجية ، ( القاهرة ، مكتبة النهضة المصرية ، 1998 ) ، ص12.

له بڕیارەکانی دیکە ئەوەیە دەکەوێتە ژێر کارلێکێکی بێ وێنە ئەویش کارلێکی نێوان ژینگەی ناوخۆ و دەرەوە و ئەو فشارە جیاواز و ناکۆکانەی کارلێکەکە لە خۆی دەگرێت .

لە پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە پێویستە دەوڵەت بەرژەوەندیە نەتەوەیی و ئامانجە بالآکانی دیاریبکات کە لە سیاسەتی دەرەوەیدا دەیەوێت بەدەستی بهێنێت لەگەڵ ئەو ئامرازانەی کە بەکاری دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندی و ئامانجانە (37) .

## ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە :

ئامانجە سیاسیەکانی دەرەوەی هەر دەوڵەتێك خۆی دەبینێتەوە لە :

### 1- پاراستنی سەروەری خاکەکەی و پشتگیریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی :

ئەمە بریتیە لە ئامانجی یەکەم و سەرەکی سەرجەم دەوڵەتان بێ جیاوازی ، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە بوون و مانەوەی خودی دەوڵەتەکەوە هەیە ، هەروەها ئەم ئامانجە پەیوەندی بە هەوڵی بەردەوامی دەوڵەتەکەوە هەیە لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەها و بەرژەوەندیە گرنگەکانی و سیستمە سیاسیەکەی .

دەوڵەتان کۆمەڵێك میکانیزم پەیڕەو دەکەن لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەری خاکەکەی لەوانە : چوونە ناو هاوپەیمانیەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە ، بەدەستهێنانی هاوکاری سەربازی و ئابووری لە دەوڵەتانی دیکە ، مۆرکردنی پەیماننامەی دەستدرێژی نەکردن لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ، یان پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی بێ لایەن کە دژایەتی بۆ دەوڵەتەکە کەمبکاتەوە .

---

37- اسماعيل صبري مقلد ، العلاقات السياسية الدولية : دراسة في الاصول والنضريات ، ( القاهرة ، المكتبة الاكاديمية ، 1991 ) ، ص173 .

## 2- گەشەپێدانی هێزی دەوڵەت :

پێویستە هەر دەوڵەتێك خاوەنی هێزێك بێت کە بتوانێت پارێزگاری لە قەوارە و ئاسایشی بکات ، بەلاّم هەندێك لە دەوڵەتان هێز بەکار ناهێنن بەتەنها بۆ پارێزگاری لە ئاسایش و سنورەکەی ، بەڵکو بەکاری دەهێنن بۆ داگیرکردنی خاکی گەلانی دیکە لە پێناو بەدەستهێنانی سامانی زیاتر بەمەبەستی زیادکردنی خۆشگوزەرانی ئابوری بۆ گەلەکەی .

## 3- زیادکردنی سەروەت و سامان و توانای ئابوری :

هەمو دەوڵەتان هەوڵی بەهێزکردنی ئاستی ئابوری و زیادکردنی سەروەت و سامانەکەی دەدات لە پێناو دابینکردنی ئاستی ژیانی شایستە بۆ هاولاّتیەکانی ، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی جێگیربوونی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ و بەهێزبوونی پێگەی دەوڵەتەکە لەسەر ئاستی دەرەوە .

## 4- بەرگری کردن لە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت وبلاّوکردنەوەی لە دەرەوە :

هەندێك دەوڵەت بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی پەیڕەوی ئایدیۆلۆژیایەکی تۆتالیتاری دەکەن هەوڵی بەرگری کردن لە ئایدیۆلۆژیەکەیان دەکەن ، و هەندێك جار لەوە زیاتریش هەوڵی بلاّوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیاکەیان دەدەن لە دەرەوەی سنوری ولاّتەکە، لەبەر ئەوەی تا چەند سنوری پەیڕەوانی ئایدیۆلۆژیاکەیان فراوانتر بێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەوەندە هاوسۆزی نێودەوڵەتی زیاتر بەدەست دێنن.

## 5- ئامانجە ڕۆشنبیریەکان :

هەموو دەوڵەتێك هەوڵی پشتیوانی و پارێزگاریکردن لە کەلەپوور و کلتوری رۆشنبیری خۆی دەدات بەو پێیەی یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ڕاگرتنی نەتەوایەتی بۆ سەلماندنی بوونی

و دەوڵەتان کۆمەڵێك ئامراز بۆ بەدیهێنانی پەیڕەو دەکەن وەك: هەوڵدان بۆ جەختکردن لەسەر سەربەخۆیی دەوڵەت و سەپاندنی کۆت و بەند لەسەر کۆچکردن بۆ دەوڵەتەکە.

## 6- بەدیهێنانی ئاشتی :

لەدوای شۆڕشی تەکنەلۆجی فراوان لە بواری بەرهەمهێنانی چەك و تەقەمەنی و زیادبوونی توانای کاولکاری شەڕ گرنگیدان بە ئاشتی زیادی کرد ، لە هەمانکاتدا خۆ پڕ چەك کردن بڕێکی زۆر لە بوودجەی وڵاتان دەبات ، ئەمەش دەبێتە هۆی پەکخستنی پرۆژەکانی گەشەپێدان ، هەربۆیە دەوڵەتە دواکەوتووەکان پێویستی زیاتریان بە چەك هەیە لە دەوڵەتە پێشکەوتوو و بەتواناکان ، لەبەر ئەوەی دەوڵەتە دواکەوتوەکان ناتوانن هاوسەنگی بکەن لە نێوان پێداویستیەکانی گەشەپێدان و خۆ پڕچەك کردن ، بەڵام دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەتوانن بەردەوام بن لە پرۆژەی گەشەپێدان هاوتەریب لەگەڵ خۆ پڕچەك کردن(38) .

---

38- سەرچاوەی پێشوو ، ص 130—139

**فاکتەرەکانی دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوە :**

**سیاسەتی دەرەوە لە بۆشایدا کار ناکات بەڵکو لە چوارچێوەی کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی کە کاراترین ڕۆڵ دەگێڕن لە ئاڕاستەکردن و دیاریکردنی ڕێچکەکەی ، گرنگترین ئەو فاکتەرانە بریتیە لە :**

**یەکەم : فاکتەرە ناوخۆییەکان :**

**1- دروستکەری بڕیاری سیاسی (بڕیارسازی سیاسی):**

**هەندێك پێیان وایە هەڵسوکەوتی سەرکردەکان سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان دیاریدەکات ، بەو پێیەی بڕیاری دەرەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئارەزوو و بۆچوون و تێگەیشتنیان ، خۆیان دۆخەکە دەزانن و زانیاریەکانی لە بارەوە کۆدەکەنەوە و بژاردەکان دادەنێن و بڕیارەکان دەردەکەن و جێبەجێی دەکەن و چاودێری و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن ، بۆیە پێویستە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و دەرونیان بۆ بکرێت لە پێناو پێشبینیکردنی ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن ئەوانەوە دەردەکرێن ، بەڵام زۆربەی بیرمەندان پێیان وایە " لە دەوڵەتە خاوەن دەسەڵاتە ناوەندیە توندەکان (شديدة المركزية) سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت لەلایەن دروستکەری بڕیاری باڵا دەست دیاریدەکرێت "، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی جیاوازیە دەروونیەکان لەسەر ئاستی تاك ناتوانێت ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکیانەی بۆ سیاسەتی دەرەوە بکات بەڵکو پێویستە جیاوازە دەرونیەکان تێهەڵکێش بکرێت لە چوارچێوەی تێورێکی فراوانتر بۆ سیاسەتی دەرەوە کە جیاوازیە هۆکاریەکان لەسەر ئاستی دەوڵەت لەخۆ بگرێت و باس لە چۆنیەتی زامنکردنی بۆچوون و بیرو ڕا و بڕیارە**

تایبەتەکانی کارەکتەرە سەرەکیەکان لە بڕیارێکی تایبەت بە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت بکات(39) ، لەبەر ئەوەی دروستکەری بڕیاری دەرەوە کار لە بۆشایدا ناکات بەڵکو لە ژینگەیەکدا کار دەکات کە پێکهاتەی ناوخۆیی ودەرەکی خۆی هەیە و ئەو ژینگەیە کۆت و بەند دەسەپێنێت بە سەریدا و هەلی بۆ دەرەخسێنی بەشێوەیەك گرنگی هەڵسەنگاندنە تایبەتیەکان و بۆچونە کەسێکەی کەم بکاتەوە.

بەلأم بەدڵنیاییەوە ناکرێت نکۆڵی لە ڕۆڵی سەرکردەکان بکرێت لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکانیان ، سەرکردەکان لەگەڵ هۆکارەکانی دیکە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لەم پرۆسەیەدا و تا چەند لەبەردەم شێوازێکی سەرکردایەتی کاریگەر و بەرچاو بین ئەگەری کاریگەری ئەو سەرکردایەتیە لەسەر سیاسەتی دەرەوە زیاتر دەبێت .

## 2- سیاسەتە ناوخۆییەکان :

هەمیشە پەیوەستبونێکی ئۆرگانی و پەیوەندیەکی دیالیکتیکی هەیە لە نێوان هەردوو سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی ، هەریەکێکیان کار لەوەی دیکە دەکات بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو ، بەلأم کارلێکردنی سیاسەتە ناوخۆییەکان لە سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی ڕوونتر دەردەکەوێت لە دوولایەنی گرنگەوە بریتین لە (40) :

---

39- جاك س ليفي ، "علم النفس السياسي والسياسة الخارجية " ،في : "دافيد أو . سيرز وليوني هادى وروبرت جيرفس (تحرير) ، المرجع في علم النفس السياسي ، ترجمة ربيع وهبة ومشير الجزيري ومحمد الرخاوي ،( القاهرة ، المركز القومي للترجمة، 2010) ، ص441 .

40- مجموعة من اساتذة الاقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة ، سەرچاوەی پێشوو ، ص433—435.

**أ- دابەشبوون بۆ سیستمی دیموکراتی و سیستمی دکتاتۆری :**

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار ( هەرجۆرێك بێت) جیاوازە لە نێوان سیستمی دیموکراتی و سیستمی دکتاتۆریدا ، پێویستە دروستکەری بڕیار لە سیستمە دیموکراتیەکاندا بە ئاشکرا گفتووگۆی سیاسەتەکان بکات و لە ناو دامەزراوە جیاواز و پەیوەندیدارەکان بە بابەتەکەوە ، کە دوچاری ڕێگری و فشار زۆر دەبێتەوە و کاتی زۆر دەخایەنێت پێش گەلاَلە کردنی بژاردەکان ودەرکردنی بڕیاری گونجاو و بڕیارەکە خاو دەبێت ، بەلاَم لە سیستمە دکتاتۆریەکاندا دروستکەری بڕیاری سیاسی گرنگی نادات بەم گفتووگۆیانە بەڵکو هەڵدەستێت بە یەکلاکردنەوەی بابەتەکە کە لەلایەکەوە ڕزگاری دەکات لە کۆت و بەندو فشار و لە لایەکی ترەوە بڕیارەکە خێراتر دەکات ، بەلاَم وەك لە ڕابردوودا ئاماژەی پێکرا لایەنی ئەرێنی ونەرێنی کەم ناکاتەوە ، لەبەر ئەوەی بڕیاری خاو تایبەتمەندێتی شێنەیی و بیرکردنەوەی پێویست و خوێندنەوە ولێکدانەوەی تەواو بۆ بابەتەکە لەهەموو لایکیەوە لە خۆ دەگرێت ، بەلاَم دواخستنی بڕیاردان ڕەنگە دەرفەت و بەرژەوەندی زۆرلە کیس دەوڵەتەکە بدات ، لەبەرامبەردا بڕیاری خێرا ئاماژەیەکە بۆ توانای زوو وەلاَمدانەوە ودروست کردنی دۆخی چاوەڕواننەکراو و شۆککردنی لایەنەکانی دیکە ، بەلاَم ئەگەر هەیە هەندێك جار دەوڵەت دوچاری کارەساتی گەورە بکات .

**ب- جێگیربوون و ناجێگیربوون :**

دەستەواژەی جێگیربوونی سیاسی ئاماژەیە بۆ "توانای سیستمی سیاسی بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی و بەدەمەوەهاتنی داواکاریەکانی جەماوەر و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریە ژینگەییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی دەوروبەری بەجۆرێك ڕەوایەتی سیاسی پێویست بەدەست بهێنێت بۆ بەردەوامبوونی، بەشێوەیەك ڕزگاری بکات لە کردەوەی توند و تیژی

یان ئەو ناکۆکیانەی بە زەحمەت کۆنترۆڵ دەکرێن بە ڕێگا ئاشتیەکان و لە چوارچێوەی پابەندبوون بە بنەما دەستوریەکان (41) .

هەندێك کۆمەڵە ئاماژەیەك دادەنێن بۆ پێوانی نا جێگیربوونی سیاسی وەك (42): ژمارەی تیرۆرکردنە سیاسیەکانی ناو دەوڵەت ، ژمارەی ناڕەزاییە گشتیەکان ، بوونی شەڕی پارتی زانی ، ژمارەی قەیرانە حکومیەکانی ناو قەوارە سیاسیەکە ، ژمارەی پاکتاوکردنەکانی کە لە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێت ، ژمارەی کردەوە تێکدەریەکانی ناو سیستمی دەوڵەت، ژمارەی ئەو شۆڕشانەی کە بەرپا بوون لە ناو دەوڵەت ، ژمارەی ڕێپێوانەکانی دژ بە حکومەت ، ژمارەی ئەو کوژراوانەی کە گیانیان لە دەستداوە لە هەموو شێوە توندوتیژیە ناوخۆییەکاندا .

بەڵام ئاماژەکانی ناکۆکیە دەرەکیەکان کە ڕۆڵدەگێڕن لە ناجێگیربوونی سیاسی بریتیە لە : ژمارەی ڕێپێوانەکان دژی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ، ژمارەی ناڕەزاییەتیەکان دژی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ، ژمارەی ئەو سزایانەی کەبەسەر دەوڵەتەکەدا سەپێنراوە ، ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندیە دبلۆماسیەکانیان لەگەڵ پچڕاندووە ، ژمارەی ئەو جارانەی کەباڵیۆزەکانی دەوڵەتەکە بانگکراون یان ژمارەی ئەو باڵیۆزە بیانیانەی لە دەوڵەتەکە دەرکراون ، ژمارەی ئەو هەڕەشانەی لە دەوڵەتەکە کراوە ، ژمارەی ئەو کەڕەتانەی کە هانای بۆ بەکارهێنانی کردەوەی سەربازی بردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەرەکیەکانی ، ژمارەی ئەو جەنگانەی دەوڵەتەکە بەشداری تێدا کردووە ، ژمارەی ئەو

---

41- شيماء محيالدين محمد محمد، العلاقة بين تداول السلطة والاستقرار السياسي للدول الافريقية منذ انتهاء الحرب الباردة ، دراسة حالتي نيجيريا وموريتانيا ، 2014 ، ص210 .

42- عبد الرحمن خليفة ، ايديولوجية الصراع السياسي ، ( القاهرة ،دار المعرفة الجامعية ، د.ت ) ، ص211—212 .

کەڕەتانەی هێزی سەربازی جوڵاندووە بێ ئەوەی بگاتە ئاستی هەڵگیرسانی شەڕ ، ژمارەی ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕوی دەوڵەتەکە کراونەتەوە ، ژمارەی کوژراوەکان لە ناکۆکیە دەرەکیەکان .

لە ڕاستیدا بۆچونێکی باو هەیە کە پێی وایە ناجێگیربوونی ناوخۆیی لە دەوڵەتدا هۆکارە بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێك سەرکێشی لەدەرەوە لە لایەن دەوڵەتەکەوە بە ئامانجی ( یەکخستنی بەرەی ناوخۆ ، و بەهێزکردنی شەرعیەتی سیستمی حوکمڕان ) ، بەڵام هەندێکی تر ئەم بۆچونەیان پێ ڕاست نیە بە پاساوی ئەوەی بە هیچ شێوەیەك شەر نەبۆتە هۆکارێك لە هۆکارەکانی یەك ڕیزی ، بەڵکو زۆربەی جار هۆکارێك بووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگاکان و ڕووخانی سیستمە حوکمڕانەکان .

ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردن و جەخت کردنەوەیە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە جێگیربوونی سیاسی لە ناوەڕۆکیدا بەرهەمی هێزی سەربازی و ئاسایش نیە ، هەرچەندە گرنگن لە پرۆسەی ئاسایش و ئارامی و جێگیربوون ، بەڵکو بەرهەمی ئەو ئامادەسازیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریەیە کە هەموو هێزەکانی کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی دەکاتە پارێزەری ئاسایش و سەرچاوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکانی ئارامی وجێگیربوون .

جێگیربوونی ڕاستەقینە جگە لە ئامادە سازی سەربازی پێویستی بە هەنگاوی سیاسی ڕاستەقینەیە بۆ پتەوکردن و قوڵکردنەوەی متمانەی هاوبەش لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگادا ، تێبینی دەکەین دەوڵەتە پێشکەوتووەکان لە بواری سەربازی وئاسایش و دواکەوتوو لە ڕووی سیاسیەوە ئەو دەوڵەتانەن کە جێگیربوونی سیاسی لەدەست دەدەن بە بچوکترین هۆکار و رووداو ، لە بەرامبەردا ئەو دەوڵەتانەی لە ڕوی سیاسیەوە پێشکەوتون و پێکهاتە و هێزەکانی کۆمەڵگا بەشدارن لە بواری گشتیدا بەپێی کۆمەڵە بنەمایەکی دیار

و ڕوون ئەو دەوڵەتانەن کە جێگیرن و یەکڕیزن و توانای ڕووبەڕوبوونەوەی پلان و نەخشەی دوژمنانیان هەیە (43).

و ناجێگیربوونی سیاسی لە کۆمەڵێك لایەندا ڕەنگدەداتەوە وەك :

1- ناجێگیربوونی حکومی :

ناجێگیربونی حکومی بەمانای گۆڕانکاری خێرا و یەك لەدوای یەك لە دەسەڵاتی حکومڕاندا کە یەکێکە لەو دیاردە گرنگانەی ناجێگیربونی حکومی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت ، ئەم دیاردەیە یەکێکە لە تایبەتمەندیە دیارەکانی پرۆسەی سیاسی لە زۆربەی دەوڵەتە دواکەوتووەکان، بۆ نموونە لە دەوڵەتێکی وەك (هندۆراس ) دەسەڵاتی جێبەجێکردن (616) جار گۆرانکاری بەسەردا هاتووە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1824ز - 1950ز )، و لە وڵاتی (ئیکوادۆر) (41) جار سەرۆکی وڵآت گۆڕانکاری بەسەردا هات لەماوەی نێوان ساڵانی ( 1940ز - 1949ز )، هەروەها لە وڵآتی ( بۆلیڤیا) لەماوەی نێوان ساڵانی (1941ز - 1951ز) هیچ کام لە سەرۆکەکانی ماوەی دەستوری سەرۆکایەتیان تەواو نەکرد .

---

43- محمد محفوض ، في معنى الاستقرار السياسي ، صحيفة الرياض ، العدد 13819 ، 25 أبريل 2006 .

ژمارەی گۆڕانکاریە وەزاریە زۆرەکانی کە هەندێك لە سیستمەکانی حوکمڕانی ئەنجامی دەدەن ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ دۆخێکی ناجێگیربوون لە سیستمی سیاسی ، هەندێك پێیان وایە یان دەرئەنجامی ناکۆکی نێوان باڵە سیاسیەکانی ناو سیستمی سیاسیە ، یان لەئەنجامی ململانێ و سازشکاری ناو سیستمی سیاسیە ، یان ئاماژەیەکە بۆ بێ توانایی سیستمی سیاسی لە دەستنیشانکردنی کەسایەتیە گونجاوەکان بۆ وەرگرتنی پۆستە سیاسیەکان .

بەلأم گۆڕانکاری وەزاری خێرا لەهەموو بارێکدا دەبێتە هۆی لاواز بوونی سیستمی سیاسی ، دەکرێت لەچوارچێوەی پەرەپێدان و چاکسازیدا ئەنجام بدرێت و ڕەنگە گوزارشت بکات لە توانای بەدەمەوەهاتنی چالاکانەی سیستمی سیاسی و توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ بەرەوپێشچونی ڕوداوەکان ، لەهەمان کاتدا گۆڕانکاری نەکردنی وەزاری مەرج نیە ئاماژە بێت بۆ جێگیربوونی سیستمی سیاسی و بەهێزبوونی ، ڕەنگە سیستمی سیاسی وەك خۆی بمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەلأم لەناوخۆدا دوچاری داخوران بێت ، یا بەردەوام دەبێت بە پشت بەستن تەنها بە هێزی سەربازی بەلأم بێ توانا لە بەدیهێنانی داخوازیەکانی هاولأتیان و ڕەوایەتی لەدەست دەدات لەدیدگای ئەوانەوە .

2- ناجێگیربوونی پەرلەمانی :

پەرلەمان دەنگی گەلە و پەرلەمانەکان - زیاتر- شەرعیەتیان پێدەدرێت لەلایەن گەلەوە ئەمەش هۆکاری بەهێزبوونی پێگەی پەرلەمانە لەبەرامبەر دەسەلأتەکانی دیکە ، هەندێك جار پەرلەمان هەڵدەوەشێندرێتەوە لە لایەن دەسەلأتی جێبەجێکردنەوە پێش کۆتایی ماوەی یاسایی، لە بارودۆخی تردا هەندێك لە پەرلەمانتارەکان ئەندامیەتی لەدەست دەدەن هەروەك لە ڕوداوی هەڵوەشانەوەی حزبی شیوعی سودانی لە ساڵی 1965ز ڕویدا ، یان ژمارەیەکی بەرچاو لەپەرلەمانتاران دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان

پێشکەش دەکەن بۆ پەکخستنی کاری پەرلەمان بەتایبەتی لەو پەرلەمانانەی ئەرکی دەرکردنی دەستووره ،و دەست لەکارکێشانەوە بەکۆمەڵەکان وادەکات پەرلەمان توانای دەرکردنی دەستووری نەبێت، هەموو ئەمانەش لەچوارچێوەی مانۆڕێکی سیاسی ئەنجام دەدرێت ، له هەموو دۆخەکاندا ئەم جۆره ڕوداوانه ئاماژەن بۆ ناجێگیربوونی پەرلەمانی وبه نەرێنی ڕەنگدەداتەوه لەسەر کۆی کاری سیستمی سیاسی .

3- ناجێگیربوونی ڕەفتاری سیستمی سیاسی :

ئاماژەیه بۆ گۆڕانکاریه خێراکان و گواستنەوەی لەناکاوی هەندێك له سیستمه سیاسیەکان له ئایدیۆلۆژیایەك بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی تر، بێگومان ناکرێت بانگەشەی ئەوه بکرێت هەموو سیستمه سیاسیەکان بەپێی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بەڕێوه دەچن بەمانای زانستی وشەکه ، لەبەر ئەوەی زۆربەی سیستمه سیاسیەکان پشت دەبەستن به تێکەڵەیەك له بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا دایاندەڕێژێت له چوارچێوەی ئامانجەکان و بەرنامه سیاسیەکانی و ڕەنگه ماوەیەك لەسەری بەردەوام بێت پاشان هەنگاو بەهەنگاو و بەشێوەیەکی ئاسان دەگوازرێتەوه بۆ بیرو باوەڕ و دیدی نوێ ، بەڵام سیستمه ناجێگیرەکان بەخێرایی دەگوازرێنەوه له ئایدیۆلۆژیایەکەوه بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی تر و له تیۆرێکی هزری بۆ تیۆرێکی تر له چوارچێوەی کردار و پەرچەکردار وەك ئاماژەیەك بۆ نەمانی تێڕوانینی سیاسی سیستمی سیاسی کەدەبێته هۆی ئەوەی سیستمی سیاسی متمانه لەدەست بدات و ڕەوایەتی (شەرعیەتی) بکەوێته ژێر پرسیارەوه و ئایندەی ڕوو بەڕووی هەڕەشه ببێتەوه .

4- بارودۆخی ئابوری :

پێشکەوتنی ئابوری دەوڵەت دەبێتە هۆی زیادبوونی تواناکانی و بەشێوەیەکی ئەرێنی ڕەنگدەداتەوە لە سەر جێگیربوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەوەش سەلمێنراوە لە نووسینی نوسەرە سۆسیالیستەکان کە پێیان وایە بارودۆخی ئابوری دەوڵەت ڕەفتاری دەرەکی دەوڵەت دیاری دەکات ، لەوبارەیەوە فلادیمێر ئیلیچ (لینین) لە کتێبی (ئیمپریالیزم بلاّترین قۆناغەکانی سەرمایەداریە) ئاماژەی پێداوە و ڕوونی کردۆتەوە پێشکەوتنی سەرمایە و زیادبوونی بەرهەمی پیشەسازی لە ئەوروپا پێویستی کرد دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ئیستعماری دەوڵەتە دواکەوتوەکان بکەن لە پێناو گەیشتن بە کەرەستەی خاوی هەرزان و دەستی کار و بازار ، دواتر بارودۆخە ئابوریەکان رۆڵی کاریگەریان بینی لە دروستبوونی بۆچوون و سیاسەتی دەرەوەیان ، ئەم بابەتە تەنها لەلایەن سۆسیالیستەکانەوە هەڵوێستەی لەسەر نەکرا ، لەوبارەیەوە بیرمەندی ڕۆژئاوایی ( واڵت رۆستۆ) قۆناغەکانی بوژانەوە و بەرەوپێشچوونی دەوڵەتی گرێداوە بە ڕەفتارە دەرەکیەکانی و ڕوونی کردەوە دەوڵەت لە قۆناغی کلاسیکی و خۆ ئامادەکردن بۆ دەسپێك لاواز دەبێت و خۆی بەدور دەگرێت لە دوژمنکاری ، بەلام لە قۆناغی دەسپێکدا بەرەو دوژمنکاری هەرێمی هەنگاو دەنێت و ویستی فراوان بوون و پەل هاویشتنی دەبێت ، بەلاّم لە قۆناغی زیاد بەکاربەری (الاستهلاك الوفیر) و ویستی فراوانخوازی کەمدەبێتەوە ، لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی زیادە لەتوانا سەربازیەکانی کەمدەکاتەوە .

دووەم : فاكتەرە دەرەكیەكان :

1- سیستمی ئابوری نێودەوڵەتی :

پێویستە دروستكەری سیاسەتی دەرەوە زانیاری باشی دەربارەی ڕەهەندەكانی سیستمی ئابوری نێودەوڵەتی هەبێت و پێگەی دەوڵەتەكەی لەو سیستمەدا بزانێت بەهۆی كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جۆری ئەو بڕیارانەی دەگونجێن لەبواری سیاسەتی دەرەوە، سەرەڕای ئەو گۆڕانكاریە قولأنەی لە هەلۆەشاندنەوەی یەكێتی سۆڤێتەوە لە سیستمی نێودەوڵەتی ڕوویانداوە ، بەلأم سیستمی ئابوری نێودەوڵەتی تائیستا پارێزگاری لە تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی خۆی كردووە كە بریتیە لە دابەشبوونی جیهان بۆ باكووری دەوڵەمەند و باشووری هەژار و پاشكۆی ناوەندی سەرمایەداری جیهانی .

تێگەیشتنی ئەم ڕاستیە وادەكات بڕیاری دەرەكی گوزارشت لە بارودۆخە دروستەكە بكات و لەتواناى دروستكەری بڕیاری دەرەكیدایە ئەگەر نمایندەی دەوڵەتێكی بەهێزی ئابوری بكات ئامرازە ئابوریەكانی وەك هاوكاری و قەرز و یارمەتیەكان بەكاربهێنێت لە چوارچێوەی ئامرازەكانی سیاسەتە دەرەكیەكانیدا بەتایبەتی لە مامەڵەكردن لەگەڵ دەوڵەتە هەژار و دواكەوتوەكاندا ، هەروەها پێویستە دروستكەری بریاری دەرەكی لە ولأتە هەژارەكان درك بەم هاوكێشەیە بكەن و بزانن تاچەند دواكەوتنی دەوڵەتەكە زیاتر بێت ئەوەندە چانسی كەمتر دەبێت لە پەیڕەو كردنی سیاسەتێكی سەربەخۆ كەوا پێویست دەكات شێوازی گونجاوتر دیاری بكات تا بتوانێت بەرژەوەندیە دەرەكیەكانی بەدی بهێنێت لەچوارچێوەی ئەم بارودۆخەی كە هەیە .

2- سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی :

بارودۆخی سیاسی نێودەوڵەتی وەك کارەکتەرێکی سەرەکی کاریگەری لەسەر دۆخی دەوڵەت دەبێت لە ڕووی بەهێزی و لاوازیەوە نەك تەنها سەبارەت بە دەوڵەتە لاوازەکان بگرە دەوڵەتە بەهێزەکانیش ، و بارودۆخی سیاسی نێودەوڵەتی بە توندی کار لە دروستکەری بڕیار و بژاردەکانی بەردەستی دەکات ، چانسی بەردەم دەوڵەتە لاوازەکان کەمدەکاتەوە بە شێوەیەکی بەرچاو و هەل دەڕەخسێنێت لەبەردەم دەوڵەتە جەمسەر و بەهێزەکان و پێویستە دروستکەری بڕیار لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەبکات ، و لەو بارودۆخەدا هەوڵی زیادکردنی دەستکەوتەکانی دەوڵەتەکەی و خۆپاراستن لە زیانەکان بدات بەهاوکێشەیەك بەرژەوەندی نیشتمانی بەدی بهێنێت و لەهەمانکاتدا ئاسایشی نەتەوەیی و کەرامەتی نیشتمانی بپارێزێت .

**وێناکردنێکی سادە بۆ چۆنیەتی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە** (44) :

1- دەرکەوتنی ڕووداو :

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە بواری سیاسەتی دەرەوە کاتێك دەست پێدەکات کە دەوڵەت دوچاری ڕوداوێك یان هەڵوێستێك دەبێتەوە پێویست دەکات بڕیارێك بدرێت بۆ ڕوو بەڕووبونەوەی ئەو هەڵوێستە ، ڕەنگە هەڵوێستەکە بریتی بێت لە پێشنیاری چوونە ناو بەرەیەك یان یەکێتیەکی ئابوری، یان سیاسی ، یان هاوپەیمانیەتیەکی سەربازی ، یان ڕەنگە قەیرانێکی نێودەوڵەتی یان هەرێمایەتی لەناکاوبێت و دەشێت ڕەفتارێکی دوژمنکارانەی لایەنێکی دەرەکی بێت ، یان دەست تێوەردانێکی سیاسی یان سەربازی لە کاروبارەکانی دەوڵەت بێت لەلایەن لایەنێکی دەرەکیەوە ....هتد لەو هەڵوێستانەی کە پێویست بە دەرکردنی بڕیارێکی دیاریکراو دەکات .

پێویستە بزانرێت کە بابەتەکە ئەوەندە ئاسان نیە بەهۆی ئەوەی دەوڵەت لە یەك ساتدا دوچاری ژمارەیەکی زۆر لە ڕووداو دەبێتەوە کە پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ، ڕەنگە هەڵوێست و ڕوداوەکان ڕێژەیان ئەوەندە زۆر بێت پێویست بکرێت ڕێکبخرێن تا مامالەیان لەگەڵ بکرێت بە پێی گرنگیان ، هەروەها پێویستە ئەو بڕیارانەی کە دەوڵەت دەریان دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕووداوە جۆراوجۆرانە گونجاوبن و پێچەوانە و ناکۆکیان لە نێواندا نەبێت و بڕیارەکان هەماهەنگیان لە نێواندا هەبێت ، ئەوەش وادەکات دروستکەرانی بڕیار ئەرکی زیاتر لە ئەستۆ بگرن .

---

44- سەرچاوەی پێشوو ، ص448 -451

2- دیاریکردنی هەڵوێست :

دیاریکردنی (هەڵوێست یا ڕووداو ) یەکەم هەنگاوە بۆ دروستکردنی بڕیار دوای دەرکەوتنی هەڵوێستەکە و لایەنە بەرپرسەکان لە دروستکردنی بڕیار ئەنجامی دەدەن ، ڕووداوەکە دەستنیشان دەکەن وشیکردنەوەی بۆدەکەن و هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام دەدەن لە هەموو ڕەهەندێکەوە ، ئەوەش لە ڕێگای وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بە بابەتەکەوە وەك: ئایا ئەو دۆخەی ڕوویداوە پەیوەندی بە بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی دەوڵەتەکەیانەوە هەیە ؟ لەو بەرژەوەندیانە دەدات؟ ئایا بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوەڕۆکی ئەو بەرژەوەندیانە دەدات یان لاوەکیانە کاری تێدەکات ؟ ئایە پێویست دەکات جوڵە بکرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی هەڵوێستەکە ؟ .

سەبارەت بە دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیار لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت و تا چەند دامەزراوەی دروستکردنی بڕیار کامڵ تر بێت ئەوەندە دامەزراوەیەکی ئاڵۆز دەبێت و (دروستکەرانی بڕیارەکان) زیاتر دەبن ، ئەوانیش وەك سیستمێکی لاوەکی بۆ دامەزراوەی دروستکردنی بڕیار ، بەلآم ئەم سیستمە لاوەکیانە هەمان کاریگەریان نابێت بەڵکو ڕۆڵی هەریەك لەو سیستمە لاوەکیانە دەوەستێت لەسەر سروشتی خودی بڕیارەکە لەو ڕووداوانەی سروشتێکی سیاسیان هەیە ڕۆلی وەزارەتی دەرەوە دەردەکەوێت ، و لە دۆخی هەڕەشەی سەربازی ڕۆڵی سیستمی لاوەکی دیکە دەردەکەوێت وەك وەزارەتی بەرگری و دەزگای هەوالگری ،و دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ، و تاچەند سیستمی سیاسی پێشکەوتوو بێت ڕێژەی کامڵ بوونی دامەزراوەی دروستکردنی بڕیار زیاتر دەبێت ، و تایبەتمەند تر دەبێت و ڕۆڵی کاریگەرتر دەبێت .

3- دانانی ئەلتەرناتیڤەکان :

لەم قۆناغەدا دروستکەری بڕیار ئەلتەرناتیڤە بەردەستەکان دەخاتە ڕوو لەبەر ڕۆشنایی تواناکانی دەوڵەت و هاوپەیمانە ڕاستەقینەکان و ئەوانەی ئەگەری بوون بە هاوپەیمانیان هەیە ، و شارەزایەتیەکانی ڕابردووی دەوڵەت لە ڕووداوە هاوشێوەکاندا ، لەگەڵ ئەزمونە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکانی لەم بارەوە، لەگەڵ خستنە ڕووی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی هەر ئەلتەرناتیڤێك لەو ئەلتەرناتیڤانەی خراونەتە ڕوو، وە جموجۆڵەکانی لایەنی بەرامبەر دژ بە هەر ئەلتەرناتیڤێك و لێکەوتە لاوەکیەکانی هەر ئەلتەرناتیڤێك و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی .

4- دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیاری گونجاو :

هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا دەرکردنی بڕیار بریتیە لە دەستنیشانکردنی یەکێك لەو بژاردانەی دروستکەری بڕیار یان دامەزراوەی دروستکردنی بڕیارەکان ئامادەی کردووە ، ئەمەش قۆناغێکی زۆر قورس و ئاڵۆزە و دروستکەری بڕیار لەم قۆناغەدا دوچاری زەحمەتیەکی زۆر دەبێتەوە وەك : ناڕوونی و تەم ومژاوی دۆخەکە ، کەمی کات ، ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان ...هتد .

بەلاَم قۆناغی جێبەجێکردنی بڕیار بریتیە لە پرۆسەی گواستنەوەی بڕیار لە دۆخی تیۆری بۆ دۆخی پراکتیکی و بەکردارکردنی ، لەم ڕێگایەوە هەڵویستی سیاسی دەرەوەی دەوڵەت دیاریدەکرێت سەبارەت بە بابەتی دیاریکراو ، و بڕیار جێبەجێدەکرێت لە ڕێگای چەندین ئامرازەوە لەوانە : دبلۆماسی ، بابەتە ئابوریەکان ، یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی ، یان ئامرازەکانی بانگەشەکردن .

سەرکەوتنی جێبەجێکردنی بڕیار بەندە بە کۆمەڵێك هۆکار لەوانە : دەرکردنی بڕیاری ڕاست و گونجاو بۆ ڕوو بەڕووبونەوەی دۆخەکە ، بوونی دامەزراوەی جێبەجێکردنی خاوەن توانای بەهێز ، و هەڵبژاردنی ئامرازە گونجاوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانج ، بوونی ڕێژەیەکی پێویست لە نەرمی نواندن بۆ ئەوەی لەڕێگایەوە بتوانرێت بەرپەرچی ئەو گۆڕانکاریانە بدرێنەوە کە ڕەنگە بێنە پێش دوای جێبەجێکردنی بڕیارەکە (45).

5- گەڕانەوەی زانیاریەکان :

مەبەست لەم قۆناغە هاتنەوەی زانیاریەکان بۆ دامەزراوەی دەرکردنی بڕیار لە بواری سیاسەتی دەرەوە سەبارەت بە ئەنجامی ئەو بڕیارانەی دەریکردوە ، تا لە داهاتودا ئەو دەزگایانە بەکاری بهێنن بۆ ڕێنمایی و ئاراستەکردن لە کارەکانی دواتریدا ، بەمانای کاردانەوەی دواتری ، ئەگەر ئەنجامەکان ئەرێنی بوو ئەگەری دووبارە بوونەوەی کارە سەرەکیەکە و ڕۆیشتن بە هەمان ئاراستە هەیە ، و ئەگەر ئەنجامەکان نەرێنی بوون ئەگەری کاردانەوەی جیاواز و نەچوون بەهەمان ئاراستە هەیە ، هەموو ئەمانەش دەوەستێتە سەر ڕێژەی سەرکەوتنی کارە سەرەکیەکە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت . (46)

---

45- احمد عارف الكفارنة ، العوامل المؤثرة في عملية اتخاذ القرار في السياسة الخارجية، دراسات دولية ، العدد الثانى والاربعون ، ص19.

46- سەرچاوەی پێشوو ، ص 20 .

## ئاستەنگەکانی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە :

جگە لەو ئاستەنگە کلاسیکیانەی پەیوەستن بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری دەرەوە وەك : توانای بەدەست هێنانی زانیاری تەواو و دروست سەبارەت بە بابەتەکە و خێرایی لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی بە شێوازێکی زانستی دروست کە پێویست بە بوونی کادر دەکات لە بواری دروستکردنی بڕیار توانای تێگەیشتن و خوێندنەوەی دۆخی نێودەوڵەتیان هەبێت بەشێوەیەك بتوانن بژاردەی دروست و گونجاو دابنێن و دەسەڵاتی حوکمڕان توانای دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکان و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی هەبێت و سود وەرگرتن لە گەڕانەوەی زانیاریەکان و ئەو بابەتانەی دیکە کە پێویست بە کۆکردنەوەی بەردەوامی سەرچاوەکان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان .

هەروەها لەم ساڵانەی دوایدا کۆمەڵێك ئاستەنگی نوێ لەم بوارەدا دەرکەوتن لە ئەنجامی پێشکەوتنی خێرا لە بواری ئامرازەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی ، ئەم پێشکەوتنانە ئاستەنگی گەورەی دروست کرد لەبەردەم دروستکەری بڕیار لە بواری سیاسەتی دەرەوە کە وای پێویست کرد خوێندنەوە و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکاندا ، لەدیارترین هەوڵەکانی عەرەب لەم بوارەدا هەنگاوەکانی (مرکز المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة) و ( مرکز الاهرام) لە قاهیرە ، بۆ نموونە بلاْوکراوەی ( اتجاهات الاحداث) (Trending Events) کە لەلایەن (مرکز المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة )لە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو دەردەچێت هەستا بە تایبەتکردنی پاشکۆکەی کە لەژێر ناوی (مفاهیم المستقبل) ( Future Concepts) دەردەچێت وگرنگی بە شیکردنەوەی دەستەواژە و بۆچوونە تیۆریە نوێیەکان یا پێشکەوتوەکان دەدات ، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی ئاستەنگەکانی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە کە گۆڤارەکە نازناوی (عصر انعدام الیقین) ی لێنا .

پاشکۆکە چوار وتاری گرنگی لەخۆگرتووە ، وتاری یەکەم بەناونیشانی (اتجاهات التعقيد في صنع السياسة الخارجية ) و دووەم بەناونیشانی ( تداعيات التداخل بين التاريخ والعلاقات الدولية) و سێیەم بەناونیشانی (تاثيرات المعلومات على صناعة القرار الخارجى)، وتاری چوارەم بەناونیشانی ( معوقات "الرشادة " في السياسة الخارجية ) (47) .

ئەم پاشکۆیەی کە ئاماژەمان پێدا کێشە و ئالۆزیە لەناکاوەکانی بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و کاردانەوەی لەسەر دروستکەری بڕیاری دەرەکی کورت و پوخت کردۆتەوە لەم خالآنەی خوارەوەدا :

1- ئالۆزبوونی دۆخی نێودەوڵەتی و تێکپرژانی :

هەروەك لە پاشکۆکەدا هاتووە دەروازە تیۆری و پراکتیکەکانی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە توانای تێگەیشتنی گۆڕانکاریە لەناکاوەکانی نەماوە کە دووچاری سیستمە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان دەبێتەوە.

وای لێهاتووە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری بەردەوام و ئالۆزی و دۆخی ناڕوونی و دڵنیانەبوون و لەدەستدانی توانای پێشبینی کردن دەبێتەوە.

ناکۆکیەکی ئاشکرا سەری هەڵداوە لە سەر ئەرك و ڕۆڵەکانی سیاسەتی دەرەوە ، ڕۆڵی فەرمی کلاسیکی هەیە کە دبلۆماسیەتی فەرمی دەوڵەت پەیڕەوی دەکات ، و هەروەها ڕۆڵی دەرەکی هەندێك لە هەرێمەکانی ناو بەشێك لە دەوڵەتان هەیە کە ناسراوە بە دبلۆماسیەتی هاوتەریب (Para –Diplomacy ) ، هەروەها پەیوەندی نێوان گەلان کە

---

47- مركز المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة ، مجلة اتجاهات الاحداث (ملحق مفاهيم المستقبل) ، ابو ضبي ، العدد(15) ، يناير- فبراير، 2016م .

دواتر گەلاڵە کرا و ناسرا بەناونیشانی دبلۆماسیەتی گەل ( Popular Diplomacy) ، هەروەها دبلۆماسیەتی ڕێگای دووەم (Second Track Diplomacy) کە پشتیوانی دەکرێت لەلایەن کۆمپانیاکانی سنوور بڕ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی ، ئەم هەموو پێشکەوتنانە هۆکاربوون بۆ تێکەڵکردنی کارتەکان و ناکۆکی ڕۆڵ وئەرك و دەسەڵاتەکان ، و ئاستەنگی گەورەی دانا لەبەردەم دروستکەری بڕیار لە بواری سیاسەتی دەرەوە .

دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە بەشێوەیەکی گشتی بابەتێکی ئاڵۆزە ، سەرەڕای ئەوەی باسمان کرد سەبارەت بە بەشداربوونی سیستمە لاوەکیەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیارەکانی دەرەوە ، هەروەها ئاڵۆزیەك هەیە پەیوەستە بە بەشداربوونی کاتەوە بەوپێیەی ڕابردوو و ئێستا پێکەوە بەشدار دەبن بۆ وێناکردنی ئاڕاستەی دوارۆژ ، ئەمەیە پێویست دەکات بڕیارساز ئاگاداری بێت و پشتی پێببەستێت لە کاتی دروستکردنی سیاسەی دەرەوە (48).

ئەم ئاڵۆزیە لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە هۆکارە بۆ ( نەمانی پەیوەندی هۆکاری) و دیاردە سادەکان ناسراوە بەبوونی پەیوەندیەکی هۆکاری ڕوون بۆ ڕوودانی ، بەلام دیاردە ئاڵۆزەکان وەك سیاسەتی دەرەوە بەو شێوەیەی ئیستای ئەوەی لەگەڵیدا دەگونجێت تیۆری کاریگەری پەپولەیە (Butterfly Effect)(49) ، بە پێی ئەم تیۆرە کە لە بنەڕەتدا زانای کەشناسی ئیدوارد لۆرێنز (Edward Norton Lorenz) باسی لێوەکردووە :

---

48- سەرچاوەی پێشوو ، ص 1 .

49- محمد عبدالله يونس ، اتجاهات "التعقيد" في صنع السياسة الخارجية ، مجلة اتجاهات الاحداث ( ملحق مفاهيم المستقبل) ، مركز المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة ، ابو ضبي ، العدد(15) ، يناير– فبراير 2016م ، ص3 .

مەحاڵە پێشبینی کەش و هەوا بکرێت بۆ ماوەیە کی دوور و درێژ ، ڕەنگە گۆڕانکاریەکی کەم لە ئاسماندا دۆخێکی پێشبینی نەکراوی کەش و هەوا بخولقێنێت ، " جولآنی باڵی پەپوولەیەك لە چین ڕەنگە هۆکار بێت بۆ کۆمەڵێك کارلێکی یەك بەدوای یەکدا بۆ جووڵەی با و لەدوای خۆیدا لافاو و گێژەڵوکە و ڕەشەبا لە ئەمریکا و ئەوروپا و ئەفریقا بهێنێت ، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا بوو کە پاڵپشتی بکات " .

بیرۆکەی کاریگەری پەپوولە بواری کەشناسی تێپەڕاند و بە فراوانی پەیڕەوکرا لە زۆرێك لە زانستە جیاوازەکاندا تا بووە بیرۆکەیەکی فەلسەفی گشتی ، بریتیە لە : ڕووداوێکی سەرەتایی هەرچەندە سادەو ساکار بێت ڕەنگە لەدۆخێکی یارمەتیدەردا زنجیرەیەك ڕووداوی یەك لەدوای یەکی کارلێکەر بخولقێنێت و ئەنجامی چاوەڕواننەکراوی لێبکەوێتەوە و ڕووداوی یەکەم تێبپەڕێنێت بە چەندین قۆناغ ، دواتر بە پێی ئەم بیرۆکەیە ڕووداوێکی بچوك لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕەنگە ببێتە هۆکاری ڕووداوی قوڵ وگەورە ئەگەر بارودۆخێکی گونجاوی بۆ هەڵکەوێت کە دەبێتە هۆی زیادبوونی دۆخی ناڕوونی و گوومان .

نەمانی سنورەکان و زیادبوونی تێکەڵبون بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی لەگەڵ باڵکێشانی دۆخی پێشبینی نەکردن (ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر بە نموونە) و باسکردنی تۆڕەکان وەك ئەڵتەرناتیڤی کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان بە هۆی توانایان لەسەر سازش کردن و فشار خستنە سەر حکومەتەکان لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی گرێدان (سیاسات الترابط) (Linkage Politics ) ، بێگومان هەموو ئەمانە ڕۆڵ دەگێڕن لە زیادکردنی فشار لەسەر دروستکەری بڕیار لەبواری هەردوو سیاسەتی (ناوخۆ و دەرەوە) پێکەوە .

زاناکانی بواری ستراتیژ میکانیزمی چارەسەرکردنی ئاڵۆزی وزەحمەتیەکانی سیاسەتی دەرەوەیان داناوە و گرنگترینیان : چاودێری و وریابوون ، ئاماژەیەکە بۆ گرنگی چاوەڕوانی کردنی دروستکەری بڕیار تا تەواو بوونی سەرجەم داتا دروستەکان و دەرکەوتن و کامڵبوونی هەموو ڕەهەندەکانی دۆخەکە، و تیشك بخاتە سەر گرتنەبەری ئامادەکاریەکان بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریە ئەرێنیەکان بەدوای گۆڕانکاریە چاوەڕواننەکراوەکاندا و قۆستنەوەی هەل لە ناو قولآیی قەیرانەکەوە وەك: یەکڕیزی کۆمەڵایەتی لەکاتی قەیرانەکاندا ، لەگەڵ فراوانکردنی سنوری ئەو گروپانەی بەشدارن لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە بەمەبەستی بەرێوەبردنی دۆخەکە ، لەگەڵ هاندانی ئەو جیاوازیەی کە ڕۆڵ دەگێڕێت لە دەرکەوتن و داهێنانی بیرۆکەی نوێ بۆ ڕووبە ڕووبونەوەی کێشەکە ، وهەندێ جار وادەخوازێت بەشداربوەکان بگۆردرێن یان ئاڵوگۆڕ لە ڕۆڵیان بکرێت بە پێی پێویستی دۆخەکە (50).

بەدڵنیاییەوە ئەوەی نووسەری ئەو ووتارەی کە ئاماژەمان پێدا باسی لێوەکردووە سەبارەت بە ئاڵۆزی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە فراوانەی لە ژینگەی هەرێمی ونێودەوڵەتیدا ڕووی داوە دروستکەری بڕیاری سیاسی لە بواری سیاسەتی دەرەوەی عەرەبی ناچار دەکات مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە بکات لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەو ئامرازانەی لەگەڵی دەگونجێت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیە بالآکان لە سایەی ئەو دۆخەی ئەستەمە کۆنترۆڵ بکرێت سەرەڕای گۆڕینی لە کاتی ئێستادا ، هەروەك گوتراوە "سەرکەوتن ئەوەیە کە وەك ئاو دزە بکەیت بەناو ڕێگایەکی بەردیندا" . “Success Is To Flow Like Water Through a Road of Rocks “

---

50- سەرچاوەی پێشوو ، ص 4-5 .

2- تێنەگەیشتن و باش درك نەكردن بە دۆخەكە (خراپ تێگەیشتن):

مەبەست لێی جیاوازی نێوان تێگەیشتن و ڕاستی دۆخەكە ، بە واتای جیاوازی نێوان درك كردن و تێگەیشتن و جیهان بینینی دروستكەری بڕیار(جیهان وەك ئەوەی بڕیارساز پەی پێدەبات) لە گەڵ ڕاستی و دۆخی بابەتەكە وەك خۆی كە بوونی هەیە (جیهان وەك خۆی كە هەیە) (51) ، یان بریتیە لەو پرۆسەیەی كە دروستكەری بڕیار دووردەكەوێتەوە لە شێوازی بەراوردكردنی ژیرانە بۆ لێكدانەوەی زانیاریەكان ، كۆمەڵێك شێواز هەن بۆ خراپ لێكدانەوە لە قەیرانەكاندا لەوانە: تێنەگەیشتن لە مێژوو ، هەندێك لە سەركردەكان پەنا بۆ مێژوو دەبەن بۆ ڕاڤە كردنی ڕوداوەكان ، ئەمەش نەرێنی كار دەكاتە سەر تێگەیشتنیان بۆ ڕاستی ڕووداوەكان ، لەبەر ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە ناكاتەوە .

هەروەها پێنەزانین وهەست نەكردن بە مەترسیەكان بەمانای بێ توانایی لە جیاكردنەوەی مەترسیەكان وەك خۆی كە لە ڕاستیدا هەیە لەگەڵ ئەوەی لە بیرو هۆشیدا وێنای كردووە ، هەندێ جار بەتایبەتی لەكاتی قەیرانەكاندا مەترسیەكان گەورە دەكرێن و دەبێتە هۆی پەیدابوونی ترس و دەیگەیەنێت بە ویستی دوورخستنەوەی مەترسیە (دروستكراوەكان) بەهەر نرخێك بێت ، كەدەبێتە هۆی گەرمكردنی ململانێ و هەڵگیرسانی توندوتیژی ، هەروەها دوژمنی خەیاڵی (دروستكراو) و خراپ درككردن و

---

51- Jonathan Renshon and Stanley A.Renshon .The Theory and Practice of Foreign Policy Decision Making ,Political Pcychology ,Vol .29,No.4,2008, pp520-521.

تێنەگەیشتن لە نیەتەکانی لایەنی نەیار و لایەنەکانی دیکە کە ئەگەری بەشداربوونیان هەیە لە ململانێکان (52)، و ئەو توێژینەوانەی لەسەر ململانێ نێودەوڵەتیەکان کراون ئاماژە بەوە دەدەن "سەرکردە سیاسیەکان لایەنگیری گەورەکردنی هەڕەشە دەرەکیەکان دەکەن" (53) .

دۆخی ناڕوون و گووماناوی و نەبوونی توانای پێشبینیکردن کە لەڕابردوودا باسمان لێوە کرد دەتوانرا چارەسەر بکرێت یان بەلای کەمەوە زیانەکانی کەمبکرێتەوە لە ڕێگای دابین کردنی زانیاری دروست وتەواو بۆ دروستکەری بڕیار لە بواری سیاسەتی دەرەوە ، لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە جەنەڕاڵی ئەمریکی ( بیل دونۆڤان) سەرۆکی دەزگای ناوەندی زانیاری " الجهاز المركزي للمعلومات" هەوڵیدا بۆ دروستکردنی نووسینگەی (پێشکەشکردنی زانیاریە ستراتیژیەکان) " مكتب خدمة المعلومات الاستراتيجية" ، و پێی وابوو " سیاسەتێکی دەرەوە نیە بەهێزتر بێت لەو زانیاریانەی کە پشتی پێ بەستراوە لە داڕشتنیدا " ، بۆیە پێویستە میکانیزمێك هەبێت بۆ دابینکردنی زانیاریە تەواو و دروستەکان و لەکاتی پێویست و گونجاودا بۆ دروستکەری بڕیاری دەرەکی کە هاوکاری دەبێت بۆ تێگەیشتنی تەواوی ژینگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی دەوروبەری دەوڵەتەکە ، و کەسایەتیەکانی و دامەزراوەکانی تا بتوانێ کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان پۆلێن بکات و دوژمن و رکابەر و دۆستەکان دیاری بکات و دواتر هەڵوێستی دروست وەربگرێت ،و بەتەنها زانیاریەکان پێویست نیە .

---

52- داليا رشدي ، تاثير سوء الادراك في الصراعات والازمات ، اطار تحليلي ، مجلة السياسة الدولية ، العدد 202، يناير 2016 ، مجلد 51، ملحق اتجاهات نضرية، ص5 .

53- جاك س ليفي ، " علم النفس السياسي والسياسة الخارجية " ، سەرچاوەی پێشوو ، ص 457 .

**بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە لەوەدایە کەتوانای بەدەستهێنانی ئەوەی پێی دەگوترێت (تێگەیشتنی ئەرێنی ) (الادراك الايجابي) لەبەر ئەوەی خراپ درککردن و تێنەگەیشتن هۆکاری سەرەکی زۆربەی شەڕ و ململانێکانە لە نێوان دەوڵەتان ، تەنانەت لە کاتی بەردەستبوونی زانیاریەکان درککردن و تێگەیشتنی دروستکەری بڕیار بۆ زانیاریەکان و لێکدانەوەی و مامەڵە کردن لەگەڵی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە جۆری ئەو بڕیارەی دەری دەکات ، ئەمەش دۆخێکی دەروونیە و لە لێکەوتەکانی ڕزگارمان نابێت ئەگەر پابەند نەبین بە دامەزراوەیی کردنی دروستکردنی بڕیاری دەرەوە، لەبەر ئەوەی تاچەند دامەزراوەی دروستکردنی بڕیار نادیار بێت ئەوەندە تێگەیشتن و لێکدانەوەی دروستکەری بڕیار پێوەی دیار دەبێت ، بە پێچەوانەشەوە بڕیاری دامەزراوەیی ڕەنگدانەوەی بۆچوونی دامەزراوەیەکە و زیاتر لە تێگەیشتنێك و لێکدانەوەیەك بەدی دەکرێت کە دەمانگەیەنێتە بڕیارێکی زیاتر بابەتیانە ، دواتر ئەوەی دروستکەری بڕیار لەبواری سیاسەتی دەرەوە دەپارێزێت لە کەوتنە ناو لێکدانەوە و خوێندنەوە و تێگەیشتنی هەڵە ، ئەویش بە پێدانی کارەکە بە دامەزراوە نەك کەسەکان** (54).

3- **بیرکردنەوەی ئارەزومەندانە** (Wishful Thinking):

**بریتیە لە گەورەترین ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دروستکەری بڕیار (بڕیارساز) دەبێتەوە و مەبەست لێی تێڕوانینی دروستکەری بڕیارە بۆ ڕاستیەکان لە ڕوانگەی ویست و ئارەزووەکانیەوە، بەجۆرێك درك وتێگەیشتنی بۆ بابەتەکان بەو شێوەیە نیە کە لە ڕاستیدا هەیە بەڵکو بە گوێرەی ئەو ئارەزووەی کە خۆی دەیکا ، ئەو لە زیندەخەوندا دەژی وهەل لەدەست دەدات و لەگەڵ ئاستەنگ و کێشەکان گوزەر دەکات بێ ئەوەی هەوڵی**

---

54- **رانیا مکرم ، تاثیر المعلومات علی صناعة القرار الخارجي ، سەرچاوەی پێشوو ، ص** 10- 13 .

ڕووبەڕووبونەوە و چارەسەرکردنیان بدات، بەدڵنیایەوە ئەم ڕێچکەیە ناگونجێت لەگەڵ بارودۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ململانێکانی هاوپەیمانیەتیەکانی و جووڵە خێراکانی بۆ ڕووبە ڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان و قۆستنەوەی هەل و بیرکردنەوە و تێفکرین لەگەڵ پلاندانانی ستراتیژی .

هەروها پێویستە تێگەیشتن و لێکدانەوەی گونجاوی هەبێت بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر دۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەوەی لەداهاتوودا ڕوودەدات ، لەبەر ئەوەی یەکێك لەکارەساتەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان ئەوەیە کە پێی دەڵێن (چەسپاندنی وێنەکە) واتا گریمانەی جێگیربوونی بارودۆخەکان و بێ ئاگایی لەبەرایییەکانی یان دەسپێکی گۆڕانکاریەکان .

تێگەیشتن و لێکدانەوەی گۆڕانکاریەکان و پێشبینیکردنی ئایندە پێویستیان بە گرنگیدانە بە توێژەنەوەکانی تایبەت بە دوارۆژ و گرنگیدان بە پێکهێنانی ناوەندەکانی لێکۆڵێنەوە و توێژینەوە ، لە پێناو گفتوگۆکردنی گۆڕانکاریە جیاوازەکان و بە ئامانجی پێشبینیکردنی ئەنجامی بابەتەکان و ئامادەباشی بۆ هەموو ئەگەرێك لە سەردەمێکدا کە بە ناڕوونی و تەم و مژاوی و گوماناوی ناسراوە .

# ليستی سەرچاوەكان


**يەكەم : سەرچاوە سەرەكيەكان :**

1- قورئانی پیرۆز

2- فەرموودەكانی پێغەمبەر (د.خ)

3- محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر الرازي، ( مختار الصحاح) ، بيروت ، مكتبة لبنان ناشرون ، 2011م.

**دووەم : كتێب بەزمانی عەرەبی:**

1- احمد نوري النعيمي ، عملية صنع القرار في السياسة الخارجية : الولايات المتحدة الامريكية انموذجا ،(عما ن ، دار زهران للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى ، 2013) .

2- اسماعيل صبري مقلد ، العلاقات السياسية الدولية : دراسة في الاصول والنضريات ، ( القاهرة ، المكتبة الاكاديمية ، 1991 ) .

3- ايمان عبدالعال عبدالغني، السياسة الخارجية اليابانية في شرق اسيا 1990- 2008م ،(القاهرة، المكتب العربي للمعارف ، د.ت).

4- بطرس غالي ومحمود خيري عيسى ، المدخل في علم السياسة ،( القاهرة ، مكتبة الانجلوالمصرية ، الطبعة العاشرة ، 1998م) .

5- بهاءالدين مكاوي ، المدخل الى علم السياسة ،( المنامة ، جامعة العلوم التطبيقية ، سلسلة كتب العلوم السياسية رقم (6) ، 2015م ) .

6- جمال علي زهران ، الاطار النضري لصنع القرار : رؤية استراتيجية لصنع القرار التنموي في مصر ، ( القاهرة ، جامعة قناة السويس ، د. ت) .

7- جيمس اندرسون ، صنع السياسات العامة ، ترجمة د. عامر الكبيسي ، (عمان ، دار المسيرة، 1999م) .

8- حسن سيد سليمان ، المدخل للعلوم السياسية ، (الخرطوم ، مطبعة جامعة افريقيا العالمية ، 2010م) .

9- دافيد أو . سيرز وليوني هادى وروبرت جيرفس (تحرير) ، المرجع في علم النفس السياسي ، ترجمة ربيع وهبة ومشير الجزيري ومحمد الرخاوي ،( القاهرة ، المركز القومي للترجمة، 2010) .

10- رجب عبدالحميد ، مبادىء العلوم السياسية ، ( القاهرة ، دار ابوالمجد للطباعة ، 2011).

11- شيماء محيالدين محمد محمد، العلاقة بين تداول السلطة والاستقرار السياسي للدول الافريقية منذ انتهاء الحرب الباردة : دراسة حالتي نيجيريا وموريتانيا ، (القاهرة 2014).

12- طارق شريف يونس ، انماط التفكير الاستراتيجي واثرها في اختيار مدخل اتخاذ القرار ، (اربد، دار الكتاب الثقافي ،2009م).

13- عادل ثابت ، النضرية السياسية الحديثة ، دراسة للنماذج والنضريات التي قدمت لفهم وتفسير عالم السياسة، (القاهرة ، مكتبة خوارزم،2002م) .

14- عبد الرحمن خليفة ، ايديولوجية الصراع السياسي ، ( القاهرة ،دار المعرفة الجامعية ، د.ت ) .

15- مازن اسماعيل رمضان ، السياسة الخارجية :دراسة نضرية ، (بغداد ، مطبعة دار الحكمة ، 1991) .

16- مجموعة من اساتذة الاقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة ، مبادىء العلوم السياسية ، (القاهرة، دار النهضة العربية ، 1990) .

17- محمد السيد سليم ، تحليل السياسة الخارجية ، ( القاهرة ، مكتبة النهضة المصرية ، 1998 ) .

18- محمد سعد ابو عامود والسيد محمد السيد عمر، المدخل في علم السياسة ،(المنامة، جامعة العلوم التطبيقية ، سلسلة كتب العلوم السياسية رقم(1) ، 2011) .

19- محمد طه بدوي ، مدخل الى علم العلاقات الدولية ، ( بيروت ، دار النهضة الحديثة، 1972) .

20- محمد عبدالعضيم الشيمي ،الوضيفة السياسية لصانع القرار في السياسة الخارجية المصرية ، (القاهرة ، المكتب العربي للمعارف ، بدون تاريخ) .

21- محمد علي العويني ، اصول العلوم السياسية (القاهرة ، عالم الكتب ، 1981) .

22- محمد محمود ربيع واسماعيل صبري مقلد ، موسوعة العلوم السياسية (الكويت ، جامعة الكويت ، 1994) .

**سێیەم : کتێب بە زمانی ئینگلیزی :**

1-Charles E. Lindblom,The Policy Making Process, PRENTICE, INC., Englewood Ciffs ,New Jersey, 1968.

2- Francis Fukuyama ,State building :governance and world in the twenty-first century (London profile books ltd) ,2004. (James Robinson and Richard Snyder.decision makin in international politics. In:Herbert kelman(ed.).international behavior. (Holt) . Rinehart and Winston.(new York.1966).

3- Joseph D .cooper,the art of decisions-making Morrison and gibb ltd,London and Edinburgh,1964.

4- Karl deutsch,the nerves of government :modelsof political communication and control,(new york :the free press of glencoe ,1963.

5- Sven ove Hansson , decision yheory :A brief introduction ,(Stockholm,royal institute of tecknology (kth),2005.

**چوارەم : نامەی ماستەر و دکتۆرا :**

1- جلال معوض ، علاقة القيادة بالضاهرة الانمائية : دراسة في المنطقة العربية ، رسالة دكتوراه في العلوم السياسية ، جامعة القاهرة ، 1985 .

2- خالدة عبدالرحمن وقيع الله بلاص، اتخاذ القرار في السياسة الخارجية السودانية : المحددات والاليات (1986- 1999) ، بحث مقدم لنيل درجة الماجستير في العلوم السياسية ، جامعة الخرطوم ،2004 .

**پێنجەم : تویژینەوە زانستیە بلاٌوكراوەكان :**

1- احمد عارف الكفارنة ، العوامل المؤثرة في عملية اتخاذ القرار في السياسة الخارجية، دراسات دولية ، العدد الثانى والاربعون ،د.ت .

2- احمد ناصوري ، دراسة تحليلية لعملية صنع القرار، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية ، جامعة دمشق، العدد (1) ، المجلد (21) ، 2005م .

3- جلال معوض ، "ضاهرة عدم الاستقرار السياسي وابعادها الاجتماعية والاقتصادية في الدول النامية " ، مجلة العلوم الاجتماعية (جامعة الكويت )، مارس 1983 .

4- داليا رشدي ، تاثير سوء الادراك في الصراعات والازمات ، اطار تحليلي ، مجلة السياسة الدولية ، العدد 202، يناير 2016 ، مجلد 51، ملحق اتجاهات نضرية .

5- رانيا مكرم ، تاثير المعلومات على صناعة القرار الخارجي ، مجلة اتجاهات الاحداث ، مركز المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة ، ابو ضبي ، العدد(15) ، يناير-فباير ، 2016م ، ملحق مفاهيم المستقبل .

6- علي السلمي ، مهنية الادارة ، عالم الفكر ، العدد (2) ، السنة(20) ، يوليو 1989 .

7- فتيبة مخلف عباس السامرائي، اليات الانضمة السياسية في صناعة القرار السياسى ، مجلة سامورای ، المجلد(4) ،العدد(10)، السنة الرابعة ، ايار 2008.

8- محمد سعد ابو عامود ، صنع القرار السياسي في الحقبة الساداتية ، مجلة المستقبل العربي ، مركز دراسات الوحدة العربية ، بيروت ، العدد 112 ، السنة السادسة ، 1988 .

9- محمد صالح ، دور جماعات الضغط في صناعة القرار السياسي في الولايات المتحدة الامريكية ، الحوار المتمدن – العدد: 3755-2012 م .

10- محمد عبدالله يونس ، اتجاهات "التعقيد" في صنع السياسة الخارجية ، مجلة اتجاهات الاحداث ، مركز المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة ، ابو ضبي ، العدد(15) ، يناير– فبراير 2016م ، ( ملحق مفاهيم المستقبل) .

11- نيفين مسعد ، كيف يصنع القرار في الانضمة العربية ، مجلة المستقبل العربي ، العدد 379 ، بيروت ، مركز دراسات الوحدة العربية ، سبتمبر 2010 .

12- ياسين محمد حمد العيثاوي وانس كرم محمد صبحي ، صنع القرار السياسي الامريكي ، مجلة مداد الاداب ، العدد السابع .

13- مها عبداللطيف الحديثي و محمد عدنان الخفاجي ، النضام السياسي والسياسة العامة ، دراسة في دور المؤسسات الرسمية وغير الرسمية في صنع السياسة العامة في الدول المتقدمة والنامية ،مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية ، سلسلة الدراسات رقم (7) ، بغداد، 2006م .

شەشەم : توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی :

1- Janous Fullop,introduction to decision making methods,laboratory of operations research and decision systems ,computer and automation institute,Hungarian academy of sciences,2014.

2- Jonathan Renshon and Stanley A.Renshon .The Theory and Practice of Foreign Policy Decision Making ,Political Pcychology ,Vol .29.No.4,2008.

تێبینی : نوسەر ئەم دوو سەرچاوەیەی بەکار هێناوە بەڵاّم لە لیستی سەرچاوەکاندا باسیان لێوە نەکراوە

1- خالد عليوي العرداوي ، تفعيل دور مراكز الابحاث في صنع القرار السياسى العراقي ، في:

fcdrs.com/includes/download.php?type=article&aid=159

2- محمد محفوض ، في معنى الاستقرار السياسي ، صحيفة الرياض ، العدد 13819 ، 25 أبريل 2006 .